له بڵاو كراوەكانی ماڵپەڕی بەهەشت

# تەفسیری قورئانی پیرۆز

## (زُبْدَةُ التَّفْسِيرْ)

## ( جوزئی عەممە )


نوسینی:

زانای پایەبەرز

د.محمد سليمان عبدالله الاشقر

وەرگێڕانی:

م. صلاح الدين عبدالكريم


---


ماڵپەری بەهەشت

ba8.org

ماڵپەڕێكی ئیسلامی زانستی پەروەردەیی یە و لە پێناو بڵاوكردنەوەی ئەو ئیسلامەیە كە سەلەفی صالح - پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) و هاوەڵانی (رضي الله عنهم) لەسەری بوون - وە سەر بە هیچ گروپ و لایەنێكی حیزبی نیە.

## ماڵپەری بەهەشت

**ئەو کتێب و بابەت و لێکۆڵینەوە شەرعیانە بڵاو دەکاتەوە کە دەبنە هۆی:**

١. شارەزاکردنی موسوڵمانان و پەروەردەکردنیان لەسەر ڕێگا ڕاستەکەی ئیسلام، ئەمەش دەستەبەر دەبێ بە گەڕانەوە بۆ پەیڕەوە ڕەسەنەکەی ئیسلام،کە بریتی یە لە قورئان و سوننەت،بە تێگەشتنی پێشین وپێشەوایانی ئوممەت.

٢. پاک کردنەوەی بیروباوەڕ و ڕەوشتی موسوڵمانان، لە دیاردەکانی شیرک و کوفر و تاوان.

٣. پاڵاوتن و تەصفیەکردنی ئاینی ئیسلام لە بیدعە و بۆچونە داهێنراوەکان.

٤. وریا کردنەوەی موسوڵمانان لە شوێنەواری خراپی ڕیوایەتە لاواز و هەڵبەستراوەکان.

٥. پتەو کردنی برایەتی یەکی ڕاستەقینە لەسەر بناغە فراوانە جێگیرەکەی ئیسلام و نەهێشتن و کەمکردنەوەی دەمارگیری مەزهەبی و حیزبی.

**ئامانجمان:**

ئاشناکردنی کۆمەڵگایە لە ئیسلامی ڕەسەن و دروستکردنی تاك و کۆیەتی بۆ تێگەشتن لە سەرچاوەکانی کە بریتین لە قورئانی پیرۆز و سوننەتی صەحیح و ئاشکراکردنی ئەو شتانەی کە نامۆن بە ئیسلام و خراونەتە نێویەوە بە چەندین دەستەواژەی دەنگ و ڕەنگ و نوسراوی لە بوارەکانی بیروباوەڕ و ڕەوشت و ئاکار و پەروەردە و زانست و پزیشکی و گەشەی کۆمەڵایەتی.

**خودایە داوات لێ دەکەین دامەزراومان بکەیت ، وتەوفیقمان بدەیت بۆ هەر کار وگوفتارێکی جوان وچاک بەو شێوەیەی کەخۆت لێی ڕازیت.**

**ستافی ماڵپەڕی بەهەشت**

بسم الله الرحمن الرحيم

**پێشەکی وەرگێڕ:**

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين ومن تبعهم بإحسان الى يوم الدين وبعد...

**حەمدو سەناو ستایش بۆ خوای گەورە کە یارمەتی دام خزمەتی قورئانە پیرۆزەکەی بکەم ئەویش بە وەرگێڕانی چەند جوزئێك لە تەفسیری**(زبدة التفسير) **ی زانای پایەبەرز** (د.محمد سليمان عبدالله الاشقر) **کە تەفسیرێکی کورت و پوخت و پاك و پڕ مانایە کە لە**(فتح القدير) **ی ئیمامی**( الشوكاني) **وەری گرتووەو کورتی کردۆتەوە، کە لە ڕاستیدا ئێمە لەگەڵ چەند برایەکی بەڕێزدا بە دەرس دەمانخوێند، پاشان ئەو برایانە وایان بە باش زانی کە بنوسرێتەوەو بڵاو بکرێتەوە تا سودەکەی زیاتر بێت، هەرچەندە تۆماریشیان کردووەو بە تۆمارکراوی دەنگیش دەس دەکەوێت بۆیە ئەرکی نوسینەوەیان گرتە ئەستۆی خۆیان و پێی هەستان بە تایبەت برای بەڕێزم (کاك هیشام عەبدوللەتیف) کە زۆر پێوەی ماندوو بوو خوای گەورە پاداشتی خێری هەموویان بداتەوە، منیش لەپاش پێداچونەوەو پاڵفتە کردنی هەستام بە چاپ گەیاندنی بە ئومێدی ئەوەی تەنها لەبەر ڕەزامەندی خوای گەورە بێت، وە خزمەت کردنێك بێت بە قورئانە پیرۆزەکەی، وە بیکات بە توێشوی قیامەتی هەموو ئەو برایانەی کە پێوەی ماندوو بوون، وە یارمەتیمان بدات بۆ وەرگێڕانی جوزئەکانی تریش لە داهاتوویەکی نزیکدا** إن شاء الله.

**تێبینی: وەکو خۆی تەفسیرەکەم وەرگێڕاوە، وە ئەگەر شتێکم بۆ زیاد کردبێت ئەوە بە خەتێکی تۆخی جیاواز نوسیومانە تا جیا بکرێتەوە لەگەڵ وەرگێڕانەکەدا.**

وصلى الله وسلم على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين.

**وەرگێڕ**

**چەمچەماڵ**

**یەك شەممە** ٢٦–جمادي الأولى ١٤٣٤ك

**بەرامبەر**٧–٤–٢٠١٣ز

## سُورَةُ الفَاتِحَةِ




ئـەم سـورەتە نـاونراوە بـە (فاتحة الكتـاب) دەسـپێكی قورئـان، چـونكە قورئـان بـەم سـورەتە دەسـتی پـێ كـردووە، وە یەكـەم سورەتە نوسەر كە دەینوسێت لە قورئاندا، وە یەكەم سورەتە كە خوێنەر دەیخوێنێتەوە لە قورئانی پیرۆزدا، بەڵام یەكەم سورەت نیە كە دابەزیبێت لە قورئانی پیرۆزدا، ووتراوە: سورەتێكی مەككیە، وە ووتراوە: سورەتێكی مەدەنیە، نـاونراوە بـە (فاتحة الكتـاب) و (أم الكتاب) و (السبع المثانی) و (سورة الحمد) و (سورة الصلاة) و (الواقیة) وە لـە فـەزڵ و گەورەییدا چـەندەها فـەرمووده هـاتووە، لەوانە: پێغەمبەر فەرموویەتی: ( الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ هِيَ السَّبْعُ الْمَثَانِي وَالْقُرْآنُ الْعَظِيمُ الَّذِي أُوتِيتُهُ)(١).

واتە: (الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ حەوت ئایەتەو دووبارە دەبێتەوە وە ئەو قورئانە گەورەیەیە كە وەرم گرتووە لە خوای گەورەوە).

(١)﴿بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ﴾ئایـەت نیـە لەسـەرەتای هـەموو سـورەتەكانی قورئانـدا، بـەڵكو ئایەتێكی جیا كەرەوەیە لە نێوان هەموو دوو سورەتێك، وە سوننەتە بخوێنرێت تەنها لە سورەتی (تەوبە) نەبێت كە كەراهەتی هەیە. ﴿ٱللَّهُ﴾ ناوی تایبەتی خوای گەورەیەو بەجگە لـە خـوای گـەورە نـەوتراوە، وە بنچـینەكەی لـە(الإلـە) ەوە هـاتووە، وە پێشتر بـە هـەموو

---

(١) صحيح البخاري: (٤٤٧٤).

پەرستراوێك دەوترا حەق بوایە یان بەتاڵ، پاشان تایبەت بەکارهێنرا بۆ پەرستراوی حەق.

(ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ )دوو ناون داتاشراون لە ڕەحمەتەوە. ( ٱلرَّحۡمَٰنِ )ڕەحمەتی زیاتری تێدایە لە (ٱلرَّحِيمِ ) وە (الرحمن) بۆ جگە لە خوای گەورە بەکار نەهێنراوە.

(٢)﴿ ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ﴾الحمد: بریتیە لە وەسف و سەنا بە زمان لەسەر کارێکی جوان بەسەر پشکی، و(الحمد) تەنها بە زمان دەبێت بەڵام (الشكر) بە زمان و دڵ و ئەندامەکانی لەش دەبێت، (الشكر) بەرامبەر بەخششێك دەبێت بەڵام (الحمد) لەبەر تەواوێتی حەمد کراوەکە ﴿ ٱللَّهُ ﴾ دەبێت ئەگەر بێ بەرامبەری بەخششێك دەبێت، بەڵام (الحمد) لەبەر تەواوێتی حەمد کراوەکە ﴿ ٱللَّهُ ﴾ دەبێت ئەگەر بێ بەرامبەری بەخششیش بێت، وە خوای گەورە (الحمد) و (الشكر) ی بۆ هەیە وە شایەنێتی, ﴿رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ﴾ الرب: ناوێکە لە ناوە جوانەکانی خوای گەورە، وە بە جگە لە خوای گەورە ناوترێت مەگەر بە دانە پاڵ وەکو دەڵێیت: (هذا الرجل رب المنزل) واتە: ئەم پیاوە خاوەنی ماڵەکەیە، وە (الرب المالك) پەروەردگاری خاوەندار، و(الرب المدبر) پەروەردگاری چاکسازی هەڵسوڕێنەر، و(الرب المعبود) پەروەردگاری پەرستراو.

والعالمين کۆی عالەمە کە هەموو بونەوەرێکە جگە لە خوای گەورە، و(العالم)بریتیە لەوەی کە عەقڵی هەیە کە چوار ئوممەتن: ئینسان و جنی و مەلائیکەت و شەیتانەکان.

(٣)﴿ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ ﴾ وە کە خوای گەورە وەسف کرا بەوەی پەروەردگاری هەموو جیهانە ترساندنێکی تێدایە بۆیە﴿ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ ﴾ی پێوە لکاند کە هاندانی تێدایە تا لە سیفاتەکانیدا ترسان لێی و هاندان بۆ لای کۆ بکاتەوە تا یارمەتیدەرتر بێت لەسەر گوێڕایەڵی کردنی.

﴿٤﴾﴿ مَٰلِكِ يَوۡمِ ٱلدِّينِ ﴾ خـوای گـەورە بـە کـردارو بـە زاتـی بـەرزو پـیرۆزە, وە خـاوەنی ڕۆژی قیامەتـە, ﴿يَوۡمِ ٱلدِّينِ ﴾ ڕۆژی لێپرسـینەوەو پاداشـتو سـزایە لـە لایـەن خـوای گـەورەوە بـۆ بەنـدەکانی, لـە قـەتادەوە دەفـەرموویێت: ﴿يَوۡمِ ٱلدِّينِ ﴾ ڕۆژی لێپرسـینەوەی بەندەکانـە بـە کردەوەکانیان واتە: پاداشت یان سزایان دەداتەوە.

﴿٥﴾﴿ إِيَّاكَ نَعۡبُدُ وَإِيَّاكَ نَسۡتَعِينُ ﴾ ئـەی پـەروەردگار تـەنها تـۆ تایبـەت دەکـەین بـە پەرسـتن و تایبەتت دەکەین بە داوای یارمەتی لێ کردن، جگە لە تۆ ناپەرستین و داوای یارمەتی لە جگە لەتۆ ناکەین.

وە (العبادة) ئەوپـەڕی مەبەسـتەکانی ملکەچـی و خـۆ زەلیـل کردنـە، وە لـە شـەرعدا بریتیـە: لـەوەی کـە تـەواوێتی خۆشەویسـتی و ملکەچـی و ترسـان کـۆ بکاتـەوەوە, (العبادة)پـێش (الاستعانة)کـراوە چـونکە یەکـەم هۆکارێکـە بـۆ دووەم. لـە ابـن عەبباسـەوە (خوایـان لـێ ڕازی بێـت) دەربـارەی ﴿وَإِيَّاكَ نَسۡتَعِينُ ﴾ دەفـەرموویێت: واتـە: بـەتاك و تـەنها تـۆ دەپەرسـتین و یەکخوا پەرست دەبین, وە جگە لە تۆ لە کەسی تر ناترسین ئەی پەروەردگارمان، وە بەتاك و تەنها داوای یارمەتی لە تۆ دەکەین لەسەر گوێڕایەڵی کردنت و لەسەر هەمو کارەکانمان.

﴿٦﴾﴿ ٱهۡدِنَا ٱلصِّرَٰطَ ٱلۡمُسۡتَقِيمَ ﴾ واتە: ئەی پەروەردگار هیدایەتمان بدە بۆ ڕێگای ڕاستی خۆت کە ئیسلامە، وەدامەزراو وبەردەوامان بکە لەسەری، وە هیدایەت دوو جۆرە:

یەکـەم: هیدایـەتی تـەوفیق: کـە تایبەتـە بـە خـوای گـەورەوە، وەکـو دەفـەرموویێت: ﴿ إِنَّكَ لَا تَهۡدِي مَنۡ أَحۡبَبۡتَ وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ يَهۡدِي مَن يَشَآءُۚ وَهُوَ أَعۡلَمُ بِٱلۡمُهۡتَدِينَ ﴾.

واتە: ئەی محمد ﷺ تۆ ناتوانی هیدایەتی کەسێك بدەیت کە خۆشت دەوێت، بەڵام خوای گەورە خۆی هیدایەتی کەسێك دەدات کەویستی لێ بێت.

دووەم: هیدایەتی ڕێنمایی و ڕێ نیشاندان: کە بۆ پێغەمبەران و شوێنکەوتوانیانە لە زانایان و بانگخوازان وەکو خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَإِنَّكَ لَتَهۡدِيٓ إِلَىٰ صِرَٰطٖ مُّسۡتَقِيمٖ﴾.

واتە: بەدڵنییای ئەی محمد ﷺ تۆ ڕێنمونی خەڵکی دەکەیت بۆ ڕێگای ڕاست. وە ئایەتەکە دەلالەت دەکات لەسەر هەردوو جۆرەکە، چونکە خوای گەورەیە کە خەڵکی مۆفەق دەکات بۆ چاکە، وە هەر خۆیەتی کە پێغەمبەرانی ناردووە تا ڕێمان نیشان بدەن و ڕێنمایمان بکەن.

﴿ٱلصِّرَٰطَ ٱلۡمُسۡتَقِيمَ﴾ لە زمانەوانیدا: ئەو ڕێگایەیە کەوا هیچ گێڕییەکی تێدا نیە کە مەبەست پێی ڕێگای ئیسلامە.

(٧) ﴿صِرَٰطَ ٱلَّذِينَ أَنۡعَمۡتَ عَلَيۡهِمۡ﴾ واتە: ڕێگای ئەوانەی کە نیعمەتی خۆت ڕژاندووە بەسەریاندا، کە ئەوانەن کە لەم ئایەتەدا باس کراون: ﴿وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَٱلرَّسُولَ فَأُوْلَٰٓئِكَ مَعَ ٱلَّذِينَ أَنۡعَمَ ٱللَّهُ عَلَيۡهِم مِّنَ ٱلنَّبِيِّـۧنَ وَٱلصِّدِّيقِينَ وَٱلشُّهَدَآءِ وَٱلصَّٰلِحِينَۚ وَحَسُنَ أُوْلَٰٓئِكَ رَفِيقٗا﴾.

واتە: هەر کەسێك گوێڕایەڵی خواو پێغەمبەر ﷺ بکات ئەوا لەگەڵ ئەو کەسانەدا دەبێت کە خوای گەورە بەخششی خۆی ڕژاندووە بەسەریاندا لە پێغەمبەران و ڕاستگۆیان و شەهیدەکان و پیاوچاکان کە ئەمانە باشترین هاوڕێن, ﴿غَيۡرِ ٱلۡمَغۡضُوبِ عَلَيۡهِمۡ﴾بریتین لە جولەکە، چونکە ئەوان حەقیان زانی و وازیان لێ هێناو لایاندا لێی بەزانستەوە بۆیە

شایەنی توڕەبوونو غەزەبی خوای گەورە بوون. پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموویێت: (مَا حَسَدَتْكُمُ الْيَهُودُ عَلَى شَيْءٍ, مَا حَسَدَتْكُمْ عَلَى السَّلامِ وَالتَّأْمِينِ)(١).

واتە:جولەکە حەسودی و ئیرەییان پێتان نەبردووە بۆ هیچ شتێك وەکو ئەوەی کە حەسودیان پێتان بردووە لەسەلام و ئامین کردن.

﴿وَلَا ٱلضَّآلِّينَ﴾ بریتین لە گاورەکان، چونکە گاورەکان لە حەق لایاندا بە هۆی نەزانیەوە، وە لەسەر گومڕاییەکی ئاشکرا بوون دەربارەی پێغەمبەر عیسا ﷺ.

وە مانای آمین واتە: خوایە وەڵاممان بدەرەوە.

---

(٢) صحيح: صحيح الجامع: (٥٦١٣), صحيح الترغيب والترهيب: (٥١٥).

## سُورَةُ ( النَّبَإِ )


سُورَةُ النَّبَإِ

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ

عَمَّ يَتَسَاءَلُونَ ﴿١﴾ عَنِ النَّبَإِ الْعَظِيمِ ﴿٢﴾ الَّذِي هُمْ فِيهِ مُخْتَلِفُونَ ﴿٣﴾ كَلَّا سَيَعْلَمُونَ ﴿٤﴾ ثُمَّ كَلَّا سَيَعْلَمُونَ ﴿٥﴾ أَلَمْ نَجْعَلِ الْأَرْضَ مِهَادًا ﴿٦﴾ وَالْجِبَالَ أَوْتَادًا ﴿٧﴾ وَخَلَقْنَاكُمْ أَزْوَاجًا ﴿٨﴾ وَجَعَلْنَا نَوْمَكُمْ سُبَاتًا ﴿٩﴾ وَجَعَلْنَا اللَّيْلَ لِبَاسًا ﴿١٠﴾ وَجَعَلْنَا النَّهَارَ مَعَاشًا ﴿١١﴾ وَبَنَيْنَا فَوْقَكُمْ سَبْعًا شِدَادًا ﴿١٢﴾ وَجَعَلْنَا سِرَاجًا وَهَّاجًا ﴿١٣﴾ وَأَنْزَلْنَا مِنَ الْمُعْصِرَاتِ مَاءً ثَجَّاجًا ﴿١٤﴾ لِنُخْرِجَ بِهِ حَبًّا وَنَبَاتًا ﴿١٥﴾ وَجَنَّاتٍ أَلْفَافًا ﴿١٦﴾ إِنَّ يَوْمَ الْفَصْلِ كَانَ مِيقَاتًا ﴿١٧﴾ يَوْمَ يُنْفَخُ فِي الصُّورِ فَتَأْتُونَ أَفْوَاجًا ﴿١٨﴾ وَفُتِحَتِ السَّمَاءُ فَكَانَتْ أَبْوَابًا ﴿١٩﴾ وَسُيِّرَتِ الْجِبَالُ فَكَانَتْ سَرَابًا ﴿٢٠﴾ إِنَّ جَهَنَّمَ كَانَتْ مِرْصَادًا ﴿٢١﴾ لِلطَّاغِينَ مَآبًا ﴿٢٢﴾ لَابِثِينَ فِيهَا أَحْقَابًا ﴿٢٣﴾ لَا يَذُوقُونَ فِيهَا بَرْدًا وَلَا شَرَابًا ﴿٢٤﴾ إِلَّا حَمِيمًا وَغَسَّاقًا ﴿٢٥﴾ جَزَاءً وِفَاقًا ﴿٢٦﴾ إِنَّهُمْ كَانُوا لَا يَرْجُونَ حِسَابًا ﴿٢٧﴾ وَكَذَّبُوا بِآيَاتِنَا كِذَّابًا ﴿٢٨﴾ وَكُلَّ شَيْءٍ أَحْصَيْنَاهُ كِتَابًا ﴿٢٩﴾ فَذُوقُوا فَلَنْ نَزِيدَكُمْ إِلَّا عَذَابًا ﴿٣٠﴾

﴿١﴾ ﴿عَمَّ يَتَسَاءَلُونَ﴾ کاتێك کە خوای گەورە سروشی بۆ پێغەمبەر ﷺ ناردو هەواڵی بە یەکخواپەرستی و زیندووبوونەوەی پاش مردن پێدان، وە قورئانی بەسەردا خوێندن، ئەوانیش لەناو خۆیاندا پرسیاریان دەکردو دەیان ووت: موحەممەد چی بەسەر هاتووە؟ وە چی هێناوە؟ خوای گەورە ئەم ئایەتەی ناردە خوارەوە.

﴿عَمَّ يَتَسَاءَلُونَ﴾ واتە ئەوە ئەو بێباوەڕانە دەربارەی چی پرسیار دەکەن. ﴿٢﴾

﴿عَنِ النَّبَإِ الْعَظِيمِ﴾ دەربارەی هەواڵە گەورەکە پرسیار دەکەن، کە قورئانی گەورەیە، چونکە هەواڵی یەکخواپەرستی و بەڕاستدانانی پێغەمبەرو ﷺ ڕوودانی زیندووبوونەوەی تێدایە.

﴿٣﴾ ﴿الَّذِي هُمْ فِيهِ مُخْتَلِفُونَ﴾ جیاوازیان هەبوو سەبارەت بە قورئان، هەندێکیان دەیانووت: جادووە، وە هەندێکیان دەیانووت: هۆنراوەیە،وە هەندێکیان دەیانووت: فاڵچێتییە، وە هەندێکیان دەیانووت: ڕووداو وبەسەرهاتی پێشینەکانە.

﴿٤﴾ ﴿كَلَّا سَيَعْلَمُونَ﴾ سەرزەنشت کردنیانە لەو بۆچوونانە، واتە: لە داهاتوویەکی نزیکدا سەرەنجامی بەدرۆ زانینەکەیان دەزانن، پاشان سەرزەنشت کردنەکەیان بۆ دووبارە دەکاتەوەو دەفەرمێت:

﴿٥﴾ ﴿ثُمَّ كَلَّا سَيَعْلَمُونَ﴾ بـۆ زیـاد جـەخت كـردن و سـەخت كردنـە. ﴿٦﴾ ﴿أَلَمْ نَجْعَلِ ٱلْأَرْضَ مِهَـٰدًا﴾ ئایا زەویمان بۆیان رانەخستووە؟ المهاد: راخەرە، وەكو بێشكەی منداڵ، كـە بـۆی رادەخرێت تـا لەسەری بخەوێت.

﴿٧﴾ ﴿وَٱلْجِبَالَ أَوْتَادًا﴾ وە شاخـەكانیشـمان وەكـو مـێخ بەزەویـدا داكوتـاوە تـا ئـارام بێـت و نەجوڵێت و نەهەژێت. ﴿٨﴾ ﴿وَخَلَقْنَـٰكُمْ أَزْوَٰجًا﴾ وە ئێوەمان دروست كردووە لە نێرو مێ. ﴿٩﴾ ﴿وَجَعَلْنَا نَوْمَكُمْ سُبَاتًا﴾ خەوتنیشتان بێ جووڵەیە، السبات: ئەوەیـە كـە لـە جووڵـە بكـەوێت تـا لاشەی پشوو بدات.

﴿١٠﴾ ﴿وَجَعَلْنَا ٱلَّيْلَ لِبَاسًا﴾ وە بـە تـاریكی شـەو داتـان دەپۆشـین وەكـو چـۆن بـە پۆشـاك دادەپۆشرێن.

﴿١١﴾ ﴿وَجَعَلْنَا ٱلنَّهَارَ مَعَاشًا﴾ رۆژیشـمان بۆتـان روونـاك كـردووە، تـا هـەوڵ و كۆشـش بكـەن بـۆ بژێوی ژیانتان و ئەوەی كە خوای گەورە بۆتانی دابەش كردووە بەدەستی بێنن.

﴿١٢﴾ ﴿وَبَنَيْنَا فَوْقَكُمْ سَبْعًا شِدَادًا﴾ لەسەرویشـــتانەوە حـــەوت ئاسمـــانی بـــەهێزو رێـــك و دامەزراومان بۆتان دروست كردووە. ﴿١٣﴾ ﴿وَجَعَلْنَا سِرَاجًا وَهَّاجًا﴾ وە خۆرمان داناوە، والوهج: ئەوەیـە كـە روونـاكی و گـەرمی كۆبكاتـەوە. ﴿١٤﴾ ﴿وَأَنزَلْنَا مِنَ ٱلْمُعْصِرَٰتِ مَآءً ثَجَّاجًا﴾ لـە هـەورە پـڕ ئاوەكـان بـارانی بـە خـوڕمـان بۆتـان دابەزانـدووە، والثجـاج: بـە خـوڕو لێزمـە و زۆر بباریێت. ﴿١٥﴾ ﴿لِّنُخْرِجَ بِهِۦ حَبًّا وَنَبَاتًا﴾ بـۆ ئـەوەی بـەهۆی ئـەو بارانـەوە دانەوێڵـە وەك گـەنم و جـۆ وهاوشێوەیان، وە رووەك وەك گژو گیا و لـەوەڕی ئـاژەڵ لـە زەوی دەربكـەین. ﴿١٦﴾ ﴿وَجَنَّـٰتٍ أَلْفَافًا﴾ وە باخ و باخاتی چڕو پڕو تێكەڵكێش لەبەر زۆری لق و چڵەكانی.

(١٧)﴿ إِنَّ يَوْمَ ٱلْفَصْلِ كَانَ مِيقَـٰتًا ﴾ بەراسـتـی رۆژی لێـك جیابوونـەوە كـە قیامەتـە كـاتـی دیـاری كراوی سەرەتاكان و كۆتاییەكانە كە دەگەن بە پاداشت و سزای بەڵێن پێدراو، وە ناونراوە بـەيَوْمَ ٱلْفَصْلِ چـونكە لـەو رۆژەدا خـوای گـەورە دروسـتكراوەكانی لەیـەكتر جیـا دەكاتـەوە، كۆمەڵێك بۆ بەهەشت و كۆمـەڵێك بـۆ دۆزەخ.(١٨)﴿ يَوْمَ يُنفَخُ فِى ٱلصُّورِ ﴾ لـەو رۆژەدا ئیسرافیل فـوو دەكـات بـە كـەرەنادا﴿ فَتَأْتُونَ ﴾ئێـوەیش دێـن بـۆ شـوێنی حەشـر﴿ أَفْوَاجًا ﴾كۆمـەڵ كۆمـــەڵ.(١٩)﴿ وَفُتِحَتِ ٱلسَّمَآءُ ﴾ وە ئاسمانـــــەكان دەكرێنـــــەوە بـــــۆ دابـــــەزینی فریشـتـەكان﴿ فَكَانَتْ أَبْوَٰبًا ﴾ دەبنـە چـەندەها دەرگـای زۆر.(٢٠)﴿ وَسُيِّرَتِ ٱلْجِبَالُ فَكَانَتْ سَرَابًا ﴾وە شاخەكان لە شوێنی خۆیـان هەڵدەكەنرێن و بە هـەوادا دەڕۆن و دەبـن بە تـەپ و تـۆزی بـڵاو، تەماشاكار وادەزانێت سەرابە.(٢١)﴿ إِنَّ جَهَنَّمَ كَانَتْ مِرْصَادًا ﴾بە راستی دۆزەخ لـە كەمیندایـە، دەرگاوانـەكانی دۆزەخ لـە بۆسـەدان بـۆ كـافران تـا سـزایان بـدەن تێیـدا.(٢٢)﴿ لِّلطَّـٰغِينَ مَـَٔابًا ﴾ واتە: شوێنی گەڕانەوەی كافرانەو بۆی دەگەڕێنەوە.(٢٣)﴿ لَّـٰبِثِينَ فِيهَآ أَحْقَابًا ﴾ واتـە: لـە ئاگردا دەمێننەوە تا كات و سەردەم هەبێت، والحقبة: دەمێكی زۆر لە كات و سەردەم، كە دەمێك لە كات بڕوات دەمێكی تر دێت، پاشـان دەمێكی تـر، پاشان بە هـەمان شێوە بۆ هەمیشـەیی.

(٢٤)﴿ لَّا يَذُوقُونَ فِيهَا بَرْدًا وَلَا شَرَابًا ﴾ ناچێژن تیایدا نە فێنكی نەخواردنەوە.

(٢٥)﴿ إِلَّا حَمِيمًا ﴾تـەنها ئـاوی گـەرم و﴿ وَغَسَّاقًا ﴾ بـرین و كێمـا و وزوخـاوی دۆزەخییـەكان نەبێت.

(٢٦)﴿ جَزَآءً وِفَاقًا ﴾ سزاكە هاوشێوەی تاوانەكەیە، هیچ تاوانێك گـەورەتر نییـە لـە هاوبـەش دانـان بـۆ خـوا، وە هـیچ سـزایەكیش گـەورەتر نییـە لـە ئـاگر، وە لـە دونیـادا كردەوەكانیـان

خراپ بوو بۆیە خوای گەورە توشی سزای خراپیانی کرد.﴿٢٧﴾ ﴿إِنَّهُمْ كَانُوا لَا يَرْجُونَ حِسَابًا﴾ ئەوان بە ئومێدی پاداشت نەبوون و لە سزا ناترسان، چونکە ئەوان باوەڕیان بە زیندووبوونەوە نەبوو.

﴿٢٨﴾ ﴿وَكَذَّبُوا بِآيَاتِنَا كِذَّابًا﴾ وە ئایەتەکانی ئێمەیان بە درۆ دەزانی.

﴿٢٩﴾ ﴿وَكُلَّ شَيْءٍ أَحْصَيْنَاهُ كِتَابًا﴾ وە هەموو شتێکمان لە اللوح المحفوظ نوسیبووەوە، وە ووتراوە: مەبەست ئەوەیە کە فریشتە پارێزەرەکان نوسیویانە لەسەر بەندەکان لە کردەوەکانیان.

﴿٣٠﴾ ﴿فَذُوقُوا فَلَنْ نَزِيدَكُمْ إِلَّا عَذَابًا﴾ دەی بچێژن بە بێ گومان هیچ شتێکتان بۆ زیاد ناکەین تەنها سزا نەبێت.

﴿٣١﴾ ﴿إِنَّ لِلْمُتَّقِينَ مَفَازًا﴾ بەڕاستی بۆ خۆپارێزان لە تاوان بردنەوە هەیە، المفاز: سەرکەوتن و بردنەوەو دەستخستنی داواکراو، وە ڕزگار بوونە لە ئاگر.﴿٣٢﴾ ﴿حَدَائِقَ وَأَعْنَابًا﴾ باخچەو تریٚ یان بۆ هەیە.﴿٣٣﴾ ﴿وَكَوَاعِبَ﴾ وە ئافرەتی گەنجیان بۆ هەیە کە مەمکیان ڕاوەستاوە لەسەر سینگیان و نەشکاوە، وە ئەوان کچن ﴿أَتْرَابًا﴾ وە هاوتەمەنن.﴿٣٤﴾ ﴿وَكَأْسًا دِهَاقًا﴾ وە پەرداخی پڕ لە مەی یان بۆ هەیە.﴿٣٥﴾ ﴿لَا يَسْمَعُونَ فِيهَا لَغْوًا وَلَا كِذَّابًا﴾ لەبەهەشتدا هیچ قسەی پڕوپوچ و بێ مانا نابیستن، وەهەندێکیان هەندێکیان بە درۆ ناخەنەوە.﴿٣٦﴾ ﴿جَزَاءً مِنْ رَبِّكَ عَطَاءً حِسَابًا﴾ پاداشتێکە لە پەروەردگارەوە بە ئەندازەی ئەو پەیمانەی


إِنَّ لِلْمُتَّقِينَ مَفَازًا ﴿٣١﴾ حَدَآئِقَ وَأَعْنَٰبًا ﴿٣٢﴾ وَكَوَاعِبَ أَتْرَابًا ﴿٣٣﴾ وَكَأْسًا
دِهَاقًا ﴿٣٤﴾ لَّا يَسْمَعُونَ فِيهَا لَغْوًا وَلَا كِذَّٰبًا ﴿٣٥﴾ جَزَآءً مِّن رَّبِّكَ عَطَآءً
حِسَابًا ﴿٣٦﴾ رَّبِّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَمَا بَيْنَهُمَا ٱلرَّحْمَٰنِ لَا يَمْلِكُونَ
مِنْهُ خِطَابًا ﴿٣٧﴾ يَوْمَ يَقُومُ ٱلرُّوحُ وَٱلْمَلَٰٓئِكَةُ صَفًّا لَّا يَتَكَلَّمُونَ
إِلَّا مَنْ أَذِنَ لَهُ ٱلرَّحْمَٰنُ وَقَالَ صَوَابًا ﴿٣٨﴾ ذَٰلِكَ ٱلْيَوْمُ ٱلْحَقُّ فَمَن
شَآءَ ٱتَّخَذَ إِلَىٰ رَبِّهِۦ مَـَٔابًا ﴿٣٩﴾ إِنَّآ أَنذَرْنَٰكُمْ عَذَابًا قَرِيبًا يَوْمَ
يَنظُرُ ٱلْمَرْءُ مَا قَدَّمَتْ يَدَاهُ وَيَقُولُ ٱلْكَافِرُ يَٰلَيْتَنِى كُنتُ تُرَٰبًۢا ﴿٤٠﴾

ترتيبها ٧٩ سُورَةُ النَّازِعَاتِ آياتها ٤٦

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

وَٱلنَّٰزِعَٰتِ غَرْقًا ﴿١﴾ وَٱلنَّٰشِطَٰتِ نَشْطًا ﴿٢﴾ وَٱلسَّٰبِحَٰتِ سَبْحًا
﴿٣﴾ فَٱلسَّٰبِقَٰتِ سَبْقًا ﴿٤﴾ فَٱلْمُدَبِّرَٰتِ أَمْرًا ﴿٥﴾ يَوْمَ تَرْجُفُ ٱلرَّاجِفَةُ
﴿٦﴾ تَتْبَعُهَا ٱلرَّادِفَةُ ﴿٧﴾ قُلُوبٌ يَوْمَئِذٍ وَاجِفَةٌ ﴿٨﴾ أَبْصَٰرُهَا
خَٰشِعَةٌ ﴿٩﴾ يَقُولُونَ أَءِنَّا لَمَرْدُودُونَ فِى ٱلْحَافِرَةِ ﴿١٠﴾ أَءِذَا كُنَّا
عِظَٰمًا نَّخِرَةً ﴿١١﴾ قَالُوا۟ تِلْكَ إِذًا كَرَّةٌ خَاسِرَةٌ ﴿١٢﴾ فَإِنَّمَا هِىَ زَجْرَةٌ
وَٰحِدَةٌ ﴿١٣﴾ فَإِذَا هُم بِٱلسَّاهِرَةِ ﴿١٤﴾ هَلْ أَتَىٰكَ حَدِيثُ مُوسَىٰ ﴿١٥﴾

کە پێی داون، کە پەیمانی یەك بە دەی داوە بە چاکە، وە پەیمانی یەك بە حەوت سەدی بە کەسانێکی تر

داوە، وە پەیمانی بێ ئەندازەو بێ کۆتایی بە کەسانێکی تر داوە.﴿٣٧﴾

﴿رَّبِّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ وَمَا بَيۡنَهُمَا ٱلرَّحۡمَٰنِۖ لَا يَمۡلِكُونَ مِنۡهُ خِطَابٗا﴾ خوای گەورە پەروەردگاری ئاسمانەکان و زەوی و ئەوەی

نێوانیانە کە خوایەکی بە رەحم و سۆزو بەزەییە، وە خەڵکی توانای قسە کردنیان نییە لەگەڵ خوای گەورە

تا خۆی رێگەیان پێ نەدات، وە ناتوانن تکا بکەن تا خوای گەورە رێگایان پێ نەدات.﴿٣٨﴾

﴿يَوۡمَ يَقُومُ ٱلرُّوحُ وَٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ صَفّٗاۖ﴾ لە رۆژی قیامەتدا فریشتەکان پۆل پۆل رادەوەستن، والروح: لێرەدا فریشتەیەکە

لە فریشتەکان، وە ووتراوە: جبریلە، وە ووتراوە: سەربازێکە لە سەربازەکانی خوای گەورە کە فریشتە

نین﴿لَّا يَتَكَلَّمُونَ﴾ کەسیان قسە ناکەن ﴿إِلَّا مَنۡ أَذِنَ لَهُ ٱلرَّحۡمَٰنُ﴾ تەنها کەسێك نەبێت کە خوای گەورە رێگای

پێ دابێت کە تکا بکات، یاخود قسە ناکەن تەنها دەربارەی ئەوانە نەبێت کە خوای گەورە رێگای پێ

دابێت﴿ وَ ﴾وە ئەو کەسە لەوانە بێت کە﴿ قَالَ ﴾لە دونیادا ﴿صَوَابٗا﴾ شایەتی بە یەکخواپەرستی دابێت.

﴿٣٩﴾ ﴿ذَٰلِكَ﴾ ئەو راوەستانە لەو رۆژەدا بەو شێوازە ئەوە﴿ٱلۡيَوۡمُ ٱلۡحَقُّۖ﴾ رۆژێکی حەققەو روو دەدات و گومانی

تێدا نییە﴿فَمَن شَآءَ ٱتَّخَذَ إِلَىٰ رَبِّهِۦ مَـَٔابًا﴾ جا هەرکەسێك وویستی لە گەڕانەوەیە بۆ لای خوای گەورە بە رووی

سپی و سەربەرزی با کردەوەی چاك بکات.

﴿٤٠﴾ ﴿إِنَّآ أَنذَرۡنَٰكُمۡ عَذَابٗا قَرِيبٗا﴾ ئێمە ئاگادارمان کردوونەتەوەو ترساندوومانن بە سزایەکی نزیك﴿يَوۡمَ

يَنظُرُ ٱلۡمَرۡءُ مَا قَدَّمَتۡ يَدَاهُ﴾ لە رۆژێکدا کە مرۆڤ تەماشای کردەوەکانی دەکات کە کردوویەتی لە دونیادا لە

چاکەو خراپە﴿وَيَقُولُ ٱلۡكَافِرُ يَٰلَيۡتَنِي كُنتُ تُرَٰبَۢا﴾ وە کافر لەو رۆژەدا ئاوات دەخوازێت کە خۆڵ بوایە، کاتێك

کە دەبینێت خوای گەورە جۆرەها سزای بۆ ئامادە کردووە. یاخود کاتێك کە دەبینێت کە

ئاژەڵەکان دەبن بەخۆڵ ئاوات دەخوازێت کە ئەمیش لە دونیادا ئاژەڵ بوایە تا ئێستا ئەویش لەگەڵ

ئاژەڵەکان حەشر بکرایەو وەك ئەوان ببوایە بە خۆڵ.

# سُورَةُ النَّازِعَاتِ

(١)﴿وَٱلنَّٰزِعَٰتِ﴾خوای گەورە سوێند دەخوات بە فریشتە کە گیانی بەندەکان دەکێشێت لە لاشەیاندا، هەروەکو چۆن کەسێك کەوان رادەکێشێت تا دەگاتە ئەوپەڕی راکێشان. ﴿غَرۡقٗا﴾ نگرۆی دەکەن لە راکێشاندا، کە لەوپەڕی لاشەوە رایدەکێشن. (٢)﴿وَٱلنَّٰشِطَٰتِ نَشۡطٗا﴾ دەروونەکان چالاك دەکەن، واتە: لە لاشە دەریدەکەن بە هێز، والنشط: راکێشانی دۆلکەیە بە حەبلەوە.(٣)﴿وَٱلسَّٰبِحَٰتِ سَبۡحٗا﴾ فریشتە بە خێرایی لە ئاسمانەوە دادەبەزن بۆ فەرمانی خوای گەورە، لە هەوادا مەلە دەکەن هەروەکو چۆن مەلەوان لە ئاودا مەلە دەکات. (٤)﴿فَٱلسَّٰبِقَٰتِ سَبۡقٗا﴾ فریشتەیە کە پێشبڕکێ دەکەن بۆ جێبەجێ کردنی فەرمانی خوای گەورە، وە لەوانە پێشبڕکێ دەکەن بۆ بردنی گیانی باوەڕداران بۆ بەهەشت.(٥)﴿فَٱلۡمُدَبِّرَٰتِ أَمۡرٗا﴾ هەڵسوڕاندنی فریشتە بۆ کاروبارەکان: ئەوەیە کە حەڵاڵو حەرامو روونکردنەوەی دادەبەزێنن، وە کاری خەڵکی سەر زەوی هەڵدەسوڕێنن لە باو بارانو جگە لەمانە(٦)﴿يَوۡمَ تَرۡجُفُ ٱلرَّاجِفَةُ﴾رۆژێك کە دونیا دەلەرزێتو دەهەژێت، کە فوو کردنە کەڕەنای یەکەمە کە سەرجەم دروستکراوەکان پێی دەمرن.(٧)﴿تَتۡبَعُهَا ٱلرَّادِفَةُ﴾ ٱلرَّادِفَةُ فوو کردنە کەڕەنای دووەمە کە دروستکراوەکان زیندوو دەبنەوە.(٨)﴿قُلُوبٞ يَوۡمَئِذٖ وَاجِفَةٌ﴾ دڵەکان لەو رۆژەدا دەترسێن، کاتێك کە بە چاوی خۆیان ناخۆشییەکانی رۆژی قیامەت دەبینن، شڵەژاوو شپرزەن.(٩)﴿أَبۡصَٰرُهَا خَٰشِعَةٞ﴾ لە کاتی بینینی ناخۆشییەکانی رۆژی قیامەت چاوەکان زەلیلو ملکەچن، مەبەستی چاوی ئەو کەسانەیە کە لەسەر جگە لە ئیسلام مردوونە.(١٠)﴿يَقُولُونَ أَءِنَّا لَمَرۡدُودُونَ فِي ٱلۡحَافِرَةِ﴾ ئەوانەی نکوڵیان دەکرد لە مردن، کە پێیان بووترایە ئێوە بە بێگومان زیندوو دەبنەوە: دەیانووت: ئایا دەگەڕێنرێینەوە بۆ حاڵی سەرەتاو وەکو یەکەمجارمان لێ دێتەوە؟ پاش مردن زیندوو دەبینەوە لە پاش ئەوەی کە لە ناو چاڵ نراینو خراینە ناو گۆڕەوە؟ (١١)﴿أَءِذَا كُنَّا عِظَٰمٗا نَّخِرَةٗ﴾ دەڵێن ئایا کە بووینە ئێسقانی رزیوو سەر لە نوێ زیندوو دەکرێینەوە؟ (١٢)﴿قَالُواْ تِلۡكَ إِذٗا كَرَّةٌ خَاسِرَةٞ﴾ دەڵێن: ئەگەر لە پاش مردن بگەڕێنرێینەوە ئەوا ئەوەی محمد ﷺ دەیڵێت توشمان دەبێتو زەرەرمەند دەبین.(١٣)﴿فَإِنَّمَا هِيَ زَجۡرَةٞ وَٰحِدَةٞ﴾ خوای گەورە دەفەرمێت: تەنها فوو کردنێکە کە دووەمەو زیندوو دەبنەوە، جگە لەمە

پێویستمان بە هیچی تر نییە لەبەر گەورەیی تواناو دەسەڵاتمان.﴿١٤﴾﴿فَإِذَا هُم بِٱلسَّاهِرَةِ﴾ ووتراوە: زەوییەکی سپییە خوای گەورە دەیهێنێت و لەسەری لێپرسینەوە لەگەڵ دروستکراوەکان دەکات.

﴿١٥﴾﴿هَلۡ أَتَىٰكَ حَدِيثُ مُوسَىٰٓ﴾ واتە: بە دڵنیایی چیرۆك و بەسەرهاتی موسی ﷺ و فیرعەونت بۆ هاتووەو پێگەیشتووە کە بە هۆیەوە قسەکانیان زانراوە.


إِذۡ نَادَىٰهُ رَبُّهُۥ بِٱلۡوَادِ ٱلۡمُقَدَّسِ طُوًى ﴿١٦﴾ ٱذۡهَبۡ إِلَىٰ فِرۡعَوۡنَ إِنَّهُۥ طَغَىٰ ﴿١٧﴾
فَقُلۡ هَل لَّكَ إِلَىٰٓ أَن تَزَكَّىٰ ﴿١٨﴾ وَأَهۡدِيَكَ إِلَىٰ رَبِّكَ فَتَخۡشَىٰ ﴿١٩﴾ فَأَرَىٰهُ
ٱلۡأٓيَةَ ٱلۡكُبۡرَىٰ ﴿٢٠﴾ فَكَذَّبَ وَعَصَىٰ ﴿٢١﴾ ثُمَّ أَدۡبَرَ يَسۡعَىٰ ﴿٢٢﴾ فَحَشَرَ
فَنَادَىٰ ﴿٢٣﴾ فَقَالَ أَنَا۠ رَبُّكُمُ ٱلۡأَعۡلَىٰ ﴿٢٤﴾ فَأَخَذَهُ ٱللَّهُ نَكَالَ ٱلۡأٓخِرَةِ وَٱلۡأُولَىٰٓ
﴿٢٥﴾ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَعِبۡرَةً لِّمَن يَخۡشَىٰٓ ﴿٢٦﴾ ءَأَنتُمۡ أَشَدُّ خَلۡقًا أَمِ ٱلسَّمَآءُۚ بَنَىٰهَا
﴿٢٧﴾ رَفَعَ سَمۡكَهَا فَسَوَّىٰهَا ﴿٢٨﴾ وَأَغۡطَشَ لَيۡلَهَا وَأَخۡرَجَ ضُحَىٰهَا ﴿٢٩﴾
وَٱلۡأَرۡضَ بَعۡدَ ذَٰلِكَ دَحَىٰهَآ ﴿٣٠﴾ أَخۡرَجَ مِنۡهَا مَآءَهَا وَمَرۡعَىٰهَا ﴿٣١﴾
وَٱلۡجِبَالَ أَرۡسَىٰهَا ﴿٣٢﴾ مَتَٰعًا لَّكُمۡ وَلِأَنۡعَٰمِكُمۡ ﴿٣٣﴾ فَإِذَا جَآءَتِ ٱلطَّآمَّةُ
ٱلۡكُبۡرَىٰ ﴿٣٤﴾ يَوۡمَ يَتَذَكَّرُ ٱلۡإِنسَٰنُ مَا سَعَىٰ ﴿٣٥﴾ وَبُرِّزَتِ ٱلۡجَحِيمُ
لِمَن يَرَىٰ ﴿٣٦﴾ فَأَمَّا مَن طَغَىٰ ﴿٣٧﴾ وَءَاثَرَ ٱلۡحَيَوٰةَ ٱلدُّنۡيَا ﴿٣٨﴾ فَإِنَّ ٱلۡجَحِيمَ
هِيَ ٱلۡمَأۡوَىٰ ﴿٣٩﴾ وَأَمَّا مَنۡ خَافَ مَقَامَ رَبِّهِۦ وَنَهَى ٱلنَّفۡسَ عَنِ ٱلۡهَوَىٰ
﴿٤٠﴾ فَإِنَّ ٱلۡجَنَّةَ هِيَ ٱلۡمَأۡوَىٰ ﴿٤١﴾ يَسۡـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلسَّاعَةِ أَيَّانَ مُرۡسَىٰهَا
﴿٤٢﴾ فِيمَ أَنتَ مِن ذِكۡرَىٰهَآ ﴿٤٣﴾ إِلَىٰ رَبِّكَ مُنتَهَىٰهَآ ﴿٤٤﴾ إِنَّمَآ أَنتَ مُنذِرُ
مَن يَخۡشَىٰهَا ﴿٤٥﴾ كَأَنَّهُمۡ يَوۡمَ يَرَوۡنَهَا لَمۡ يَلۡبَثُوٓاْ إِلَّا عَشِيَّةً أَوۡ ضُحَىٰهَا ﴿٤٦﴾
ترتيبها ٨٠ سُورَةُ عَبَسَ آياتها ٤٢

﴿١٦﴾﴿إِذۡ نَادَىٰهُ رَبُّهُۥ بِٱلۡوَادِ ٱلۡمُقَدَّسِ﴾ کاتێك کە پەروەردگاری بانگی موسی ی ﷺ کرد لە دۆڵە پیرۆزە پاکەکە﴿طُوًى﴾ کە دۆڵێکە لە شاخی سیناء، کە لەوێ خوای گەورە بانگی موسی ی ﷺ کرد.﴿١٧﴾

﴿ٱذۡهَبۡ إِلَىٰ فِرۡعَوۡنَ إِنَّهُۥ طَغَىٰ﴾ بڕۆ بۆ لای فیرعەون چونکە ئەو بە ڕاستی سنووری خوای بەزاندووە.﴿١٨﴾﴿فَقُلۡ﴾ پێی بڵێ:﴿هَل لَّكَ إِلَىٰٓ أَن تَزَكَّىٰ﴾ ئایا دەتەوێت پاك بیتەوە لە شەریك دانان بۆ خوای گەورە؟

فەرمان کرا بە موسی ﷺ بە نەرم و نیانی قسەو گفتوگۆی لەگەڵ بکات. ﴿١٩﴾﴿وَأَهۡدِيَكَ إِلَىٰ رَبِّكَ فَتَخۡشَىٰ﴾ واتە: ڕێنماییت بکەم بۆ بە تاك پەرستنی پەروەردگارت، تا لە سزای بترسیت؟ وە ترسان بە زانستەوە نابێت مەگەر لە لایەن کەسێکی هیدایەتدەری ڕێنماییکارەوە.

﴿٢٠﴾﴿فَأَرَىٰهُ ٱلۡأٓيَةَ ٱلۡكُبۡرَىٰ﴾ موعجیزە گەورەکەی نیشاندا، ووتراوە: گۆچانەکە بووە، وە

ووتراوە: دەستی بووە.(٢١) ﴿فَكَذَّبَ وَعَصَىٰ﴾ فیرعەون بە درۆی زانی و سەرپێچی کرد.(٢٢)
﴿ثُمَّ أَدْبَرَ﴾ پاشان رووی وەرگێڕاو پشتی هەڵکرد لە ئیمان هێنان.﴿يَسْعَىٰ﴾ ئاشوبی گێڕا لەسەر زەوی، وە کۆششی دەکرد لە دژایەتی کردنی ئەو حەقەی کە موسیﷺ هێناویتی.(٢٣) ﴿فَحَشَرَ﴾ واتە: سەربازەکانی بۆ کوشتارو جەنگ کۆکردەوە، یاخود جادووگەرەکانی کۆکردەوە بۆ دژایەتی و رووبەرووبوونەوە، یاخود خەڵکی کۆکردەوە بۆ ئامادە بوون تا ئەوەی روو دەدات ببینن. ﴿فَنَادَىٰ﴾وە بانگی کرد.(٢٤) ﴿فَقَالَ أَنَا رَبُّكُمُ الْأَعْلَىٰ﴾ وە ووتی من پەروەردگاری هەرەبەرزی ئێوەم، نەفرین لێکراوە مەبەستی ئەوە بوو کە هیچ پەروەردگارێك لە سەروی ئەووە نییە.

(٢٥) ﴿فَأَخَذَهُ اللَّهُ نَكَالَ الْآخِرَةِ وَالْأُولَىٰ﴾ خوای گەورە بردییەوەو کردی بە پەندی کۆتایی کە سزای ئاگرە، وە پەندی یەکەم کە سزای دونیایە بە نقوم بوون، وە تا ئەوەی کە هەواڵی دەبیستێت ببێت بە پەندو ئامۆژگاری بۆی.(٢٦) ﴿إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَعِبْرَةً لِّمَن يَخْشَىٰ﴾ بە راستی ئەوەی کە باسکرا لە چیرۆکی فیرعەون وە ئەوەی کە پێیکرا پەندێکی گەورەیە بۆ کەسێك کە لە خوا بترسێت و خۆپارێز بێت لە تاوان.(٢٧) ﴿أَأَنتُمْ أَشَدُّ خَلْقًا أَمِ السَّمَاءُ ۚ بَنَاهَا﴾ ئایا دروستکردنەوەتان لە پاش مردن و زیندووکردنەوەتان لە دانانی ئێوەدا سەختترە یاخود دروست کردنی ئاسمان؟ ئەم هەسارە گەورەیە و ئەو هەموو دروستکردنە سەرسوڕهێنەرو توانا لە رادەبەدەرە هەروەك چۆن ئاشکرایە بۆ کەسێك کە تەماشا بکات.

(٢٨) ﴿رَفَعَ سَمْكَهَا﴾وەکو سەقفێکی بەرزی لێکردووە بەسەر زەویدا. ﴿فَسَوَّاهَا﴾وە رێك و راستە هیچ جیاوازی و گێری و کون و کەلێنێکی تێدا نییە.(٢٩) ﴿وَأَغْطَشَ لَيْلَهَا﴾ وە شەوەکەی تاریك کردووە.

﴿وَأَخۡرَجَ ضُحَىٰهَا﴾ ڕۆژەکەی ڕووناك کردووە بە ڕووناکی خۆر.(٣٠) ﴿وَٱلۡأَرۡضَ بَعۡدَ ذَٰلِكَ﴾ وە لە
پاش دروست کردنی ئاسمان زەویشی. ﴿دَحَىٰهَآ﴾ ڕاخستووە.(٣١)
﴿أَخۡرَجَ مِنۡهَا مَآءَهَا وَمَرۡعَىٰهَا﴾ لە زەوی ڕووبارو کانیاوی تەقاندۆتەوە، وە هەر لە زەوی گژو گیاو
لەوەڕی دەرکردووە.(٣٢) ﴿وَٱلۡجِبَالَ أَرۡسَىٰهَا﴾ وە شاخەکانی وەکو مێخ بەسەر زەویدا داکوتاوە
تا نەجولێت.(٣٣) ﴿مَتَٰعٗا لَّكُمۡ وَلِأَنۡعَٰمِكُمۡ﴾ ئەمانە هەموو وەکو بژێوی و پێوستی خۆتان و
ئاژەڵەکانتان.(٣٤) ﴿فَإِذَا جَآءَتِ ٱلطَّآمَّةُ ٱلۡكُبۡرَىٰ﴾ کاتێك کەوا بەڵا و نەهامەتییە هەرە گەورەکە دێت
کە دەدات بەسەر هەموو بەڵاکانی تردا، کە فوو کردنە کەڕەنای دووەمە، کە خەڵکی
بەهەشت بەرەو بەهەشت و خەڵکی دۆزەخ بەرەو دۆزەخ بەڕێ دەکرێن.(٣٥)
﴿يَوۡمَ يَتَذَكَّرُ ٱلۡإِنسَٰنُ مَا سَعَىٰ﴾ ئەو ڕۆژە مرۆڤ هەوڵ و کۆششەکانی بیر دەکەوێتەوە.(٣٦)
﴿وَبُرِّزَتِ ٱلۡجَحِيمُ لِمَن يَرَىٰ﴾ وە دۆزەخ دەردەخرێت دەرخستنێت کە لە کەس شاراوە
نابێت.(٣٧) ﴿فَأَمَّا مَن طَغَىٰ﴾ جا هەر کەسێك کە سنور ببەزێنێت لە کوفرو سەرپێچیدا.(٣٨)
﴿وَءَاثَرَ ٱلۡحَيَوٰةَ ٱلدُّنۡيَا﴾ وە ژیانی دونیا پێش بخات بەسەر دوا ڕۆژدا، وە خۆی بۆ ئامادە نەکات،
وەکاری بۆ نەکات.(٣٩) ﴿فَإِنَّ ٱلۡجَحِيمَ هِيَ ٱلۡمَأۡوَىٰ﴾ ئەوا بە بێ گومان شوێنی ئەو ئاگری دۆزەخە
شوێنێکی تر نییە.(٤٠) ﴿وَأَمَّا مَنۡ خَافَ مَقَامَ رَبِّهِۦ﴾ بەڵام ئەگەر کەسێك لە ڕاوەستانی ڕۆژی
قیامەت لەبەر دەستی خوای گەورە بترسێت. ﴿وَنَهَى ٱلنَّفۡسَ عَنِ ٱلۡهَوَىٰ﴾ وە بەرهەڵستی نەفسی
بکات لەو سەرپێچی و تاوانانەی کە ئارەزوی دەکات.(٤١) ﴿فَإِنَّ ٱلۡجَنَّةَ هِيَ ٱلۡمَأۡوَىٰ﴾ ئەوا بە
دڵنیایی ئەو شوێنەی کە بۆی دەڕوات و لێی دەمێنێتەوە بەهەشتە.(٤٢)
﴿يَسۡـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلسَّاعَةِ أَيَّانَ مُرۡسَىٰهَا﴾ پرسیارت لێ دەکەن کەی قیامەت دێت و هەڵدەسێت؟(٤٣)

﴿فِيمَ أَنتَ مِن ذِكْرَاهَآ﴾ تۆ هیچ باس و زانیارییەکی نازانیت، بەڵکو تەنها خوای گەورە خۆی دەزانێت. ﴿٤٤﴾ ﴿إِلَىٰ رَبِّكَ مُنتَهَىٰهَآ﴾ ئەو پەڕی زانیارییەکەی لای خوای گەورەیە جگە لە خوای گەورە کەس نایزانێت. ﴿٤٥﴾ ﴿إِنَّمَآ أَنتَ مُنذِرُ مَن يَخْشَىٰهَا﴾ تەنها تۆ ئەی محمد ﷺ ترسێنەری بۆ کەسێك کە لە هاتنی قیامەت بترسێت.

﴿٤٦﴾ ﴿كَأَنَّهُمْ يَوْمَ يَرَوْنَهَا لَمْ يَلْبَثُوٓا۟ إِلَّا عَشِيَّةً أَوْ ضُحَىٰهَا﴾ ئەوان کاتێك کە دەیبینن وا دەزانن کە نەژیاون لە دونیادا تەنها بە ئەندازەی کۆتایی ڕۆژ یان سەرەتاکەی، یان ئەندازەی چێشتەنگاو کە لە دوای ئێوارەوە دێت.



بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

عَبَسَ وَتَوَلَّىٰٓ ﴿١﴾ أَن جَآءَهُ ٱلْأَعْمَىٰ ﴿٢﴾ وَمَا يُدْرِيكَ لَعَلَّهُۥ يَزَّكَّىٰٓ ﴿٣﴾ أَوْ يَذَّكَّرُ فَتَنفَعَهُ ٱلذِّكْرَىٰٓ ﴿٤﴾ أَمَّا مَنِ ٱسْتَغْنَىٰ ﴿٥﴾ فَأَنتَ لَهُۥ تَصَدَّىٰ ﴿٦﴾ وَمَا عَلَيْكَ أَلَّا يَزَّكَّىٰ ﴿٧﴾ وَأَمَّا مَن جَآءَكَ يَسْعَىٰ ﴿٨﴾ وَهُوَ يَخْشَىٰ ﴿٩﴾ فَأَنتَ عَنْهُ تَلَهَّىٰ ﴿١٠﴾ كَلَّآ إِنَّهَا تَذْكِرَةٌ ﴿١١﴾ فَمَن شَآءَ ذَكَرَهُۥ ﴿١٢﴾ فِى صُحُفٍ مُّكَرَّمَةٍ ﴿١٣﴾ مَّرْفُوعَةٍ مُّطَهَّرَةٍۭ ﴿١٤﴾ بِأَيْدِى سَفَرَةٍ ﴿١٥﴾ كِرَامٍۭ بَرَرَةٍ ﴿١٦﴾ قُتِلَ ٱلْإِنسَٰنُ مَآ أَكْفَرَهُۥ ﴿١٧﴾ مِنْ أَىِّ شَىْءٍ خَلَقَهُۥ ﴿١٨﴾ مِن نُّطْفَةٍ خَلَقَهُۥ فَقَدَّرَهُۥ ﴿١٩﴾ ثُمَّ ٱلسَّبِيلَ يَسَّرَهُۥ ﴿٢٠﴾ ثُمَّ أَمَاتَهُۥ فَأَقْبَرَهُۥ ﴿٢١﴾ ثُمَّ إِذَا شَآءَ أَنشَرَهُۥ ﴿٢٢﴾ كَلَّا لَمَّا يَقْضِ مَآ أَمَرَهُۥ ﴿٢٣﴾ فَلْيَنظُرِ ٱلْإِنسَٰنُ إِلَىٰ طَعَامِهِۦٓ ﴿٢٤﴾ أَنَّا صَبَبْنَا ٱلْمَآءَ صَبًّا ﴿٢٥﴾ ثُمَّ شَقَقْنَا ٱلْأَرْضَ شَقًّا ﴿٢٦﴾ فَأَنۢبَتْنَا فِيهَا حَبًّا ﴿٢٧﴾ وَعِنَبًا وَقَضْبًا ﴿٢٨﴾ وَزَيْتُونًا وَنَخْلًا ﴿٢٩﴾ وَحَدَآئِقَ غُلْبًا ﴿٣٠﴾ وَفَٰكِهَةً وَأَبًّا ﴿٣١﴾ مَّتَٰعًا لَّكُمْ وَلِأَنْعَٰمِكُمْ ﴿٣٢﴾ فَإِذَا جَآءَتِ ٱلصَّآخَّةُ ﴿٣٣﴾ يَوْمَ يَفِرُّ ٱلْمَرْءُ مِنْ أَخِيهِ ﴿٣٤﴾ وَأُمِّهِۦ وَأَبِيهِ ﴿٣٥﴾ وَصَٰحِبَتِهِۦ وَبَنِيهِ ﴿٣٦﴾ لِكُلِّ ٱمْرِئٍ مِّنْهُمْ يَوْمَئِذٍ شَأْنٌ يُغْنِيهِ ﴿٣٧﴾ وُجُوهٌ يَوْمَئِذٍ مُّسْفِرَةٌ ﴿٣٨﴾ ضَاحِكَةٌ مُّسْتَبْشِرَةٌ ﴿٣٩﴾ وَوُجُوهٌ يَوْمَئِذٍ عَلَيْهَا غَبَرَةٌ ﴿٤٠﴾ تَرْهَقُهَا قَتَرَةٌ ﴿٤١﴾ أُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْكَفَرَةُ ٱلْفَجَرَةُ ﴿٤٢﴾

## سُورَةُ عَبَسَ

﴿١﴾ ﴿عَبَسَ وَتَوَلَّىٰٓ﴾ پێغەمبەر ﷺ ڕووی گرژ کردو ڕووی وەرگێڕا. ﴿٢﴾ ﴿أَن جَآءَهُ ٱلْأَعْمَىٰ﴾ بەهۆی هاتنی پیاوە نابیناکەوە بۆ لای. هۆی هاتنە خوارەوەی ئەم سورەتە ئەوە بوو کە کەسانێك لە ناودارانی قورەیش لە لای پێغەمبەر ﷺ بوون کە هیوای بە موسڵمان بوونیان هەبوو، پیاوێکی نابینا هات کە ناوی عبداللە بن أم مکتوم بوو، وە یەکێك بوو لە هاوەڵە چاکەکان، پێغەمبەر ﷺ پێی ناخۆش بوو قسەکەی پێ ببڕێت ڕووی لێ وەرگێڕا، خوای گەورە ئەم سورەتەی ناردە خوارەوە.

﴿٣﴾ ﴿وَمَا يُدْرِيكَ﴾ ئەی محمد ﷺ تۆ چوزانیت

﴿لَعَلَّهُۥ يَزَّكَّىٰٓ﴾ لەوانەیە ئەو نابینایە خۆی پاك بكاتەوە لە تاوان بە كردەوەی چاك بە هۆی ئەوەی كە لە تۆوە فێر دەبێت.﴿٣﴾ ﴿أَوۡ يَذَّكَّرُ﴾ یاخود یاد دەكاتەوەو پەندو ئامۆژگاری وەردەگرێت لەوەی كە فێری دەبێت. ﴿فَتَنفَعَهُ ٱلذِّكۡرَىٰٓ﴾ وە ئەو یادخستنەوانە سودی پێ دەگەیەنێت.﴿٤﴾ ﴿أَمَّا مَنِ ٱسۡتَغۡنَىٰ﴾ بەڵام كەسێك كە خۆی بێ پێویســت دەزانێـت.﴿٥﴾ ﴿فَأَنتَ لَهُۥ تَصَدَّىٰ﴾ تـۆ رووی تێدەكـەیتو قسـەی لەگـەڵ دەكـەیت، ئـەویش وای دەردەبڕێت كە پێویستی پێت نییەو پشت دەكات لـەو دینـەی كە هێناوتـە.﴿٦﴾ ﴿وَمَا عَلَيۡكَ أَلَّا يَزَّكَّىٰ﴾ چ شتێك لەسەر تۆیە كە ئەو موسڵمان نەبێتو ئیمان نەهێنێتو هیدایەت وەرنەگرێت، تۆ هیچ شتێكت لەسەر نییە تەنها گەیاندن نەبێت، بۆیە بایەخ مەدە بە كاری كەسانێك كە وابن لە كافران.﴿٧﴾ ﴿وَأَمَّا مَن جَآءَكَ يَسۡعَىٰ﴾ بەڵام كەسێك بە خێرایی بـۆ لای تـۆ بێـتو داوات لێبكـات رێنمـونی بكـەیت بـۆ چاكەو ئامۆژگـاری بكـەیت بـە ئامۆژگارییەكانی خوای گەورە.﴿٨﴾ ﴿وَهُوَ يَخۡشَىٰ﴾ كە ئەو بەزانیارییەوە لە خوا دەترسێت.﴿٩﴾ ﴿فَأَنتَ عَنۡهُ تَلَهَّىٰ﴾ تۆ خۆتی لێ سەرقاڵ دەكەیتو پشتی تێ دەكەیتو خۆت بێئاگا دەكـەیت لێـی.﴿١٠﴾ ﴿كَلَّآ إِنَّهَا تَذۡكِرَةٞ﴾ نـەخێر نابێت وابیت، وە ئەم ئایەتانە یاخود ئەم سورەتە پەندو ئامۆژگارییە، شایانی ئەوەیە كە پەندو ئامۆژگاری لێوەربگریت، وە رووی تێ بكەیت، وە كاری پێ بكـەیت.﴿١١﴾ ﴿فَمَن شَآءَ ذَكَرَهُۥ﴾ جا هـەر كەسێك ویستی لێبێت یادی دەكاتەوە.﴿١٢﴾

﴿١٣﴾ ﴿فِي صُحُفٖ﴾ واتە: ئەم ئامۆژگاریيانە هەیە لە پەڕاوی. ﴿مُّكَرَّمَةٖ﴾ رێز لێنراو لای خوای گەورە لەبەر ئەو زانیـاریو داناییـەی كـە تێیدایـە، یـاخود لەبـەر ئـەوەی لـە اللـوح المحفوظ ەوە دابـەزیووە.﴿١٤﴾ ﴿مَّرۡفُوعَةٖ﴾ پلەوپایە بەرزە لە لای خوای گەورە. ﴿مُّطَهَّرَةِۭ﴾ پاكەو پاك كراوان نەبێت ناتوانن دەستی لێ بدەن، پارێزراوە لە شەیتانەكانو كافران.﴿١٥﴾ ﴿بِأَيۡدِي سَفَرَةٖ﴾ بەدەستی ئەو فریشتانەوەیە كە سروش لە خواوە بۆ پێغەمبەرانی دێنن، لە السفارة هاتووە كە بریتییە لە كار كردن لـە نێوان نەتەوەكاندا.﴿١٦﴾ ﴿كِرَامِۭ﴾ ئـەو فریشـتانە بـەرێزن لای پەروەردگاریان. ﴿بَرَرَةٖ﴾ خۆپارێزن، گوێڕایەڵن بۆ پـەروەردگاریان، راسـتگۆن لـە باوەڕهێنانیـان. ﴿١٧﴾ ﴿قُتِلَ ٱلۡإِنسَٰنُ مَآ أَكۡفَرَهُۥ﴾ واتە: نەفرەت لە مرۆڤی كافر بێت چەندە كوفرەكەی سەختە.﴿١٨﴾ ﴿مِنۡ أَيِّ شَيۡءٍ خَلَقَهُۥ﴾ واتە: لە چ شتێك خوا ئەم مرۆڤە كافرەی دروست كردووە.﴿١٩﴾ ﴿مِن نُّطۡفَةٍ خَلَقَهُۥ﴾ لە دڵۆپە ئاوێكی بێ نرخ دروستی كردووە ئیتر چۆن كەسێك خۆی بەگەورە دەزانێت كە دوو جار لە كونی میزەوە دەرچووە . ﴿فَقَدَّرَهُۥ﴾ واتـە:

ڕێكی خستووەو ئامادەی كردووە بۆ بەرژەوەندی خۆی، وە دوو دەستو دوو قاچو دوو چاو وسەرجەم
هەستەوەرەكانی تری پێ بەخشیوە.(٢٠) ﴿ثُمَّ ٱلسَّبِيلَ يَسَّرَهُۥ﴾ پاشان ڕێگەی دەستخستنی چاكەو خراپەی بۆ
ئاسان كردووە.(٢١) ﴿ثُمَّ أَمَاتَهُۥ فَأَقۡبَرَهُۥ﴾ لە پاش مردنیشی گۆڕی بۆ داناوە تا تێیدا بشارێتەوە وەكو ڕێز
لێنانێك لێی، وای لێنەكردووە كە فڕێ بدرێتە سەر زەوی و دڕندەو باڵندە بیخوات.(٢٢) ﴿ثُمَّ إِذَا شَآءَ أَنشَرَهُۥ﴾
پاشان هەر كاتێك كە ویستی لێبێت زیندووی دەكاتەوە لە پاش مردنی.(٢٣) ﴿كَلَّا لَمَّا يَقۡضِ مَآ أَمَرَهُۥ﴾ نەخێر
ئەوەی كە فەرمانیان پێكراوە جێبەجێی ناكەن تەنها كەمێكیان نەبێت، بەڵكو هەندێكیان كەمتەرخەمیان
تێدا كردووە بە كوفر، وە هەندێكیان بە تاوان.(٢٤) ﴿فَلۡيَنظُرِ ٱلۡإِنسَٰنُ إِلَىٰ طَعَامِهِۦٓ﴾ با مرۆڤ تەماشای خواردنەكەی
بكات، چۆن خوای گەورە بۆی دروست كردووە كە هۆی ژیانێتی.(٢٥) ﴿أَنَّا صَبَبۡنَا ٱلۡمَآءَ صَبّٗا﴾ ئێمە ئاوی بە لێزمە
دەبارێنینە خوارەوە.(٢٦) ﴿ثُمَّ شَقَقۡنَا ٱلۡأَرۡضَ شَقّٗا﴾ پاشان زەویمان لەت كردووە بۆ دەرچوونی دانەوێڵە كە
سەرەتا دەڕوێت، لەگەڵ بچوكی و لاوازی.

(٢٧) ﴿فَأَنۢبَتۡنَا فِيهَا حَبّٗا﴾ دانەوێڵەمان تێدا ڕواندووە كە خۆراكیانە، واتە: ڕووەك بەردەوام گەشە دەكاتو زیاد
دەكات تا دەبێتە دانەوێڵە.(٢٨) ﴿وَعِنَبٗا﴾ وە تری مان ڕواندووە. ﴿وَقَضۡبٗا﴾ هەروەها گژو گیای تەڕی ئالیكی
ئاژەڵ.

(٢٩) ﴿وَزَيۡتُونٗا وَنَخۡلٗا﴾ هەروەها زەیتونو دارخورما.(٣٠) ﴿وَحَدَآئِقَ غُلۡبٗا﴾ وە باخی چڕ، كە دارخورمای بەرێزی
ڕەگ ئەستورە.(٣١) ﴿وَفَٰكِهَةٗ وَأَبّٗا﴾ وە میوەو الأب: كە هەموو ئەوەی مرۆڤ دەیخواتو زەوی دەیڕوێنێت بەبێ
كێڵانو تۆو كردن لە گژو گیاو سەرجەم جۆرەكانی لەوەڕگا.(٣٢) ﴿مَّتَٰعٗا لَّكُمۡ وَلِأَنۡعَٰمِكُمۡ﴾ هەموو ئەمانە خۆراكو
بژێوین بۆ خۆتانو ئاژەڵەكانتان.(٣٣) ﴿فَإِذَا جَآءَتِ ٱلصَّآخَّةُ﴾ كاتێك كە دەنگە گەورەكەی ڕۆژی قیامەت دێت كە
گوێ كەڕ دەكات.(٣٤)-(٣٦) ﴿يَوۡمَ يَفِرُّ ٱلۡمَرۡءُ مِنۡ أَخِيهِ (٣٤) وَأُمِّهِۦ وَأَبِيهِ (٣٥) وَصَٰحِبَتِهِۦ وَبَنِيهِ (٣٦)﴾ لەو ڕۆژەدا مرۆڤ ڕا
دەكات لە براكەیو، دایكیو، باوكیو، خێزانەكەیو، منداڵەكانی، كە ئەمانە تایبەتترینو نزیكترین كەسین،
وە لە هەموو كەس لە پێشترن بە سۆزو بەزەیی، جا ڕاكردن لەمان نابێت تەنها لەبەر بەڵاو نەهامەتییەكی
زۆر گەورەو كارێكی زۆر گرنگ نەبێت.(٣٧) ﴿لِكُلِّ ٱمۡرِيٕٖ مِّنۡهُمۡ يَوۡمَئِذٖ شَأۡنٞ يُغۡنِيهِ﴾ لەو ڕۆژەدا هەموو مرۆڤێك كارێكی
گرنگی هەیە كە نایپەرژێتە سەر خزمانی تری و لای دەدات لێیو، ڕادەكات لێیان نەوەكو داوای شتێكی
لێبكەن لە نێوان خۆیاندا بێت، وە تا نەیبینن لە چ سەغڵەتیو ناخۆشییەكدایە.(٣٨) ﴿وُجُوهٞ يَوۡمَئِذٖ مُّسۡفِرَةٞ﴾

کۆمەڵێك ڕوو لەو ڕۆژەدا پرشنگدارەو دەدرەوشێتەوە.﴿٣٩﴾ ﴿ضَاحِكَةٌ مُّسْتَبْشِرَةٌ﴾ پێدەکەنێت و مـوژدەدەرە.﴿٤٠﴾
﴿وَوُجُوهٌ يَوْمَئِذٍ عَلَيْهَا غَبَرَةٌ﴾ وە کۆمەڵێك ڕووی تر تەپو تۆزاوییەو لێڵە.

﴿٤١﴾ ﴿تَرْهَقُهَا قَتَرَةٌ﴾ ڕەشـی وتەمو سـەغڵەتی داپۆشـیوە.﴿٤٢﴾ ﴿أُوْلَٰٓئِكَ﴾ خـاوەنی ئـەو ڕووە تۆزاوییانـە.
﴿هُمُ ٱلْكَفَرَةُ ٱلْفَجَرَةُ﴾ ئەوانەن کافران و فاسقان و درۆزنان.

## سُورَةُ التَّكْوِيرِ


سُورَةُ التَّكْوِيرِ
ترتيبها ٨١ آياتها ٢٩
بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ
إِذَا ٱلشَّمْسُ كُوِّرَتْ ﴿١﴾ وَإِذَا ٱلنُّجُومُ ٱنكَدَرَتْ ﴿٢﴾ وَإِذَا ٱلْجِبَالُ
سُيِّرَتْ ﴿٣﴾ وَإِذَا ٱلْعِشَارُ عُطِّلَتْ ﴿٤﴾ وَإِذَا ٱلْوُحُوشُ حُشِرَتْ
﴿٥﴾ وَإِذَا ٱلْبِحَارُ سُجِّرَتْ ﴿٦﴾ وَإِذَا ٱلنُّفُوسُ زُوِّجَتْ ﴿٧﴾ وَإِذَا
ٱلْمَوْءُۥدَةُ سُئِلَتْ ﴿٨﴾ بِأَيِّ ذَنۢبٍ قُتِلَتْ ﴿٩﴾ وَإِذَا ٱلصُّحُفُ نُشِرَتْ
﴿١٠﴾ وَإِذَا ٱلسَّمَآءُ كُشِطَتْ ﴿١١﴾ وَإِذَا ٱلْجَحِيمُ سُعِّرَتْ ﴿١٢﴾ وَإِذَا ٱلْجَنَّةُ
أُزْلِفَتْ ﴿١٣﴾ عَلِمَتْ نَفْسٌ مَّآ أَحْضَرَتْ ﴿١٤﴾ فَلَآ أُقْسِمُ بِٱلْخُنَّسِ ﴿١٥﴾
ٱلْجَوَارِ ٱلْكُنَّسِ ﴿١٦﴾ وَٱلَّيْلِ إِذَا عَسْعَسَ ﴿١٧﴾ وَٱلصُّبْحِ إِذَا تَنَفَّسَ ﴿١٨﴾
إِنَّهُۥ لَقَوْلُ رَسُولٍ كَرِيمٍ ﴿١٩﴾ ذِى قُوَّةٍ عِندَ ذِى ٱلْعَرْشِ مَكِينٍ ﴿٢٠﴾ مُّطَاعٍ
ثَمَّ أَمِينٍ ﴿٢١﴾ وَمَا صَاحِبُكُم بِمَجْنُونٍ ﴿٢٢﴾ وَلَقَدْ رَءَاهُ بِٱلْأُفُقِ ٱلْمُبِينِ
﴿٢٣﴾ وَمَا هُوَ عَلَى ٱلْغَيْبِ بِضَنِينٍ ﴿٢٤﴾ وَمَا هُوَ بِقَوْلِ شَيْطَٰنٍ رَّجِيمٍ ﴿٢٥﴾
فَأَيْنَ تَذْهَبُونَ ﴿٢٦﴾ إِنْ هُوَ إِلَّا ذِكْرٌ لِّلْعَٰلَمِينَ ﴿٢٧﴾ لِمَن شَآءَ مِنكُمْ أَن
يَسْتَقِيمَ ﴿٢٨﴾ وَمَا تَشَآءُونَ إِلَّآ أَن يَشَآءَ ٱللَّهُ رَبُّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٢٩﴾
سُورَةُ الانفِطَارِ
ترتيبها ٨٢ آياتها ١٩

﴿١﴾ ﴿إِذَا ٱلشَّمْسُ كُوِّرَتْ﴾ واتـە: کاتێـك کـە خـۆر
وەکـو شـێوەی تـۆپی لێ دەکرێـت، لـوول
دەکرێت و کۆدەکرێتەوەو فڕێ دەدرێت.﴿٢﴾
﴿وَإِذَا ٱلنُّجُومُ ٱنكَدَرَتْ﴾ وە کاتێك کە ئەستێرەکان
دەکـەون و بەردەبنـەوەو بـڵاو دەبنـەوە، وە
ووتـراوە: ڕووناکییەکـەی نامێنێـت.﴿٣﴾
﴿وَإِذَا ٱلْجِبَالُ سُيِّرَتْ﴾ وە کاتێـك کـە ئەسـتێرەکان
پاش شیبوونەوەیان بە ئاسماندا دەڕۆن.﴿٤﴾
﴿وَإِذَا ٱلْعِشَارُ عُطِّلَتْ﴾ وە کاتێك کە ووشتری سك
پڕ کە بێچووەکەی لە سکیدایە پشتگوێ دەخرێت و وەزلێدەهێنرێت بەبێ شوان، ئەویش
لەبەر سەختی ئەو ناخۆشییە گەورانەی کە دەیبینن، وە بەتایبەت باسی ووشتر کراوە
چونکە بەنرخترین ماڵی عەرەب بووە.

﴿٥﴾ ﴿وَإِذَا ٱلْوُحُوشُ حُشِرَتْ﴾ وە کاتێك کە دڕندەکان زیندوو کرانەوە تا تۆڵە لە هەندێکیان بسەنرێت بۆ هەندێکیان، وە ووتراوە: حەشر کردنیان بریتییە لە مردنیان. ﴿٦﴾ ﴿وَإِذَا ٱلْبِحَارُ سُجِّرَتْ﴾ وە کاتێك کە دەریاکان دادەگیرسێنرێن تا دەبن بە ئاگرێکی گڕو بڵێساوی. ﴿٧﴾

﴿وَإِذَا ٱلنُّفُوسُ زُوِّجَتْ﴾ وە کاتێك کە نەفسی باوەڕداران دەگەیەنرێت بە حۆرییەکانی بەهەشتو نەفسی کافرانیش دەگەیەنرێت بە شەیتانەکان، حەسەن دەفەرمێت: هەموو کەسێك دەگەیەنرێت بە پێڕو تاقمەکەی خۆی: جولەکە بە جولەکە، گاور بە گاور، ئاگر پەرست بە ئاگرپەرست، دووڕوو بە دووڕوو، وە باوەڕدار دەگەیەنرێت بە باوەڕدار. ﴿٨﴾

﴿٩﴾ ﴿وَإِذَا ٱلْمَوْءُۥدَةُ سُئِلَتْ ﴿٨﴾ بِأَىِّ ذَنۢبٍ قُتِلَتْ﴾ وە کاتێك کە کچی زیندە بەچاڵ کراو پرسیاری لێ دەکرێت بە چ تاوانێك وا کوژرایتو زیندە بەچاڵ کرایت؟ عەرەب ئەگەر یەکێکیان منداڵی ببوایە کچ بوایە ئەوا زیندە بەچاڵیان دەکرد لە شەرمەزاریدا یان لەبەر نەبوونی، بۆیە سەرزەنشتی بکوژەکەی دەکرێت بە پرسیار لێکردنی، چونکە بەبێ تاوان کوژراوە. ﴿١٠﴾ ﴿وَإِذَا ٱلصُّحُفُ نُشِرَتْ﴾ وە کاتێك کە پەڕاو ونامەی کردەوەکان بۆ لێپرسینەوە بلاو دەکرێتەوە.

﴿١١﴾ ﴿وَإِذَا ٱلسَّمَآءُ كُشِطَتْ﴾ وە کاتێك کە ئاسمان کوون دەبێتو لادەبرێت. ﴿١٢﴾ ﴿وَإِذَا ٱلْجَحِيمُ سُعِّرَتْ﴾ وە کاتێك کە دۆزەخ دادەگیرسێنرێت، تووڕە بوونی خوای گەورەو تاوانی مرۆڤەکان دایگیرساندووە. ﴿١٣﴾ ﴿وَإِذَا ٱلْجَنَّةُ أُزْلِفَتْ﴾ وە کاتێك کە بەهەشت نزیك دەکرێتەوە لە خۆپارێزان لە تاوان، وە ووتراوە ئەم دوانزە رووداوە: شەشیان لە دونیادایە، لە سەرەتای سووڕەتەکەوە تا ﴿وَإِذَا ٱلْبِحَارُ سُجِّرَتْ﴾ وە شەشیان لە قیامەتدایە لە ئایەتی: ﴿وَإِذَا ٱلنُّفُوسُ زُوِّجَتْ﴾ تا ئێرە.

﴿١٤﴾ ﴿عَلِمَتْ نَفْسٌ مَّآ أَحْضَرَتْ﴾ واتە: هەموو نەفسێك دەزانێت چ کردەوەیەکی ئامادە کردووە لە باشو خراپ لە کاتی بڵاوکردنەوەی پەڕاوی کردەوەکان.

﴿١٥﴾﴿فَلَآ أُقۡسِمُ بِٱلۡخُنَّسِ﴾ خوای گەورە سوێند دەخوات بە ئەستێرەکان کە بە ڕۆژ وون دەبن و
دیار نامێنن لە ژێر ڕووناکی خۆرداو نابینرێن.﴿١٦﴾﴿ٱلۡجَوَارِ﴾ئەو ئەستێرانە کەوا لە
ڕێڕەوەی خۆیاندا دێن و دەڕۆن. ﴿ٱلۡكُنَّسِ﴾لەکاتی ئاوابوونیاندا دیار نامێنن، ﴿ٱلۡكُنَّسِ﴾لە
الكناس وەرگیراوە کە ئاژەڵان لە ئاسکەو جگە لەو تێیدا خۆیان دەشارنەوە.﴿١٧﴾﴿وَٱلَّيۡلِ إِذَا
عَسۡعَسَ﴾ وە سوێند بێت بە شەو کاتێك کە دەڕوات و پشت هەڵ دەکات و تاریکییەکەی
نامێنێت.﴿١٨﴾﴿وَٱلصُّبۡحِ إِذَا تَنَفَّسَ﴾ وە سوێند بێت بە سپێدە کاتێك دێت بە گیان و شنەی
باوە.﴿١٩﴾﴿إِنَّهُۥ﴾ئەم قورئانە پیرۆزە. ﴿لَقَوۡلُ رَسُولٖ كَرِيمٖ﴾ فەرموودەی نێردراوێکی بەڕێزە کە
جبریلە ﷺچونکە قورئانی لەلایەن خوای گەورەوە بۆ پێغەمبەر ﷺ هێناوە.

﴿٢٠﴾﴿ذِي قُوَّةٍ عِندَ ذِي ٱلۡعَرۡشِ مَكِينٖ﴾ ئەو جبریلە خاوەن توانایەکی بەرزو پلەو پایەیەکی
چەسپاوە لای خوای گەورە.﴿٢١﴾﴿مُّطَاعٖ ثَمَّ أَمِينٖ﴾لەوێ لەلای فریشتەکان گوێڕایەڵی کراوەو
بۆ لای ئەم دەگەڕێنەوەو، ئەمینە لەسەر وەحی و هەموو شتێکی تر.﴿٢٢﴾﴿وَمَا صَاحِبُكُم بِمَجۡنُونٖ
﴾ ئەم هاوەڵەی ئێوە بە دڵنیایی شێت نییە، وەسفی پێغەمبەری ﷺ کرد بە هاوڕێ بۆ
هەست کردن بەوەی کە ئەوان خۆیان ئاگاداری حاڵی ئەون کە عاقڵترین و کامڵترین و
تەواوترین کەسە. ﴿٢٣﴾﴿وَلَقَدۡ رَءَاهُ بِٱلۡأُفُقِ ٱلۡمُبِينِ﴾ بە بێ گومان پێغەمبەر ﷺ جبریلی بینی لە
ئاسۆی دیاردا لەسەر شێوازی ڕاستەقینەی خۆی کە شەش سەد باڵی هەبوو، مجاهد
دەفەرمێت: لە نزیك ئەجیاد بینی، کە ڕۆژهەڵاتی مەککەیە.﴿٢٤﴾﴿وَمَا هُوَ﴾واتە پێغەمبەری
خوا ﷺ. ﴿عَلَى ٱلۡغَيۡبِ﴾ لە هەواڵی ئاسمان و وەحی. ﴿بِضَنِينٖ﴾ ڕەزیلی و چروکی ناکات و
کەمتەرخەمی ناکات لە گەیاندنیدا، بەڵکو خەڵکی فێری فەرموودەکانی خوای گەورەو
ئەحکامەکانی دەکات.﴿٢٥﴾﴿وَمَا هُوَ بِقَوۡلِ شَيۡطَٰنٖ رَّجِيمٖ﴾ واتە: ئەم قورئانە پیرۆزە ووتەی
شەیتانێك لە شەیتانەکان نییە کە گوێ ی لە وەحی گرتیبێت بۆ ئەوەی لێی بدزێت و ڕەجم

کرابێت بە نەیزەك.(٢٦)﴿فَأَيْنَ تَذْهَبُونَ﴾ ئیتر ئێوە چ ڕێگایەك دەگرنەبەر ڕوونتر لەم ڕێگایەی کە بۆتان ڕوون کرایەوە.(٢٧)﴿إِنْ هُوَ إِلَّا ذِكْرٌ لِّلْعَالَمِينَ﴾ واتە: ئەم قورئانە تەنها ئامۆژگاریو یادکردنەوەیە بۆ تێکڕای خەڵکی.(٢٨)﴿لِمَن شَاءَ مِنكُمْ أَن يَسْتَقِيمَ﴾بۆ کەسێك لە ئێوە کە ویستی لە دامەزراوی بێت.(٢٩)﴿وَمَا تَشَاءُونَ إِلَّا أَن يَشَاءَ اللَّهُ رَبُّ الْعَالَمِينَ﴾ وە ئێوە هیچ ویستێکی دامەزراویتان نییەو تواناتان بەسەردا نییە تەنها بە سەرخستنو یارمەتیدانو ویستی خوای گەورە نەبێت.


بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ
إِذَا السَّمَاءُ انفَطَرَتْ (١) وَإِذَا الْكَوَاكِبُ انتَثَرَتْ (٢) وَإِذَا الْبِحَارُ فُجِّرَتْ (٣) وَإِذَا الْقُبُورُ بُعْثِرَتْ (٤) عَلِمَتْ نَفْسٌ مَّا قَدَّمَتْ وَأَخَّرَتْ (٥) يَا أَيُّهَا الْإِنسَانُ مَا غَرَّكَ بِرَبِّكَ الْكَرِيمِ (٦) الَّذِي خَلَقَكَ فَسَوَّاكَ فَعَدَلَكَ (٧) فِي أَيِّ صُورَةٍ مَّا شَاءَ رَكَّبَكَ (٨) كَلَّا بَلْ تُكَذِّبُونَ بِالدِّينِ (٩) وَإِنَّ عَلَيْكُمْ لَحَافِظِينَ (١٠) كِرَامًا كَاتِبِينَ (١١) يَعْلَمُونَ مَا تَفْعَلُونَ (١٢) إِنَّ الْأَبْرَارَ لَفِي نَعِيمٍ (١٣) وَإِنَّ الْفُجَّارَ لَفِي جَحِيمٍ (١٤) يَصْلَوْنَهَا يَوْمَ الدِّينِ (١٥) وَمَا هُمْ عَنْهَا بِغَائِبِينَ (١٦) وَمَا أَدْرَاكَ مَا يَوْمُ الدِّينِ (١٧) ثُمَّ مَا أَدْرَاكَ مَا يَوْمُ الدِّينِ (١٨) يَوْمَ لَا تَمْلِكُ نَفْسٌ لِّنَفْسٍ شَيْئًا وَالْأَمْرُ يَوْمَئِذٍ لِّلَّهِ (١٩)
سُورَةُ المُطَفِّفِينَ
بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ
وَيْلٌ لِّلْمُطَفِّفِينَ (١) الَّذِينَ إِذَا اكْتَالُوا عَلَى النَّاسِ يَسْتَوْفُونَ (٢) وَإِذَا كَالُوهُمْ أَو وَّزَنُوهُمْ يُخْسِرُونَ (٣) أَلَا يَظُنُّ أُولَٰئِكَ أَنَّهُم مَّبْعُوثُونَ (٤) لِيَوْمٍ عَظِيمٍ (٥) يَوْمَ يَقُومُ النَّاسُ لِرَبِّ الْعَالَمِينَ (٦)

سُورَةُ الإنفِطَار

(١)﴿إِذَا السَّمَاءُ انفَطَرَتْ﴾ کاتێك ئاسمانەکان شەق دەبێت بۆ دابەزینی مەلائیکەتەکان.(٢)﴿وَإِذَا الْكَوَاكِبُ انتَثَرَتْ﴾ کاتێك ئەستێرەکان ئەدەن بەیەکداو لێك جیادەبنەوەو بەردەبنەوە .

(٣) ﴿وَإِذَا الْبِحَارُ فُجِّرَتْ﴾ مەبەست: کاتێك دەریاکان دەتەقێنرێنەوەو دەبن بەیەك دەریا، یاخود: تەقاندنەوەی وەکو تەقانەوەی بورکانەکان وایە، ئەمیش پێش هەستانی قیامەت. (٤)﴿وَإِذَا الْقُبُورُ بُعْثِرَتْ﴾ وەکاتێك کە خۆڵی گۆڕەکان قڵپ دەکرێتەوە، وە مردووەکانی ناوی دەردەکرێن.

﴿٥﴾ ﴿ عَلِمَتۡ نَفۡسٞ مَّا قَدَّمَتۡ وَأَخَّرَتۡ ﴾ کاتێـك کتابـەکان بـڵاو دەکرێنــەوەو دەدرێـن بەدەسـتی
خــەڵکی ئــەو کاتــە دەزانــن چــی کــردەوەی چــاك یــان خراپــان کــردووە.﴿٦﴾ ﴿
یَٰٓأَیُّهَا ٱلۡإِنسَٰنُ مَا غَرَّكَ بِرَبِّكَ ٱلۡكَرِیمِ ﴾ ئەی مرۆڤـ چی وای لێ کردی مەغرور بیت‌و هەڵبخەڵەتێیت
هەتا کوفر بکەی بە پەروەردگاری بەڕێزت؟ ووتراوە ئەوەی وای لە مرۆڤ کردووە مەغرور
بێت‌و هەڵبخەڵەتێت لێبووردەیی خوای گەورەیە کە پەلە ناکات لە سزادانی. ﴿٧﴾ ﴿ ٱلَّذِی
خَلَقَكَ ﴾ ئەو خوایەی کە دروستی کردووە لە دڵۆپە ئاوێك کە هەر بوونت نەبووە﴿ فَسَوَّىٰكَ ﴾
کردووتیەتی بەئینسانێك کە دەبیستێت‌و دەبینێت‌و عەقڵت بەهەموو شتێك دەشکێ ﴿
فَعَدَلَكَ ﴾ رێکی خستوویت‌و بە پێوە دایناویت‌و شێوەی جوان کردویت، وە ئەندامەکانی
هاوسەنگ‌و رێك‌و گونجاو کردویت.﴿٨﴾ ﴿ فِیٓ أَیِّ صُورَةٖ مَّا شَآءَ رَكَّبَكَ ﴾ ڕێکی خستوویت لەو
شێوازەی کەخوای گەورە ویستی لێیە لە شێوازی جۆراو جۆر، وە تۆ خۆت شێوەو وێنەی
خۆت هەڵنەبژاردووە. ﴿٩﴾ ﴿ كَلَّا ﴾ نابێت مرۆڤ وابێت، دواخستنی سزای خوای گەورە وای
لێ بکات لەخشتەی بەرێ، بەڵکو دەبێت وای لـێ بکات بۆ لای خوای گەورە بگەڕێتەوە﴿ بَلۡ
تُكَذِّبُونَ بِٱلدِّینِ ﴾ بەڵکو ئێوە ڕۆژی سزا بەدرۆ دەزانن.

﴿١٠﴾ ﴿ وَإِنَّ عَلَیۡكُمۡ لَحَٰفِظِینَ ﴾ مەلائیکەتی خوا لەسەر ئێوەیە کەوا کردەوەی ئێوە دەنوسێت.

﴿١١﴾ ﴿ كِرَامٗا كَٰتِبِینَ ﴾ مەلائیکـە بەڕێزو نوسـەرن .﴿١٢﴾ ﴿ یَعۡلَمُونَ مَا تَفۡعَلُونَ ﴾ ئەفەرمووێ: ئێوە
ڕۆژی دوایـی بـەدرۆ دەزانـن، وە ئێـوە سـپێردراون بەمەلائیکـەتی خـوا، ووتـەو کردەوەتـان
دەنووسـرێت تـا موحاسـەبە بکـرێن لەسـەری لـە ڕۆژی دوایـی.﴿١٣﴾ ﴿ إِنَّ ٱلۡأَبۡرَارَ لَفِی نَعِیمٖ ﴾ بـە

دڵنیـایی چـاکەکاران لەنازونیعمـەتی بەهەشـتدان.﴿١٤﴾ ﴿وَإِنَّ ٱلۡفُجَّارَ لَفِي جَحِيمٖ﴾ وە بـەدڵنیایی فاجرو خراپەکاران شوێنیان دۆزەخە.

﴿١٥﴾ ﴿يَصۡلَوۡنَهَا يَوۡمَ ٱلدِّينِ﴾ لە ڕۆژی سزادا دەخرێنە دۆزەخەوە کە بە درۆیـان دەزانـی، بـەردەوام تێیدا دەمێننـەوەو گـڕو گـەرمییەکـەی دەچێژن .﴿١٦﴾ ﴿وَمَا هُمۡ عَنۡهَا بِغَآئِبِينَ﴾ هـەموو کاتێك ئامادە دەبن لەدۆزەخـدا هـیچ کاتێك لێـی جیانابنـەوە وە هـیچ کاتێك غائب نـابن، بـەڵکو بـە هـەتا هەتایی تێیدا دەمێننەوە.

﴿١٧﴾ ﴿وَمَآ أَدۡرَىٰكَ مَا يَوۡمُ ٱلدِّينِ﴾ تۆ چوزانی ڕۆژی قیامەت چییە.

﴿١٨﴾ ﴿ثُمَّ مَآ أَدۡرَىٰكَ مَا يَوۡمُ ٱلدِّينِ﴾ پاشـان تـۆ چـوزانی ئـەو ڕۆژە چـیە واتـە: ڕۆژی سـزاو لێپرسینەوە، دووبارەی کردەوە بۆ بەگەورە زانینی ئەو ڕۆژەو سەختی ناخۆشییەکانی.

﴿١٩﴾ ﴿يَوۡمَ لَا تَمۡلِكُ نَفۡسٞ لِّنَفۡسٖ شَيۡـٔٗاۖ وَٱلۡأَمۡرُ يَوۡمَئِذٖ لِّلَّهِ﴾ لـەو ڕۆژەدا کـەس نییـە بتوانێـت بڕیارێك بدات یاخود شتێك بکات، تەنها خوای گەورەی پەروەردگاری هەموو جیهان نەبێت، کە لەو ڕۆژەدا هیچ موڵکێك بە کەس نابەخشێت هەروەکو چۆن لە دونیا پێیانی دەبەخشی.

## سُورَةُ المُطَفِّفِينَ

ابن عباس (ڕەزای خوایان لێبێت) ئەفەرموێ: کاتێ پێغەمبەر ﷺ هاتە مەدینـەوە خەڵکی مەدینـە لەهـەموو کەسـێ کێشـانەو پێوانـەیان خراپتربـوو، خـوای گـەورە ئـەم سـورەتەی دابەزاند: ﴿وَيۡلٞ لِّلۡمُطَفِّفِينَ﴾ دوای ئەوە خەڵك کێشانەو پێوانەیان چاك کرد.

﴿١﴾ ﴿ وَيۡلٞ لِّلۡمُطَفِّفِينَ ﴾ التطفيف: کەمکردنە لە کێشانەو پێوانەدا شتێکی کەم، وە لەوانەیە یەکێك لەوان دوو صاعی هەبوو بێت بە یەکێکیان بۆ خەڵکی دەکێشاو بەوی تریان بۆ خۆی.

﴿٢﴾ ﴿ ٱلَّذِينَ إِذَا ٱكۡتَالُواْ عَلَى ٱلنَّاسِ يَسۡتَوۡفُونَ ﴾ واتە: کاتێ یەکێ لەمان شتێك بۆ خۆی بکرێ کێشانە بێ یان پێوانە بەتەواوەتی دەیکڕێ.

﴿٣﴾ ﴿ وَإِذَا كَالُوهُمۡ أَو وَّزَنُوهُمۡ يُخۡسِرُونَ ﴾ وە ئەگەر شتیان بەخەڵکی بفرۆشتایە ئەوا پێوانەیان کەم دەکرد، یاخود بیانکێشایە سوك دەیانکێشا.

﴿٤﴾ ﴿ أَلَا يَظُنُّ أُوْلَٰٓئِكَ أَنَّهُم مَّبۡعُوثُونَ ﴾ ئایا ئەوان بەخەیاڵیاندا نایات ڕۆژێ لەڕۆژان زیندوو ئەکرێنەوەو پرسیاریان لێ دەکرێ لەو کردەوەیەی کە کردویانە، بۆ گومانی ئەو شتانە نابەن تا بیربکەنەوەو تا لێکۆڵینەوەی تیا بکەن و بەدوایدا بگەڕێن، وەواز لەشتێ بێنن کەلەعاقیبەتەکەی ئەترسێن.

﴿٥﴾ ﴿ لِيَوۡمٍ عَظِيمٖ ﴾ ئەو ڕۆژەی لێپرسینەوەی لەگەڵ دەکرێ ڕۆژێکی زۆر گەورەیە کە ڕۆژی قیامەتە.

﴿٦﴾ ﴿ يَوۡمَ يَقُومُ ٱلنَّاسُ لِرَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ﴾ ڕۆژێکە هەر هەموو خەڵك ڕاوەستاوە چاوەڕێی فەرمانی خوای گەورەن، یان چاوەڕێی پاداشتن، یاچاوەڕێی سزان، کە ئەمەش بەڵگەیە لەسەر گەورەیی تاوانی کێشانەو پێوانەو فێڵ کردن تیایدا، کە تاوانەکەی چەندێ زیاترە وە سزاکەی چەندێ گەورەترە، لەبەر ئەوەی خیانەتە لە ئەمانەت، وە خواردنی مافی خەڵکە بەناحەق.

كَلَّآ إِنَّ كِتَٰبَ ٱلۡفُجَّارِ لَفِي سِجِّينٖ ٧ وَمَآ أَدۡرَىٰكَ مَا سِجِّينٞ ٨ كِتَٰبٞ
مَّرۡقُومٞ ٩ وَيۡلٞ يَوۡمَئِذٖ لِّلۡمُكَذِّبِينَ ١٠ ٱلَّذِينَ يُكَذِّبُونَ بِيَوۡمِ ٱلدِّينِ ١١
وَمَا يُكَذِّبُ بِهِۦٓ إِلَّا كُلُّ مُعۡتَدٍ أَثِيمٍ ١٢ إِذَا تُتۡلَىٰ عَلَيۡهِ ءَايَٰتُنَا قَالَ أَسَٰطِيرُ
ٱلۡأَوَّلِينَ ١٣ كَلَّاۖ بَلۡۜ رَانَ عَلَىٰ قُلُوبِهِم مَّا كَانُواْ يَكۡسِبُونَ ١٤ كَلَّآ إِنَّهُمۡ
عَن رَّبِّهِمۡ يَوۡمَئِذٖ لَّمَحۡجُوبُونَ ١٥ ثُمَّ إِنَّهُمۡ لَصَالُواْ ٱلۡجَحِيمِ ١٦ ثُمَّ يُقَالُ
هَٰذَا ٱلَّذِي كُنتُم بِهِۦ تُكَذِّبُونَ ١٧ كَلَّآ إِنَّ كِتَٰبَ ٱلۡأَبۡرَارِ لَفِي عِلِّيِّينَ
١٨ وَمَآ أَدۡرَىٰكَ مَا عِلِّيُّونَ ١٩ كِتَٰبٞ مَّرۡقُومٞ ٢٠ يَشۡهَدُهُ ٱلۡمُقَرَّبُونَ
٢١ إِنَّ ٱلۡأَبۡرَارَ لَفِي نَعِيمٍ ٢٢ عَلَى ٱلۡأَرَآئِكِ يَنظُرُونَ ٢٣ تَعۡرِفُ فِي
وُجُوهِهِمۡ نَضۡرَةَ ٱلنَّعِيمِ ٢٤ يُسۡقَوۡنَ مِن رَّحِيقٖ مَّخۡتُومٍ ٢٥
خِتَٰمُهُۥ مِسۡكٞۚ وَفِي ذَٰلِكَ فَلۡيَتَنَافَسِ ٱلۡمُتَنَٰفِسُونَ ٢٦ وَمِزَاجُهُۥ
مِن تَسۡنِيمٍ ٢٧ عَيۡنٗا يَشۡرَبُ بِهَا ٱلۡمُقَرَّبُونَ ٢٨ إِنَّ ٱلَّذِينَ
أَجۡرَمُواْ كَانُواْ مِنَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ يَضۡحَكُونَ ٢٩ وَإِذَا مَرُّواْ بِهِمۡ
يَتَغَامَزُونَ ٣٠ وَإِذَا ٱنقَلَبُوٓاْ إِلَىٰٓ أَهۡلِهِمُ ٱنقَلَبُواْ فَكِهِينَ ٣١
وَإِذَا رَأَوۡهُمۡ قَالُوٓاْ إِنَّ هَٰٓؤُلَآءِ لَضَآلُّونَ ٣٢ وَمَآ أُرۡسِلُواْ عَلَيۡهِمۡ
حَٰفِظِينَ ٣٣ فَٱلۡيَوۡمَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مِنَ ٱلۡكُفَّارِ يَضۡحَكُونَ ٣٤

(٧) ﴿كَلَّآ إِنَّ كِتَٰبَ ٱلۡفُجَّارِ لَفِي سِجِّينٖ﴾ خراپـەكاران و
ئەوانەی لەكێشانەو پێوانە كەم بەخەڵك دەدەن و
فێڵ دەكەن هەموو ناونوس كراون لەپەڕاوی
ئەهلی ئاگر، یاخود: بەند دەكرێن و شوێنیان
تەنگ و تەسك دەكرێت. (٨) ﴿وَمَآ أَدۡرَىٰكَ مَا سِجِّينٞ﴾
ئەی محمد ﷺ تۆ چوزانیت سِجِّینٌ چییە. (٩)
﴿كِتَٰبٞ مَّرۡقُومٞ﴾ ئەو پەڕاوەی كە ناویانی تیا تۆمار
كراوە پەڕاوێكی نوسراوە، وە ووتراوە: سِجِّينٌ لە
بنچینەدا سجیل ە لە السجل وەرگیراوە كە
بریتییە لە پەرتوك. (١٠)
﴿وَيۡلٞ يَوۡمَئِذٖ لِّلۡمُكَذِّبِينَ﴾ خوای گەورە هەڕەشە دەكات
لەو كەسانەی كە ڕۆژی دوایی بەدرۆ دەزانن و
باوەڕیان پێی نەهێناوە. (١١) ﴿ٱلَّذِينَ يُكَذِّبُونَ بِيَوۡمِ ٱلدِّينِ﴾ ئەوانەی ڕۆژی دوایی بەدرۆ دەزانن. (١٢)
﴿وَمَا يُكَذِّبُ بِهِۦٓ إِلَّا كُلُّ مُعۡتَدٍ أَثِيمٍ﴾ وە هیچ كەسێك ئەو ڕۆژە بە درۆ نازانێت مەگەركەسێكی خراپەكاری
ستەمكاری سنور بەزاندوو لە تاواندا ڕۆچوو لە هۆكارەكانیدا. (١٣) ﴿إِذَا تُتۡلَىٰ عَلَيۡهِ ءَايَٰتُنَا﴾ كاتێ
ئایەتەكانی ئێمەی بەسەرا بخوێنرێتەوە ئەو ئایەتانەی بۆ پێغەمبەر ﷺ دابەزیووە، ﴿قَالَ أَسَٰطِيرُ
ٱلۡأَوَّلِينَ﴾ دەڵێت ئەمە سەرگوزشتەو قسە پوچەڵەكانیانە كە لە پەرتوكەكانیاندا
هەیە. (١٤) ﴿كَلَّاۖ﴾ نەخێر وانییە، بۆ سەرزەنشت كردن و بەرپەرچ دانەوەی ئەو دەستدرێژكارە
تاوانبارەیە لەو ووتە پوچەڵەو بەدرۆ زانینە، ﴿بَلۡ (١٥) ثُمَّ عَلَىٰ قُلُوبِهِم مَّا كَانُواْ يَكۡسِبُونَ﴾ تاوان و
سەرپێچیان زۆر كردووە تا دەوری دڵی داون، ئەمە ئەو (ران) ەیە بەسەریەوە. روى الترمذي عن
أبي هريرة (ڕەزای خوای لێبێت) عن النبي ﷺ قال: «إنَّ العَبْدَ إذا أخطأَ خطيئةً، نُكِتَتْ في قلبه نُكْتَةٌ
سَوداء، فإذا هو نَزَعَ واستَغفَرَ وتابَ، صُقِلَ قلبُه، وإنْ عادَ، زِيدَ فيها، حتى تَعْلُوَ قَلْبَهُ، وهو الرَّانُ الذي ذكره

الله ﴿بَلْ ۚ رَانَ عَلَىٰ قُلُوبِهِم مَّا كَانُوا يَكْسِبُونَ﴾(١). واتە: ئەگەر بەندە تاوانێکی کرد خاڵێکی ڕەش لەسەر دڵی دادەنرێ، ئەگەر هاتوو تۆبەی کردو وازی هێناو داوای لێخۆش بوونی کرد ئەوا دڵی پاك دەبێتەوە، ئەگەر گەڕایەوە سەر تاوان خاڵەکان زیاد دەکات تادڵی دادەپۆشێ، ئەمە ئەو (ران) ەیە کە لە قورئاندا باس کراوە. ﴿كَلَّا إِنَّهُمْ عَن رَّبِّهِمْ يَوْمَئِذٍ لَّمَحْجُوبُونَ ﴿١٥﴾﴾ نەخێر ئەوان لە بینینی پەروەردگاریان لە ڕۆژی قیامەت بێبەش کراون، تەماشای ناکەن هەروەکو چۆن باوەڕداران تەماشای دەکەن، هەروەکو چۆن لە دونیادا بێبەشی کردن لە یەکخواپەرستی خۆی لە ڕۆژی قیامەتیشدا بێبەشیان دەکات لە بینینی خۆی. ﴿١٦﴾ ﴿ثُمَّ إِنَّهُمْ لَصَالُوا الْجَحِيمِ﴾ واتە: ئەمانە دەچنە ئاگری دۆزەخەوە پاشان گەرمیەکەی دەچێژن. ﴿١٧﴾ ﴿ثُمَّ يُقَالُ هَٰذَا الَّذِي كُنتُم بِهِ تُكَذِّبُونَ﴾ دواتر پێیان دەوترێ ئەمەئەو شوێنەیە کەبەدرۆتان دەزانی. ﴿١٨﴾ ﴿كَلَّا إِنَّ كِتَابَ الْأَبْرَارِ لَفِي عِلِّيِّينَ﴾ چاکەکاران ناونوس کراون کەئەمانە ئەهلی شوێنە بەرزەکانی بەهەشتن، یاخود پلە بەرزەکانی بەهەشت، وە چاکەکار: ئەوانەن کە گوێڕایەڵی خواو پێغەمبەر ﷺ ئەکەن و فەرمانیان جێبەجێ دەکەن. ﴿١٩﴾ ﴿وَمَا أَدْرَاكَ مَا عِلِّيُّونَ﴾ ئەی محمد ﷺ تۆ چوزانیت عِلِّيُّونَ چییە، بۆ بەگەورە زانینی عِلِّيُّونَ ە. ﴿٢٠﴾ ﴿كِتَابٌ مَّرْقُومٌ﴾ ئەو کتابەی کەناوی ئەوانی تیا نوسراوەتەوە کتابێکی نوسراوە. ﴿٢١﴾ ﴿يَشْهَدُهُ الْمُقَرَّبُونَ﴾ واتە: مەلائیکەتەکانی خوای گەورە ئامادەی ئەو کتابە نوسراوە ئەبن و دەیبینن، وە ووتراوە: شایەتی دەدەن بەوەی کەوا لەناو ئەو کتابە نوسـراوە لـە ڕۆژی دوایـی. ﴿٢٢﴾ ﴿إِنَّ الْأَبْرَارَ لَفِي نَعِيمٍ﴾ بەراسـتی چـاکەکاران لەبەهەشـتدان. ﴿٢٣﴾ ﴿عَلَى الْأَرَائِكِ﴾ الْأَرَائِكِ جێگەیەکە وەکو جۆلانەیەك ڕاخراوەو بەرزە، ﴿يَنظُرُونَ﴾ سەیری ئەو هەموو ڕێزو پلەوپایە دەکەن کە خوای گەورە پێیانی داوە، وە ووتراوە: سەیری ڕووی خوای گەورە دەکەن. ﴿٢٤﴾ ﴿تَعْرِفُ فِي وُجُوهِهِمْ نَضْرَةَ النَّعِيمِ﴾ کە بیانبینیت دەزانیت ئەمانە لە نازو نیعمەتدا بوونە، لە جوانی و ڕوناکی و سپێتی و گەشاوەیی ڕوویان. ﴿٢٥﴾ ﴿يُسْقَوْنَ مِن رَّحِيقٍ مَّخْتُومٍ﴾ الْرَّحِيق: عارەقێکیان پێ دەدرێ کە هیچ فێڵێکی تیانیە وە هیچ شتێکی تیانیە کە توشی فەسادیان بکات، والْمَختوم: مۆری پێوەیە، قەدەغەیە هیچ کەسێ دەستی بۆ بەرێ هەتا دەبرێت بۆ چاکەکاران و تا مۆرەکەی بۆ ئەوان دەکرێتەوە. ﴿٢٦﴾ ﴿خِتَامُهُ مِسْكٌ﴾ واتە: دوا تامی

(١) أخرجه أحمد (٢/٢٩٧ ، رقم ٧٩٣٩)، والترمذی (٥/٤٣٤، رقم ٣٣٣٤) وقال: حسن صحیح . والنسائی فی الكبرى (٦/١١٠، رقم ١٠٢٥١)، وابن ماجه (٢/١٤١٨، رقم ٤٢٤٤)، وابن أبی الدنیا فی التوبة (ص١٤٣، رقم ١٩٨ ط مكتبة القرآن)، وابن حبان (٧/٢٧، رقم ٢٧٨٧)، والحاكم (١/٤٥، رقم ٦) وقال: صحیح . والبیهقی فی شعب الإیمان (٥/٤٤٠ ، رقم ٧٢٠٣ مكرر)، وحسنه الشیخ الألباني في: صحیح الجامع الصغیر: ١٦٧٠ ).

بۆنی میسکی هەیە؛ ئەوەی کە مەیەکە دەخواتەوە دوا بۆن بۆنی میسکە، وە ووتراوە: قاپ و گڵاسەکان مۆرکراوە بەمیسك﴿وَفِي ذَٰلِكَ فَلْيَتَنَافَسِ ٱلْمُتَنَٰفِسُونَ﴾ واتە: ئەوانەی کەرەغبەتیان هەیە بۆ بەهەشت با پێشبڕکێ بکەن، چۆن کۆمەڵێ کەس پێشبڕکێ دەکەن و هەر کەسێ لەوان دەیەوێ پێشبڕکێکە بۆ خۆی بێ و بەسەر ئەوانی تردا زاڵ بێ.﴿٢٧﴾ ﴿وَمِزَاجُهُۥ مِن تَسْنِيمٍ﴾ ئەو عارەقە تێکەڵاو دەکرێ بە تَسْنِيمٍ؛ ئەو خواردنەوەیە لەبەرزەوە بۆیان شۆڕ دەکرێتەوە، بەڕێزترین خواردنەوەی بەهەشتە. ﴿٢٨﴾ ﴿عَيْنًا يَشْرَبُ بِهَا ٱلْمُقَرَّبُونَ﴾ ئەو ڕەحیقە ئەخۆن لەسەرچاوەی تَسْنِيمٍ لە گڵاسەکانیاندا تێکەڵی دەکەن.﴿٢٩﴾ ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ أَجْرَمُوا۟﴾ئەوانەی کافر بوونە﴿كَانُوا۟ مِنَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ يَضْحَكُونَ﴾ گاڵتەیان ئەکرد بە ئیمانداران لە دونیادا. ﴿٣٠﴾ ﴿وَإِذَا مَرُّوا۟ بِهِمْ يَتَغَامَزُونَ﴾ کاتێك بەلای ئیمانداران تێپەڕ بوونایا گاڵتەیان پێ دەکردن بەئیشارەت بەپێڵوی چاویان، بەبرۆیان، بەدەستیان، لەکەداریان دەکردن بەهۆی ئەوەی کە ئەمانە موسڵمانن، وەعەیب و عاریان لێ دەدۆزینەوە.﴿٣١﴾ ﴿وَإِذَا ٱنقَلَبُوٓا۟﴾ واتە: کاتێك کافرەکان دەچونەوە ماڵەوە ﴿إِلَىٰٓ أَهْلِهِمُ﴾ بۆ لای کەس و کاریان کە مەجلیسەکانیان جێ دەهێڵا﴿ٱنقَلَبُوا۟ فَكِهِينَ﴾ زۆر سەرسام دەبوون بەخۆیان کە گاڵتەیان بەموسڵمانان کردووەو لەززەتیان کردووە لەو ڕابواردن و گاڵتەکردنە، وە خۆشحاڵن لەوەی کەوا تانەو تەشەریان لەئیمانداران داوە، وە گاڵتەیان پێیان کردووە.﴿٣٢﴾ ﴿وَإِذَا رَأَوْهُمْ قَالُوٓا۟ إِنَّ هَٰٓؤُلَآءِ لَضَآلُّونَ﴾ وە ئەگەر موسڵمانان ببینن گاڵتەیان پێ دەکەن و دەڵێن ئەمانە گومڕان و لایان داوە لەدینی باو باپیرانیان.﴿٣٣﴾ ﴿وَمَآ أُرْسِلُوا۟ عَلَيْهِمْ حَٰفِظِينَ﴾ خوای گەورە ئەوانی نەناردووە بۆ سەر موسڵمانان و لە لایەنی خوای گەورەوە نێردرابێتن؛ کە ئیمانداران سپێردرابێتنە دەست ئەوان تا کردەوەکانیان بپارێزن.

٣٤ ﴿ فَٱلۡيَوۡمَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مِنَ ٱلۡكُفَّارِ يَضۡحَكُونَ ﴾ ئەمڕۆ باوەڕداران گاڵتە بەکافران دەکەن کە دەیانبینن زەلیل و ریسواو تێکشکاون لە ئاگری دۆزەخ، هەر وەکو چۆن لەدونیا کافرەکان گاڵتەیان بە ئیمانداران دەکرد.


عَلَى ٱلۡأَرَآئِكِ يَنظُرُونَ ٣٥ هَلۡ ثُوِّبَ ٱلۡكُفَّارُ مَا كَانُواْ يَفۡعَلُونَ ٣٦
سُورَةُ ٱلِانشِقَاقِ
بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ
إِذَا ٱلسَّمَآءُ ٱنشَقَّتۡ ١ وَأَذِنَتۡ لِرَبِّهَا وَحُقَّتۡ ٢ وَإِذَا ٱلۡأَرۡضُ مُدَّتۡ ٣ وَأَلۡقَتۡ مَا فِيهَا وَتَخَلَّتۡ ٤ وَأَذِنَتۡ لِرَبِّهَا وَحُقَّتۡ ٥ يَٰٓأَيُّهَا ٱلۡإِنسَٰنُ إِنَّكَ كَادِحٌ إِلَىٰ رَبِّكَ كَدۡحٗا فَمُلَٰقِيهِ ٦ فَأَمَّا مَنۡ أُوتِيَ كِتَٰبَهُۥ بِيَمِينِهِۦ ٧ فَسَوۡفَ يُحَاسَبُ حِسَابٗا يَسِيرٗا ٨ وَيَنقَلِبُ إِلَىٰٓ أَهۡلِهِۦ مَسۡرُورٗا ٩ وَأَمَّا مَنۡ أُوتِيَ كِتَٰبَهُۥ وَرَآءَ ظَهۡرِهِۦ ١٠ فَسَوۡفَ يَدۡعُواْ ثُبُورٗا ١١ وَيَصۡلَىٰ سَعِيرًا ١٢ إِنَّهُۥ كَانَ فِيٓ أَهۡلِهِۦ مَسۡرُورًا ١٣ إِنَّهُۥ ظَنَّ أَن لَّن يَحُورَ ١٤ بَلَىٰٓۚ إِنَّ رَبَّهُۥ كَانَ بِهِۦ بَصِيرٗا ١٥ فَلَآ أُقۡسِمُ بِٱلشَّفَقِ ١٦ وَٱلَّيۡلِ وَمَا وَسَقَ ١٧ وَٱلۡقَمَرِ إِذَا ٱتَّسَقَ ١٨ لَتَرۡكَبُنَّ طَبَقًا عَن طَبَقٖ ١٩ فَمَا لَهُمۡ لَا يُؤۡمِنُونَ ٢٠ وَإِذَا قُرِئَ عَلَيۡهِمُ ٱلۡقُرۡءَانُ لَا يَسۡجُدُونَۤ ۩ ٢١ بَلِ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ يُكَذِّبُونَ ٢٢ وَٱللَّهُ أَعۡلَمُ بِمَا يُوعُونَ ٢٣ فَبَشِّرۡهُم بِعَذَابٍ أَلِيمٍ ٢٤ إِلَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ لَهُمۡ أَجۡرٌ غَيۡرُ مَمۡنُونِۭ ٢٥

٣٥ ﴿ عَلَى ٱلۡأَرَآئِكِ يَنظُرُونَ ﴾ ئیمانـــداران دانیشتوونە لەسەر ئەو جۆلانیانەو ئەو شوێنە بەرزانەی کەبۆیان ئامادەکراوە لەوێوە تەماشای دوژمنانی خوا دەکەن کەلەناو ئاگری دۆزەخدا سزا دەدرێن، وە باوەڕدارانیش لە نازو نیعمەت وخۆشی بەهەشتدان. ٣٦ ﴿ هَلۡ ثُوِّبَ ٱلۡكُفَّارُ مَا كَانُواْ يَفۡعَلُونَ ﴾ واتە: بە دڵنیایی کافران سزای خۆیان وەرگرت کە لە دونیادا گاڵتەیان بە باوەڕداران دەکرد

## سُورَةُ الانْشِقَاقِ

١ ﴿ إِذَا ٱلسَّمَآءُ ٱنشَقَّتۡ ﴾ کاتێك ئاسمان لەت دەبێ کە یەکێکە لەنیشانەکانی ڕۆژی دوایی. ٢ ﴿ وَأَذِنَتۡ لِرَبِّهَا ﴾ واتە: ئاسمانیش گوێڕایەڵی خوای گەورە دەکات وە گوێ دەگرێ و گوێ بیست دەبێ بۆ ئەو فەرمانانەی کە خوای گەورە پێی دەکات ﴿ وَحُقَّتۡ ﴾ وە حەقی خۆیشێتی گوێڕایەڵی بکات و ملکەچ بێت و گوێ بگرێ. ٣ ﴿ وَإِذَا ٱلۡأَرۡضُ مُدَّتۡ ﴾ واتە: کاتێکیش زەوی ڕادەخرێ، وەشاخەکان ئەهەژێ هەتا وای لێدێ ئەبێ بەیەك پارچە زەوی ساف. ٤ ﴿ وَأَلۡقَتۡ مَا فِيهَا ﴾ هەرچی مردوویەکیش لەناو زەوی یە هەر هەموی فڕێ ئەداتە دەرەوە بۆ سەر زەوی ﴿ وَتَخَلَّتۡ ﴾ واتە: بەرائەتیان لێ دەکات و دەستبەرداریان دەبێت و دەیانداتە دەست خوای گەورەهەتا خوای گەورە فەرمانی خۆی بەسەریاندا جێبەجێ دەکات. ٥ ﴿ وَأَذِنَتۡ لِرَبِّهَا وَحُقَّتۡ ﴾ کاتێکیش زەوی ڕاخراوە بەئیزنی خوای گەورە ئەم ئیشەی کردووە وە حەقی خۆیشێتی گوێڕایەڵی فەرمانی خوای گەورە بێت و فەرمانی

خوای گەورە جێبەجێ بکات. ﴿٦﴾ ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلۡإِنسَٰنُ﴾ ئەی مرۆڤ؛ مەبەست پێی: بە باوەڕدارو کافرەوە ﴿إِنَّكَ كَادِحٌ إِلَىٰ رَبِّكَ كَدۡحٗا﴾ ئێوە هەوڵ و کۆشش دەدەن بەرەو لیقای خوای گەورە ﴿فَمُلَٰقِيهِ﴾ واتە: هەر ڕۆژێکیش دەبێ دەگەنە خوای گەورە بە کردەوەکانتان. ﴿٧﴾ ﴿فَأَمَّا مَنۡ أُوتِيَ كِتَٰبَهُۥ بِيَمِينِهِۦ﴾ جا ئەو کەسەی بەدەستی ڕاستی کتابەکەی پێ دەدرێ کە باوەڕدارانن، ئەمانە نامەی کردەوەکانیان ئەو کردەوەیەی کە کردویانە لەدونیادا نوسراوەتەوە وەکو ڕێزێك بەدەستی ڕاست پێیان دەدرێت وەکو هەست پێ کردنێ کەئێوە ئەهلی بەهەشتن. ﴿٨﴾ ﴿فَسَوۡفَ يُحَاسَبُ حِسَابٗا يَسِيرٗا﴾ ئەو کەسە لێپرسینەوەیەکی ئاسانی لەگەڵدا دەکرێ، کردەوە خراپەکانی پێ نیشان دەدرێت، دوای ئەوە خوای گەورە لێی خۆش دەبێ بێ ئەوەی لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکات، لە صحیحین لە عائشەوە (ڕەزای خوای لێبێت)، ئەفەرمووێت: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (مَنْ نُوقِشَ الْحِسَابَ عُذِّبَ). واتە: هەر کەسێ موناقەشەی حسابی لەگەڵدا بکرێ سزا دەدرێ. عائیشە (ڕەزای خوای لێ بێت) ئەفەرمویێت: ووتم ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ئەوە نیە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿فَسَوۡفَ يُحَاسَبُ حِسَابٗا يَسِيرٗا﴾ واتە: حساب و لێپرسینەوەیەکی ئاسانی لەگەڵدا دەکرێ، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: (لَيْسَ ذَاكِ الْحِسَابُ، انَّمَا ذَاكِ الْعَرْضُ مَنْ نُوقِشَ الْحِسَابَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ عُذِّبَ)[١]. واتە: ئەوە حساب و لێپرسینەوە نیە، بەڵکو ئەوە نیشان دانی کردەوەکانە، دوای ئەوە خوای گەورە لێی خۆش دەبێ، بەڵام هەر کەسێ موناقەشەی حسابی لەگەڵدا بکرێ سزا دەدرێ. ﴿٩﴾ ﴿وَيَنقَلِبُ إِلَىٰٓ أَهۡلِهِۦ﴾ ئەو کەسەی کتابی بەدەستی ڕاستی پێدرا ئەوە ئەگەڕێتەوە بۆ ناو کەسوکاری خۆی لەخێزانەکانی ئەو خێزانەی لەدونیادا هەی بووە ئەگەر بەهەشتی بێ وە حۆرییەکان کەوا لە بەهەشتدا بۆی ئامادە کراوە ﴿مَسۡرُورٗا﴾ زۆر دڵخۆشەو زۆر خۆشحاڵە بەو چاکەو ڕێز لێنانەی لێی نراوە. ﴿١٠﴾ ﴿وَأَمَّا مَنۡ أُوتِيَ كِتَٰبَهُۥ وَرَآءَ ظَهۡرِهِۦ﴾ بەڵام ئەو کەسەی کتابەکەی لەپشتەوە پێ دەدرێ لەبەر ئەوە دەستی ڕاستی کۆت و زنجیر کراوە بەملیەوە، دەستی چەپیشی لەپشتەوەیە، کە کافران و سەرپێچی کارانن .

(٤) صحيح مسلم: (٥٢٣١).

﴿١١﴾ ﴿فَسَوْفَ يَدْعُوا ثُبُورًا﴾ واتــە: کاتێـك کـە نامــەی کردەوەکـانی بەدەسـتی چــەپی پــێ دەدرێــت و دەیخوێنێتەوە هاوار دەکات بە تیاچوون و لە ناوچوونی خۆی. ﴿١٢﴾ ﴿وَيَصْلَىٰ سَعِيرًا﴾ ئەچێتە ناو ئاگری دۆزەخ و گەرمی ئاگرەکە دەچێژێ.

﴿١٣﴾ ﴿إِنَّهُ كَانَ فِي أَهْلِهِ مَسْرُورًا﴾ ئـەم لـەدونیادا دڵ خـۆش بـووە کاتێك کـەوا شـوێن هـەوا و ئـارەزووی خـۆی کـەوتووە، وە سـوار ئـارەزووی خـۆی بـووە و ئارەزووەکـانی جێبـەجێ کـردووە بـە لـەخۆبایی بـوون و بـە خراپەکاریەوە، لەبەر ئەوەی بەخەیاڵیدا نەهاتووە یاخود بیری لـەوە نەکردۆتـەوە کە ڕۆژێك دەمرێت و لـەڕۆژی قیامەتـدا لێپرسـینەوەی لەگەڵـدا دەکرێـت. ﴿١٤﴾ ﴿إِنَّهُ ظَنَّ أَن لَّن يَحُورَ﴾ ئـەو گومـانی وا بـووە کـەوا ناگەڕێتـەوە بـۆ لای خـوای گـەورە لـە ڕۆژی دوایـی تـا لێپرسـینەوەی لەگەڵـدا بکرێـت. ﴿١٥﴾ ﴿بَلَىٰ﴾ بـەڵێ هەر دەبێت بگەڕێتەوە ﴿إِنَّ رَبَّهُ كَانَ بِهِ بَصِيرًا﴾ خوای گەورە بینەرەو ئاگادارە بە خۆی و کردەوەکـانی هیچ شتێکیش نیە لە خوای گەورە بشاردرێتەوە. ﴿١٦﴾ ﴿فَلَا أُقْسِمُ بِالشَّفَقِ﴾ خوای گەورە سوێند دەخوات بەو سوراییەی کە لە دوای خۆرئاوا بوون دەردەکەوێت تاوەکو کاتی عیشا دەمێنێت.

﴿١٧﴾ ﴿وَاللَّيْلِ وَمَا وَسَقَ﴾ واتە: سـوێندبێ بەشـەو کە چی لەخۆیدا کۆکردۆتـەوەو هـەڵگرتووە، کە شـەو هــەموو ئــەو شــتانەی لــەڕۆژ بــڵاو بوونەتــەوەو تەســەڕوف و هەڵســوکەتیان کــردووە هــەر هــەمووی کۆکردۆتــەوە، هــەمووی گرتۆتــە خــۆی لەبــەر ئــەوەی کاتێــك شــەو دێــت هــەموو شــتێك ڕوو دەکاتــە شـوێنەکەی خـۆی. ﴿١٨﴾ ﴿وَالْقَمَرِ إِذَا اتَّسَقَ﴾ وە خـوای گـەورە سـوێند دەخـوات بـە مـانگ کاتێك کـامڵ دەبێت لە نیوەی مانگدا. ﴿١٩﴾ ﴿لَتَرْكَبُنَّ طَبَقًا عَن طَبَقٍ﴾ سوێند بێ بەم شتانە ئێوە بەردەوام گۆڕانکاریتـان بەسـەردا دێـت، لـە دەوڵەمەنـدی و هـەژاری، لـە ژیـان و مـردن، لـە چـونە بەهەشـت یـان دۆزەخ. ﴿٢٠﴾ ﴿فَمَا لَهُمْ لَا يُؤْمِنُونَ﴾ باشـە خەڵکی چییانە بۆ باوەڕ ناهێنن بە قورئان لەگەڵ بوونی ئەو هۆکارانـەی کە وایان لێ دەکات باوەڕ بێنن بە قورئان. ﴿٢١﴾ ﴿وَإِذَا قُرِئَ عَلَيْهِمُ الْقُرْآنُ لَا يَسْجُدُونَ﴾ چ ڕێگرێك هەیە کاتێك کەوا قورئان دەخوێننەوە سوجدە بۆ خوای گەورە نابەن و ملکەچی نابن،وە ووتراوە مەبەست پێی: لەکاتی قورئان خوێندن سوجدەی تیلاوە نابەن لەو ئایەتانەی کەوا سوجدەی تیایە. ﴿٢٢﴾ ﴿بَلِ الَّذِينَ كَفَرُوا

﴿يُكَذِّبُونَ﴾ واتە: بەڵكو كافران ئەو كتابەی كە خوای گەورە ناردوویەتی كە ئەو كتابە تەوحیدو زیندوو بوونەوەو پاداشت و سزای لە خۆگرتووە ئەوان بەدرۆی دەزانن .

﴿٢٣﴾ ﴿وَٱللَّهُ أَعۡلَمُ بِمَا يُوعُونَ﴾ خوای گەورە زانایەو ئاگادارە بەوەی كەوا ئەوان شاردویانەتەوە لەنەفسی
خۆیـان لـەو بـەدرۆ زانینەیانـدا كـە هـەمووی دەرنـابڕن .﴿٢٤﴾ ﴿فَبَشِّرۡهُم بِعَذَابٍ أَلِيمٍ﴾ مـژدەیان پێبـدە
بەسـزایەكی بـەئێش و ئـازار؛ وەكـو هێـرش كردنـە سـەرو گاڵتـە پێكردنێـك.﴿٢٥﴾ ﴿إِلَّا ٱلَّذِينَ
ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ لَهُمۡ أَجۡرٌ غَيۡرُ مَمۡنُونِۭ﴾ تەنها ئەو كەسانە نەبێت كە باوەڕیان هێناوەو كردەوەی چاكیان
كردووە ئەوانە ئەجرو پاداشتی نەبڕاوەو بەردەوامیان بۆ هەیە كە كەس منەت ناكاتە سەریان .

## سُورَةُ البُرُوجِ


سُورَةُ البُرُوجِ
بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ
وَٱلسَّمَآءِ ذَاتِ ٱلۡبُرُوجِ ﴿١﴾ وَٱلۡيَوۡمِ ٱلۡمَوۡعُودِ ﴿٢﴾ وَشَاهِدٖ وَمَشۡهُودٖ ﴿٣﴾ قُتِلَ أَصۡحَٰبُ ٱلۡأُخۡدُودِ ﴿٤﴾ ٱلنَّارِ ذَاتِ ٱلۡوَقُودِ ﴿٥﴾ إِذۡ هُمۡ عَلَيۡهَا قُعُودٞ ﴿٦﴾ وَهُمۡ عَلَىٰ مَا يَفۡعَلُونَ بِٱلۡمُؤۡمِنِينَ شُهُودٞ ﴿٧﴾ وَمَا نَقَمُواْ مِنۡهُمۡ إِلَّآ أَن يُؤۡمِنُواْ بِٱللَّهِ ٱلۡعَزِيزِ ٱلۡحَمِيدِ ﴿٨﴾ ٱلَّذِي لَهُۥ مُلۡكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۚ وَٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ شَهِيدٌ ﴿٩﴾ إِنَّ ٱلَّذِينَ فَتَنُواْ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ وَٱلۡمُؤۡمِنَٰتِ ثُمَّ لَمۡ يَتُوبُواْ فَلَهُمۡ عَذَابُ جَهَنَّمَ وَلَهُمۡ عَذَابُ ٱلۡحَرِيقِ ﴿١٠﴾ إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ لَهُمۡ جَنَّٰتٞ تَجۡرِي مِن تَحۡتِهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُۚ ذَٰلِكَ ٱلۡفَوۡزُ ٱلۡكَبِيرُ ﴿١١﴾ إِنَّ بَطۡشَ رَبِّكَ لَشَدِيدٌ ﴿١٢﴾ إِنَّهُۥ هُوَ يُبۡدِئُ وَيُعِيدُ ﴿١٣﴾ وَهُوَ ٱلۡغَفُورُ ٱلۡوَدُودُ ﴿١٤﴾ ذُو ٱلۡعَرۡشِ ٱلۡمَجِيدُ ﴿١٥﴾ فَعَّالٞ لِّمَا يُرِيدُ ﴿١٦﴾ هَلۡ أَتَىٰكَ حَدِيثُ ٱلۡجُنُودِ ﴿١٧﴾ فِرۡعَوۡنَ وَثَمُودَ ﴿١٨﴾ بَلِ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ فِي تَكۡذِيبٖ ﴿١٩﴾ وَٱللَّهُ مِن وَرَآئِهِم مُّحِيطُۢ ﴿٢٠﴾ بَلۡ هُوَ قُرۡءَانٞ مَّجِيدٞ ﴿٢١﴾ فِي لَوۡحٖ مَّحۡفُوظِۭ ﴿٢٢﴾
سُورَةُ الطَّارِقِ

﴿١﴾ ﴿وَٱلسَّمَآءِ ذَاتِ ٱلۡبُرُوجِ﴾سوێند بێ بە ئاسمان
ئەو ئاسمانەی كەوا شوێنی ئەستێرەكانە، كە
دوانزە بورجە بۆ دوانزە ئەستێرەن. ﴿٢﴾
﴿وَٱلۡيَوۡمِ ٱلۡمَوۡعُودِ﴾وەسوێند بێ بەو ڕۆژەی كەوا
وەعد پێ دراوە كە ڕوو دەدات، كە ڕۆژی
دواییە. ﴿٣﴾ ﴿وَشَاهِدٖ﴾ وەسوێند بێ
بەشاهیدەكان ئەو دروستكراوانەی كە لەو
ڕۆژەدا شایەتی دەدەن. ﴿وَمَشۡهُودٖ﴾ ئەو
شایەتیدانەی كەوا شایەتەكان شایەتییان پێ
داوە لەسەر تاوانباران، ئەو تاوانە گەورانە كە
كردوویانە كەوا شایەت بوونەو ئاگاداربوونە،
وە ئەمە هەموو ئەو كەسانە دەگرێتەوە كەوا لە پێناو خوای گەورەدا كوژراون، هەروەكو
چۆن لە چیرۆكی أَصحابُ الأُخدود دا هاتووە كە ئێستا باس دەكرێت، هەروەها خوای

گـەورە خۆیشـی شـاهیدە بەسـەریانەوە وەکـو لـە دوای ئـەوە بـاس دەکرێـت.(٤) ﴿قُتِلَ أَصْحَٰبُ ٱلْأُخْدُودِ﴾ واتـە: نـەفرەتیان لێبێـت، کەیـەکێ بـوو لـە پاشـای کافرەکـان و سـەربازەکانی، کاتـێ هەنـدێ لـەژێر دەسـتەکانیان باوەڕیـان هێنـا بـە خـوای گـەورە، ئـەوان چاڵیان بۆیان هەڵکەندو ئاگریان تیادا داگیرساندو هەڵیانیاندایە ناو ئاگرەکەوە تا سوتان، پاشـاکەو هاوەڵـەکانی بـۆ خۆیـان دانیشـتبوون بـەدیار چـاڵەکەوەو سـەیریان دەکـرد. چیرۆکەکەی لـە {صحیح مسلم( ج٤ /ص ٢٢٩٩} باسکراوە بـە درێـژی.(٥) ﴿ٱلنَّارِ ذَاتِ ٱلْوَقُودِ﴾ الْوَقُـودِ: ئاگرەکـەیان ئـاگرێکی بڵێسـەدار بـوو چـونکە داری تیـابوو. (٦) ﴿إِذْ هُمْ عَلَيْهَا قُعُودٌ﴾ نەفرەتی خوایان لێبێ کاتێ دەوری ئاگرەکـەیان دابـوو دانیشـتبوون لەسـەر کورسـی بـەدەور ئاگرەکـەوە. (٧) ﴿وَهُمْ عَلَىٰ مَا يَفْعَلُونَ بِٱلْمُؤْمِنِينَ﴾ئـەوەی ئـەوان بەئیمانـدارانیان دەکـرد لـەوەی کەوا ئەگەر وازنەهێنن لەدینەکەیان بە ئاگر دەیانسوتێنن. ﴿شُهُودٌ﴾ لەڕۆژی دوایـی خۆیـان شـایەتی دەدەن لەسـەر نەفسـی خۆیـان بـەوەی بـە ئیمانـدارانیان کـردووە، پاشـان زمانیـان پاشـان دەسـتیان پاشـان پێیـان شـایەتیان لەسـەر دەدەن. (٨) ﴿وَمَا نَقَمُواْ مِنْهُمْ إِلَّآ أَن يُؤْمِنُواْ بِٱللَّهِ ٱلْعَزِيزِ ٱلْحَمِيدِ﴾ هیچ تۆڵەیەکیان لەو موسڵمانانە نەسەند تـەنها لەبەر ئەوە نەبێ کە ئەوان خـوای گـەورەیان بەڕاسـت دەزانـی، ئـەو خوایـەی کـەوا زاڵـەو باڵادەسـتەو سـوپاس کـراوە لـە هـەموو حاڵەتێکـدا، هـیچ تاوانێکیـان نـەبوو تـەنها ئیمانەکـەیان نـەبێ. (٩) ﴿ٱلَّذِى لَهُۥ مُلْكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ﴾خوای گەورە خاوەنی ئاسمانەکان و زەوییـە ﴿وَٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ شَهِيدٌ﴾ واتـە: ئـەوەی ئـەوان بـە ئیمانـدارانی دەکـەن خـوای گـەورە ئاگـادارەو هیچـی لـە خوای گەورە ناشاردرێتەوە، کە ئەمەیش هەڕەشەیەکی زۆر سەختی تیایە بۆ هاوەڵانی ئەو چاڵەی کەوا هەڵکەندرا، لەهەمان کاتیشدا پەیمان و بەڵێنێکی چاکیشە بۆ ئەو ئیماندارانەی کەوا لەسەر دینەکەیان سزادراون.

﴿١٠﴾ ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ فَتَنُواْ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ وَٱلۡمُؤۡمِنَٰتِ﴾ ئەو كەسانەی كە ئیماندارانیان تاقیكردەوە بەوەی كەوا یان ئەبێ لە دینەكەیان پاشگەز ببنەوە یان ئەبێ بچنە ناو ئاگرەكەوە وەسوتاندیانن بە ئاگرو هیچ هەڵبژاردنێكی تریان بۆیان دانەنا تەنها كوفر كردن نەبێت بە خوای گەورە تا پاشگەز ببنەوە لە دینەكەیان. ﴿ثُمَّ لَمۡ يَتُوبُواْ﴾پاشان تۆبەیان نەكرد لەو كردارە ناشرینەیان وە نەگەڕانەوە لەو كوفرو لەو تاقیكردنەوەیەی كەئیماندارانیان تاقیكردەوە ﴿فَلَهُمۡ عَذَابُ جَهَنَّمَ وَلَهُمۡ عَذَابُ ٱلۡحَرِيقِ﴾ئەمانە سزای دۆزەخیان بۆ هەیە، وە سزایەكی تریان بۆ هەیە زیاد لەسزای دۆزەخ كەسزایەكی سوتێنەرە بەهۆی سوتاندنی باوەڕدارانەوە . ﴿١١﴾ ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ لَهُمۡ جَنَّٰتٞ تَجۡرِي مِن تَحۡتِهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُ﴾بێگومان ئەو ئیماندارانەی كە ئیمانیان هێناو كردەوەی چاكیان كردووە ئەمانە بەهەشت و باغ و باغاتێكیان بۆ هەیە كەوا جۆگەلەو ڕوبارو ئاو بەژێر دارەكاندا دەڕوات ﴿ذَٰلِكَ ٱلۡفَوۡزُ ٱلۡكَبِيرُ﴾ ئا ئەمە بردنەوەی هەرە گەورەیە. ﴿١٢﴾ ﴿إِنَّ بَطۡشَ رَبِّكَ﴾ بردنەوەی خوای گەورە بۆ ئەو تاوانبارو خۆبەگەورەزان و زاڵم و ستەمكارانە ﴿لَشَدِيدٌ﴾ زۆر زۆر سەختەو چەند قاتێكە. ﴿١٣﴾ ﴿إِنَّهُۥ هُوَ يُبۡدِئُ وَيُعِيدُ﴾ خوای گەورە هەر خۆیەتی سەرەتا دروست كراوەكانی دروست دەكات لە دونیا، وە لەدوای مردنیش زیندوویان دەكاتەوەو دەیانگەڕێنێتەوە. ﴿١٤﴾ ﴿وَهُوَ ٱلۡغَفُورُ ٱلۡوَدُودُ﴾ خوای گەورە زۆر زۆر لێخۆشبووە بۆ تاوانی بەندە ئیماندارەكانی و ئابڕویان نابات، خوای گەورە زۆر زۆر خۆشەویستی هەیە بۆ ئەو خۆشەویستانەی خۆی كەوا گوێڕایەڵی دەكەن. ﴿١٥﴾ ﴿ذُو ٱلۡعَرۡشِ﴾واتە: خوای گەورە خاوەنی عەرشی گەورەیە ﴿ٱلۡمَجِيدُ﴾ الْمَجِد: ئەوپەڕی كەرەم و ڕێزو چاكە. ﴿١٦﴾ ﴿فَعَّالٞ لِّمَا يُرِيدُ﴾ خوای گەورە هەرچی بوێت دەیكات. ﴿١٧﴾ ﴿هَلۡ أَتَىٰكَ حَدِيثُ ٱلۡجُنُودِ﴾ بەتەئكید ئەی محمد ﷺ هەواڵ و بەسەرهاتی ئەو هەموو كافرانەی كەوا كۆبونەوە كە پێغەمبەرانی خۆیان بەدرۆزانی كەوا سەربازیان كۆ دەكردەوە بۆ كوشتنی پێغەمبەرانیان پێت گەیشتووە، وەهەروەها قسەو بەسەرهاتی ئەوان ئەوەیە خوای گەورە بردیانیەوەو لەناویانی برد. ﴿١٨﴾ ﴿فِرۡعَوۡنَ وَثَمُودَ﴾ وەكو فیرعەون و قەومی ثمود. ﴿١٩﴾ ﴿بَلِ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ فِي تَكۡذِيبٖ﴾ بەڵكو موشریك و هاوبەش بڕیاردەرانی عەرەبیش ئەوانیش بەدرۆزانینێكی سەخت تۆ بەدرۆ دەزانن، وە ئەوەیشی كە تۆ هێناوتە، كە قورئانە ئەویش بەدرۆ دەزانن و پەندو ئامۆژگاریان وەرنەگرتوە لەو كافرانەی پێش خۆیان. ﴿٢٠﴾ ﴿وَٱللَّهُ مِن وَرَآئِهِم مُّحِيطُۢ﴾ خوای گەورە

دەوری ئەوانی داوەو تواناو دەسەڵاتی بەسەر ئەواندا هەیە ئەوەی کەوا بەسـەر کافرانی ئوممەتانی پێشوتری هێناوە توانای هەیە بەسەر ئەمانیشی بێنێت.

(٢١) ﴿ بَلۡ هُوَ قُرۡءَانٞ مَّجِيدٞ ﴾ بەڵکو ئەمە قورئانێکە لەوپەڕی شەرەف و ڕێزو پلەو پایەو بەرەکەتدایە، وەکو قسەی ئەو بێباوەڕانە نییە کە دەڵێن: ئەمە شیعرەو هەندێك جار دەڵێن فاڵەو هەندێك جار دەڵێن سیحرو جادووە.

(٢٢) ﴿ فِي لَوۡحٖ مَّحۡفُوظِۭ ﴾ بەڵکو ئەمە نوسراوەتەوە لە لَوْحٍ، کە گەورەی هەموو پەرتوکەکانە، کەوا لای خوای گەورە پارێزراوە لەوەی کەوا شەیتان پێی بگات.


بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ
وَٱلسَّمَآءِ وَٱلطَّارِقِ ١ وَمَآ أَدۡرَىٰكَ مَا ٱلطَّارِقُ ٢ ٱلنَّجۡمُ ٱلثَّاقِبُ ٣ إِن كُلُّ نَفۡسٖ لَّمَّا عَلَيۡهَا حَافِظٞ ٤ فَلۡيَنظُرِ ٱلۡإِنسَٰنُ مِمَّ خُلِقَ ٥ خُلِقَ مِن مَّآءٖ دَافِقٖ ٦ يَخۡرُجُ مِنۢ بَيۡنِ ٱلصُّلۡبِ وَٱلتَّرَآئِبِ ٧ إِنَّهُۥ عَلَىٰ رَجۡعِهِۦ لَقَادِرٞ ٨ يَوۡمَ تُبۡلَى ٱلسَّرَآئِرُ ٩ فَمَا لَهُۥ مِن قُوَّةٖ وَلَا نَاصِرٖ ١٠ وَٱلسَّمَآءِ ذَاتِ ٱلرَّجۡعِ ١١ وَٱلۡأَرۡضِ ذَاتِ ٱلصَّدۡعِ ١٢ إِنَّهُۥ لَقَوۡلٞ فَصۡلٞ ١٣ وَمَا هُوَ بِٱلۡهَزۡلِ ١٤ إِنَّهُمۡ يَكِيدُونَ كَيۡدٗا ١٥ وَأَكِيدُ كَيۡدٗا ١٦ فَمَهِّلِ ٱلۡكَٰفِرِينَ أَمۡهِلۡهُمۡ رُوَيۡدَۢا ١٧
سُورَةُ الأَعۡلَى
بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ
سَبِّحِ ٱسۡمَ رَبِّكَ ٱلۡأَعۡلَى ١ ٱلَّذِي خَلَقَ فَسَوَّىٰ ٢ وَٱلَّذِي قَدَّرَ فَهَدَىٰ ٣ وَٱلَّذِيٓ أَخۡرَجَ ٱلۡمَرۡعَىٰ ٤ فَجَعَلَهُۥ غُثَآءً أَحۡوَىٰ ٥ سَنُقۡرِئُكَ فَلَا تَنسَىٰٓ ٦ إِلَّا مَا شَآءَ ٱللَّهُۚ إِنَّهُۥ يَعۡلَمُ ٱلۡجَهۡرَ وَمَا يَخۡفَىٰ ٧ وَنُيَسِّرُكَ لِلۡيُسۡرَىٰ ٨ فَذَكِّرۡ إِن نَّفَعَتِ ٱلذِّكۡرَىٰ ٩ سَيَذَّكَّرُ مَن يَخۡشَىٰ ١٠ وَيَتَجَنَّبُهَا ٱلۡأَشۡقَى ١١ ٱلَّذِي يَصۡلَى ٱلنَّارَ ٱلۡكُبۡرَىٰ ١٢ ثُمَّ لَا يَمُوتُ فِيهَا وَلَا يَحۡيَىٰ ١٣ قَدۡ أَفۡلَحَ مَن تَزَكَّىٰ ١٤ وَذَكَرَ ٱسۡمَ رَبِّهِۦ فَصَلَّىٰ ١٥

## سُورَةُ الطَّارِقِ

(١) ﴿ وَٱلسَّمَآءِ وَٱلطَّارِقِ ﴾ خـوای گـەورە سـوێند دەخـوات بە ئاسمان و ئەو ئەستێرانەی کە بەشەو دیارن، وَالطَّارِقِ: ئەستێرەیە، ناونراوە بە الطَّارِق: لەبەر ئەوەی بەشەو دیـارە، و بـەڕۆژ دیـار نـامێنیٚ، ئـەو شـتەی بەشـەو دەردەکەویٚ: بەڕۆژ دیار نامێنیٚ پێی دەوترێت الطَّارِق.

(٢) ﴿ وَمَآ أَدۡرَىٰكَ مَا ٱلطَّارِقُ ﴾ ئـەی محمد ﷺ تـۆ چـوزانیت طارِق چییە؟ (٣) ﴿ ٱلنَّجۡمُ ٱلثَّاقِبُ ﴾ الثّاقِب: ئەو ئەستێرە گەشـانەن، ئـەو گەشـاوەییە بەسـەختی و تونـدی شـەو ئـەبڕێ. (٤) ﴿ إِن كُلُّ نَفۡسٖ لَّمَّا عَلَيۡهَا حَافِظٞ ﴾ وەڵامـی سـوێند خواردنەکـە: واتـە: هـیچ نەفسـیٚ نیـە ئـیللا پـارێزەری لەسـەرە، مەبەسـت لـەپارێزەر ئـەو مەلائیکەتانەیـە کـە ئینسـان هـەر ووتـەو کردەوەیـەك بکـات دەینوسـن، وە هەرچـی خێـرو شـەڕ بکـات سـەرژمێری دەکـەن و دەیپـارێزن. (٥) ﴿ فَلۡيَنظُرِ ٱلۡإِنسَٰنُ مِمَّ خُلِقَ ﴾ بـا مـرۆڤ تەماشای خۆی بکات بزانێت لەچی دروست کراوە. (٦) ﴿ خُلِقَ مِن مَّآءٖ دَافِقٖ ﴾ واتە: مرۆڤ لەئاوێك دروست بووە کە لە ڕەحمدایە؛ لەیەکگرتنی مەنی پیاو و مەنی ژن، لەبەر ئەوەی مرۆڤ لەو دوو ئاوە دروست دەبیٚ، خوای گەورە بەیەك ئاو باسی دەکات، چونکە هەردوو ئاوەکە یـەك دەگرێت و تێکـەڵ دەبێت و دەبێت بەیـەك ئاو.

(٧) ﴿ يَخۡرُجُ مِنۢ بَيۡنِ ٱلصُّلۡبِ وَٱلتَّرَآئِبِ ﴾ مەبەست پێی: ئاوی پیاو لەپشتییەوە دێت وە ئاوی ئافرەت لە سنگیەوە، وَالتَّرائِب: شـوێنی ملوانکەیـە لەسنگ، مرۆڤ دروسـت نابیٚ ئـیللا بـە یـەکگرتنی ئـەو دوو ئـاوە نـەبێت، وە ووتراوە: ئەو ئاوە لەهەموو ئەندامەکانی لەشەوە دێتە دەرەوە. (٨) ﴿ إِنَّهُۥ عَلَىٰ رَجۡعِهِۦ لَقَادِرٞ ﴾ ئەو خوایەی کەلەو

دڵۆپە ئاوە مرۆڤی دروست کردووە توانای هەیە لەپاش مردنی زیندووی بکاتەوە.﴿٩﴾ ﴿يَوۡمَ تُبۡلَى ٱلسَّرَآئِرُ﴾
لەڕۆژێکدا هەموو شتە نهێنیەکان دەردەکەون و ئاشکرا دەبن، السَّرَائِر: مەبەستی ئەو عەقیدەو نیەت و شتانەیە کە مرۆڤ لەدڵیدا شاردوویەتیەوەو کەس ئاگای لێ نەبووە لەڕۆژی قیامەت هەمووی دەردەکەوێت، ئا لەو کاتەدا جیادەکرێتەوە کامەی نیەتی پاك بووەو کامەی نیەتی پیس بووە.

﴿١٠﴾ ﴿فَمَا لَهُۥ مِن قُوَّةٖ وَلَا نَاصِرٖ﴾لەو ڕۆژەدا مرۆڤ هیچ هێزو توانایەکی نیە کە بتوانێت خۆی بپارێزێت لە سزای خوای گەورە، وە هەروەها یارمەتیدەرو سەرخەرێکیشی نیە یارمەتی بدات و ڕزگاری بکات لەو سزایەی کەوا تووشی بووە.﴿١١﴾ ﴿وَٱلسَّمَآءِ ذَاتِ ٱلرَّجۡعِ﴾ سوێندبێ بەو ئاسمانەی کە خاوەن بارانە لەبەر ئەوە پێی دەوترێ الرَّجع: چونکە هەورەکە دێت و دەڕوات و دووبارە دەبێتەوە هەتا بارانەکە دەبارێت. ﴿١٢﴾ ﴿وَٱلۡأَرۡضِ ذَاتِ ٱلصَّدۡعِ﴾ سوێند بێ بەو زەویەی کە لەت دەبێت و دانەوێڵەو بەرهەم و داری تێدا دەڕوێت.﴿١٣﴾ ﴿إِنَّهُۥ لَقَوۡلٞ فَصۡلٞ﴾ وەڵامی سوێند خوادنەکە واتە: ئەم قورئانە ووتەیەکی یەکلا کەرەوەیە کەوا حەق و باتڵ لەیەك جیادەکاتەوە.﴿١٤﴾ ﴿وَمَا هُوَ بِٱلۡهَزۡلِ﴾ قورئان گاڵتە نیە.﴿١٥﴾ ﴿إِنَّهُمۡ يَكِيدُونَ كَيۡدٗا﴾ ئەوان فێڵ دەکەن، ئەوان هەموو ڕێگەیەك دەگرنەبەر بۆ بەتاڵکردنەوەی ئەو دینەی کە پێغەمبەر ﷺ هێناویەتی.﴿١٦﴾ ﴿وَأَكِيدُ كَيۡدٗا﴾ منیش مۆڵەتیان پێ دەدەم و ڕێگەیان دەدەم هەتا کاتێك لەناویان دەبەم کەوا خۆیشیان هەست ناکەن، وە سزایان دەدەم لەتۆڵەی ئەو مەکرو فێڵ و نەخشەیەی کەدایان ناوە بەنەخشەو فێڵێکی لەوەی خۆیان سەختتر .﴿١٧﴾ ﴿فَمَهِّلِ ٱلۡكَٰفِرِينَ﴾ مۆڵەت بدە بە کافرەکان ﴿أَمۡهِلۡهُمۡ﴾الإمهال: مۆڵەتدان ﴿رُوَيۡدَۢا﴾ واتە: مۆڵەتیان بدە مۆڵەتێکی نزیك یان کەمیان پێبدە هەتا ڕۆژیان دێت.

## سُورَةُ الأَعْلَى

﴿١﴾ ﴿سَبِّحِ ٱسۡمَ رَبِّكَ ٱلۡأَعۡلَى﴾ واتە: خوای گەورە بەپاك ڕابگرەلەهەموو شتێك کە شیاو و گونجاو نیە بە خوای گەورە، بەوەی بڵێی: (**سبحان ربي الأعلى**) واتە: پەروەدگاری هەرە بەرزی من پاك و مونەزەهە لەهەموو کەم و کوڕی و عەیب و شتێکی ناشیاو". ﴿٢﴾ ﴿ٱلَّذِي خَلَقَ فَسَوَّىٰ﴾ ئەو خوایەی کەمرۆڤی دروست کردووە بەڕێکوپێکی، شێوەیەکی ڕێکی پێ بەخشیوە، تێگەیشتنێکی تەواوی پێ بەخشیووە، بەهۆی ئەمانەوە مرۆڤی والێکردووە کە تەکلیفی لێ بکات. ﴿٣﴾ ﴿وَٱلَّذِي قَدَّرَ فَهَدَىٰ﴾ خوای گەورە تەقدیری هەموو شتێکی کردووە، لەڕووی جۆرو، شێوازو، کردارو، ووتەو، ئەجەلەوە، ڕێنمایی هەموو کەسێکی کردووە بۆ ئەو شتەی کە لێی دەوەشێتەوەو بۆی گونجاوە.﴿٤﴾ ﴿وَٱلَّذِيٓ أَخۡرَجَ ٱلۡمَرۡعَىٰ﴾ ئەو خوایە کە تەنها ڕزقی مرۆڤەکان نادات بەڵکو ڕزقی ئاژەڵەکانیشی داوە، بەوەی گژو گیا و لەوەڕی لە زەویەوە بۆیان دەرکردووە.﴿٥﴾ ﴿فَجَعَلَهُۥ غُثَآءً أَحۡوَىٰ﴾ دوای ئەوەی کە سەوز بووە ووشکی کردووە. ﴿أَحۡوَىٰ﴾ دوای سەوز بوونی ڕەشی کردووە،

چونکە گیا کە ووشك بوو رەش هەڵدەگەڕێت. ﴿٦﴾ ﴿سَنُقۡرِئُكَ﴾ ئەی محمد ﷺ ئێمە بەشێوەیەك قورئانت بۆ دەخوێنینەوە ﴿فَلَا تَنسَىٰٓ﴾ ئەوەی کە تۆ خوێندتەوە لەبیرت نەچێت، سەرەتا جبریل (سەلامی خوای لێبێت) وەحی دەهێنا بۆ پێغەمبەر ﷺ جبریل (سەلامی خوای لێبێت) لەخوێندنەوەکەی تەواو نەدەبوو پێغەمبەر ﷺ سەرەتای دەخوێندەوە لەترسی ئەوەی کەوا لەبیری نەچێت، تا خوای گەورە فەرمووی: ﴿سَنُقۡرِئُكَ فَلَا تَنسَىٰٓ﴾ واتە: ئەی محمد ﷺ ئێمە بەشێوەیەك قورئانت بۆ دەخوێنینەوە، ئەوەی کە تۆ خوێندتەوە لەبیرت نەچێت، ئەو کاتە پێغەمبەر ﷺ بێ خەم بوو وە خوای گەورە پاراستی لە لەبیرکردنی قورئانی پیرۆز. ﴿٧﴾ ﴿إِلَّا مَا شَآءَ ٱللَّهُ﴾ئیللا ئەگەر شتێك خوای گەورە خۆی ویستی لێبێت لەبیرت بچێ (واتە نەسخ بێتەوە) ﴿إِنَّهُۥ يَعۡلَمُ ٱلۡجَهۡرَ وَمَا يَخۡفَىٰ﴾ واتە : ئەوەی ئاشکرایەو ئەوەی نهێنیە خوای گەورە خۆی زانیاری پێیەو دەیزانێ. ﴿٨﴾ ﴿وَنُيَسِّرُكَ لِلۡيُسۡرَىٰ﴾ واتە: کاری بەهەشتت بۆ ئاسان دەکەین. ﴿٩﴾ ﴿فَذَكِّرۡ إِن نَّفَعَتِ ٱلذِّكۡرَىٰ﴾ ئەی محمد ﷺ ئامۆژگاری خەڵکی بکە بەو وەحییەی بۆتمان ناردووە، وە ڕێنمایان بکە بۆ ڕێگەکانی خێرو چاکە، وە هیدایەتیان بدەو ڕێنماییان بکە بۆ شەریعەتی دین، ئەمە کاتێ بزانی کەوا یادخستنەوەکەت سوودی هەبێت، ئەی ئەگەر کەسێك حەقی بۆ روون کرایەوەو ئەو شوێن هەواو ئارەزووی خۆی کەوت، ئەمە پێویست بەیاد خستنەوە ناکات، ئەمە بۆ دووبارە کردنەوەی بانگەوازە، بەڵام بانگەوازی یەکەمجار گشتییە. ﴿١٠﴾ ﴿سَيَذَّكَّرُ مَن يَخۡشَىٰ﴾ ئەوەی کەوا لەخوا دەترسێت ئەوا سود لە ئامۆژگاریەکانی تۆ دەبینێت و بەو یادخستنەوانە زیاتر لەخوا دەترسێت و باش دەبێت. ﴿١١﴾ ﴿وَيَتَجَنَّبُهَا ٱلۡأَشۡقَى﴾ ئەوانەی کەوا بەدبەخت و خراپەکارو کافرن ئەوان خۆیان دوور دەخەنەوە لەو یادخستنەوەیە. ﴿١٢﴾ ﴿ٱلَّذِي يَصۡلَى ٱلنَّارَ ٱلۡكُبۡرَىٰ﴾ ئەمانە شوێنیان ئاگرە گەورەکەیە **کە دۆزەخە**، وە ئاگری بچوکیش ئاگری دونیایە. ﴿١٣﴾ ﴿ثُمَّ لَا يَمُوتُ فِيهَا﴾ئەوان نامرن هەتا ئیسراحەت بکەن و پشو بدەن لەو سزایەی کەوا تێیدان﴿وَلَا يَحۡيَىٰ﴾ وەژیانیش نیە ژیانێك کەوا سوودی پێبگەیەنێت. ﴿١٤﴾ ﴿قَدۡ أَفۡلَحَ مَن تَزَكَّىٰ﴾بێگومان کەسێك کەخۆی پاك دەکاتەوە لەشیرك و، ئیمان بەخوا دێنێ و بە تاك و تەنها خوای گەورە دەپەرستێ، وەئیش بەشەریعەتی خوای گەورە دەکات بەدڵنیایی ئەوانە سەر فراز دەبن لە ڕۆژی دوایی. ﴿١٥﴾ ﴿وَذَكَرَ ٱسۡمَ رَبِّهِۦ﴾ واتە: بەزمانی یادی خوای گەورە دەکات ﴿فَصَلَّىٰ﴾ پێنج نوێژە فەرزەکانی دەکات.

بَلۡ تُؤۡثِرُونَ ٱلۡحَيَوٰةَ ٱلدُّنۡيَا ﴿١٦﴾ وَٱلۡأٓخِرَةُ خَيۡرٞ وَأَبۡقَىٰٓ ﴿١٧﴾ إِنَّ
هَٰذَا لَفِي ٱلصُّحُفِ ٱلۡأُولَىٰ ﴿١٨﴾ صُحُفِ إِبۡرَٰهِيمَ وَمُوسَىٰ ﴿١٩﴾

سُورَةُ الغَاشِيَةِ

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ
هَلۡ أَتَىٰكَ حَدِيثُ ٱلۡغَٰشِيَةِ ﴿١﴾ وُجُوهٞ يَوۡمَئِذٍ خَٰشِعَةٌ ﴿٢﴾
عَامِلَةٞ نَّاصِبَةٞ ﴿٣﴾ تَصۡلَىٰ نَارًا حَامِيَةٗ ﴿٤﴾ تُسۡقَىٰ مِنۡ عَيۡنٍ ءَانِيَةٖ ﴿٥﴾
لَّيۡسَ لَهُمۡ طَعَامٌ إِلَّا مِن ضَرِيعٖ ﴿٦﴾ لَّا يُسۡمِنُ وَلَا يُغۡنِي مِن جُوعٖ ﴿٧﴾
وُجُوهٞ يَوۡمَئِذٖ نَّاعِمَةٞ ﴿٨﴾ لِّسَعۡيِهَا رَاضِيَةٞ ﴿٩﴾ فِي جَنَّةٍ عَالِيَةٖ ﴿١٠﴾
لَّا تَسۡمَعُ فِيهَا لَٰغِيَةٗ ﴿١١﴾ فِيهَا عَيۡنٞ جَارِيَةٞ ﴿١٢﴾ فِيهَا سُرُرٞ مَّرۡفُوعَةٞ ﴿١٣﴾
وَأَكۡوَابٞ مَّوۡضُوعَةٞ ﴿١٤﴾ وَنَمَارِقُ مَصۡفُوفَةٞ ﴿١٥﴾ وَزَرَابِيُّ مَبۡثُوثَةٌ ﴿١٦﴾
أَفَلَا يَنظُرُونَ إِلَى ٱلۡإِبِلِ كَيۡفَ خُلِقَتۡ ﴿١٧﴾ وَإِلَى ٱلسَّمَآءِ كَيۡفَ
رُفِعَتۡ ﴿١٨﴾ وَإِلَى ٱلۡجِبَالِ كَيۡفَ نُصِبَتۡ ﴿١٩﴾ وَإِلَى ٱلۡأَرۡضِ كَيۡفَ
سُطِحَتۡ ﴿٢٠﴾ فَذَكِّرۡ إِنَّمَآ أَنتَ مُذَكِّرٞ ﴿٢١﴾ لَّسۡتَ عَلَيۡهِم
بِمُصَيۡطِرٍ ﴿٢٢﴾ إِلَّا مَن تَوَلَّىٰ وَكَفَرَ ﴿٢٣﴾ فَيُعَذِّبُهُ ٱللَّهُ ٱلۡعَذَابَ
ٱلۡأَكۡبَرَ ﴿٢٤﴾ إِنَّ إِلَيۡنَآ إِيَابَهُمۡ ﴿٢٥﴾ ثُمَّ إِنَّ عَلَيۡنَا حِسَابَهُم ﴿٢٦﴾

﴿١٦﴾ ﴿بَلۡ تُؤۡثِرُونَ ٱلۡحَيَوٰةَ ٱلدُّنۡيَا﴾ بەڵكو ئێوە ژیانی دونیا پـێش قیامـەت دەخـەن. ﴿١٧﴾ ﴿وَٱلۡأٓخِرَةُ خَيۡرٞ وَأَبۡقَىٰٓ﴾ بـەڵام ئـاخیرەت باشـترەو دەمێنێتـەوە. ﴿١٨﴾ ﴿إِنَّ هَٰذَا﴾ ئـەم شتە کـەوا زیکری خـواو، گرنگـی دان بەقیامـەت و، خۆ پاك کردنەوە لە شیرك و تاوان ئەمە باشترە لەگرنگی دان بـەدونیا ﴿لَفِي ٱلصُّحُفِ ٱلۡأُولَىٰ﴾ ئەمـە لـە کتێبـەکانی پێشتریشدا باسکراوە.

﴿١٩﴾ ﴿صُحُفِ إِبۡرَٰهِيمَ وَمُوسَىٰ﴾ هەرچی کتێبـەکانی خوای گـەورە هەیـە یـەك بەیـەك هـاتووە لەسـەر ئـەوەی کـەوا قیامـەت باشـترە لـەدونیا وە ماوەتریشـەو ئەمێنێتـەوە، وەکـو پـەرتوکی ئیـبراهیم و موسی(سـەڵات و سـەلامی خوای گەورەیان لێبێت).

## سُورَةُ الغَاشِيَةِ

﴿١﴾ ﴿هَلۡ أَتَىٰكَ حَدِيثُ ٱلۡغَٰشِيَةِ﴾ بـە دڵنیـایی ئـەی محمـد ﷺ باسـی قیامـەتت بـۆ هـاتوە، نـاونراوە بـە الغَاشِيَة: چـونکە بـە ناخۆشـییەکانی هـەموو دروسـتکراوەکان دادەپۆشـێت و دەیانگرێتـەوە. ﴿٢﴾ ﴿وُجُوهٞ يَوۡمَئِذٍ خَٰشِعَةٌ﴾ لـەڕۆژی قیامەتدا خـەڵکی دەبێتـە دووبەشـەوە، ڕووی یەکەمیان زەلیلەو شـۆڕەو کەچە لەبەر ئـەو سزایەی کـەوا تیایـەتی، وە ووتـراوە: بە تایبـەت مەبەسـتی گـاور و جولەکەیـە. ﴿٣﴾ ﴿عَامِلَةٞ نَّاصِبَةٞ﴾ نەفسـی خۆیـان هـیلاك دەکـرد لەعیبادەتـدا، وە هیـچ ئـەجرو پاداشـتیان دەسـت نەدەکـەوت لەسـەری، لەبـەر ئـەوەی کـافر بونەو گومڕا بوونە زیاتر مەبەستی گاورەکانـە. ﴿٤﴾ ﴿تَصۡلَىٰ نَارًا حَامِيَةٗ﴾ دەچێتە نـاو ئـاگرەوە حَامِيَةً:سووتێنەرە. ﴿٥﴾ ﴿تُسۡقَىٰ مِنۡ عَيۡنٍ ءَانِيَةٖ﴾ ئـاوێکیـان پـێ دەدرێ گـەرمیەکـەی لـەو پـەڕی سەختیدایە.

﴿٦﴾ ﴿لَّيۡسَ لَهُمۡ طَعَامٌ إِلَّا مِن ضَرِيعٖ﴾ خواردنیان پێ نادرێ ئیللا **ضَرِيع** نەبێ جۆرە درکێکە، لەزمانی قورەیشدا ئەگەر تەڕبوو پێی دەوترێ: شبرق، ئەگەر وشك بوو پێی دەوترێ: ضَرِيع .

﴿٧﴾ ﴿لَّا يُسۡمِنُ وَلَا يُغۡنِي مِن جُوعٖ﴾ هیچ سودێکی پێ ناگەیەنێ نەقەڵەوی دەکات نەتێری دەکات نە لەبرسێتی رزگاری دەکات. ﴿٨﴾ ﴿وُجُوهٞ يَوۡمَئِذٖ نَّاعِمَةٞ﴾ لەڕۆژی قیامەتدا کۆمەڵێ ڕووی تر پێوەی دیارە کە لەنازو نیعمەتو خۆشیدایەو جوانی بەڕوویەوە دیارە، ئەمە ڕووی دووەمە کە ئەهلی بەهەشتن کە سەرەنجامی کارەکەیان دەبینن.﴿٩﴾ ﴿لِّسَعۡيِهَا رَاضِيَةٞ﴾ واتە: ئەو کردەوانەی لەدونیا کردوویەتی لێی ڕازییە، لەبەر ئەوەی ئەوەندە ئەجرو پاداشتی پێ دراوە لەسەر کردەوەکانی تا ڕازی بێت.

﴿١٠﴾ ﴿فِي جَنَّةٍ عَالِيَةٖ﴾ شوێنی ئەم کەسانە شوێنە بەرزەکانی بەهەشتە.

﴿١١﴾ ﴿لَّا تَسۡمَعُ فِيهَا لَٰغِيَةٗ﴾ لەناو بەهەشتدا گوێت لە لغو نابێ، گوێت لەقسەی بەتاڵو پوچەڵو بێ ماناو غەیبەتو لە هیچ شتێك نابێ کەمرۆڤ لەدونیادا پێی ناخۆشە. ﴿١٢﴾ ﴿فِيهَا عَيۡنٞ جَارِيَةٞ﴾ لەبەهەشتدا سەرچاوەی ئاو و ڕووبارەکان لەبەر دەستتدا تێ دەپەڕێ. ﴿١٣﴾ ﴿فِيهَا سُرُرٞ مَّرۡفُوعَةٞ﴾ جێگاکانیان بەرزە. ﴿١٤﴾ ﴿وَأَكۡوَابٞ مَّوۡضُوعَةٞ﴾ گلاسیان بۆ دانراوە بۆ ئەوەی چییان دەوێ تیایدا بیخۆنەوە.

﴿١٥﴾ ﴿وَنَمَارِقُ مَصۡفُوفَةٞ﴾ ڕاخەر هەمووی ریز کراوە هەندێکی لەسەر هەندێکی تری دانراوە.

﴿١٦﴾ ﴿وَزَرَابِيُّ مَبْثُوثَةٌ﴾ الزَرَابيّ: ڕاخەرو فەرش كە بەرگی تەنكی هەبێت زۆری لێ ڕاخرابێت و بڵاوكرابێتەوە. ﴿١٧﴾ ﴿أَفَلَا يَنظُرُونَ إِلَى ٱلۡإِبِلِ كَيۡفَ خُلِقَتۡ﴾ ئایا سەیری وشتر ناكەن چەند بەشێوازێكی جوان دروست كراوە، واتە بەشێوەیەك دروست كراوە كە پێشتر وانەبووە لەبەر ئەوەی لاشەكەی زۆر گەورەیە، وەزۆر بەهێزە، وە سیفاتەكانیزۆر سەرسوڕهێنەرە.

﴿١٨﴾ ﴿وَإِلَى ٱلسَّمَآءِ كَيۡفَ رُفِعَتۡ﴾ وە ئایا سەیری ئاسمان ناكەن خوای گەورە چۆن بەرزی كردۆتەوە لەسەر زەوی بەبێ ئەوەی پایەو ڕاگری هەبێ، هیچ تێگەیشتنێ پێی ناگات و هیچ عەقڵێ لێی تێ ناگات تەنها ئەوە نەبێ كە گەورەیی و تواناو دەسەڵاتی خوای گەورەت بۆ دەردەكەوێت .

﴿١٩﴾ ﴿وَإِلَى ٱلۡجِبَالِ كَيۡفَ نُصِبَتۡ﴾ وە ئایا سەیری شاخەكان ناكەن چۆن چەقێنراوەو چەسپێنراوەو بەرز كراوە بەسەر زەویدا، نەدرێژ دەبێتەوە نەلار دەبێتەوە نەلەناو دەچێ.

﴿٢٠﴾ ﴿وَإِلَى ٱلۡأَرۡضِ كَيۡفَ سُطِحَتۡ﴾ ئایا سەیری زەوی ناكەن چۆن بۆتان ڕاخراوە.

﴿٢١﴾ ﴿فَذَكِّرۡ﴾ واتە: ئەی محمد ﷺ یادیان بخەرەوەو ئامۆژگاریان بكەو بیانترسێنە

﴿إِنَّمَآ أَنتَ مُذَكِّرٞ﴾ واتە: تۆ هیچت لەسەر نیە تەنها ئەوە نەبێت.

﴿٢٢﴾ ﴿لَّسۡتَ عَلَيۡهِم بِمُصَيۡطِرٍ﴾ تۆ تواناو دەسەڵاتت بەسەر ئەواندا نیە تازۆریان لێ بكەیت و بەزۆر باوەڕ بێنن. ﴿٢٣﴾ ﴿إِلَّا مَن تَوَلَّىٰ وَكَفَرَ﴾ مەگەر كەسێك كەوا پشت هەڵبكات لەو ئامۆژگاریەی تۆ وكوفر بكات.

(٢٤) ﴿ فَيُعَذِّبُهُ ٱللَّهُ ٱلْعَذَابَ ٱلْأَكْبَرَ ﴾ ئەوا خوای گەورە سزای دەدات بە سزا گەورەکە کە سزای دۆزەخە بەهەمیشەیی.

(٢٥) ﴿ إِنَّ إِلَيْنَآ إِيَابَهُمْ ﴾ لەپاش مردن ئەی محمد ﷺ گەڕانەوەیان تەنها بۆ لای ئێمەیە.

(٢٦) ﴿ ثُمَّ إِنَّ عَلَيْنَا حِسَابَهُم ﴾پاشان دواتریش هەر لێپرسینەوەیان لای خۆمانە، واتە: دوای ئەوەی کەوا زیندوو کرانەوە پاداشتیان دەدەینەوە لەسەر کردەوەکانیان ئەگەر چاك بوو بەچاکە پاداشتیان دەدەینەوە، ئەگەر خراپ بوو پاداشتی خراپەکەیان دەدەینەوە.


سُورَةُ الفَجْرِ ترتيبها ٨٩ آياتها ٣٠
بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ
وَٱلْفَجْرِ (١) وَلَيَالٍ عَشْرٍ (٢) وَٱلشَّفْعِ وَٱلْوَتْرِ (٣) وَٱلَّيْلِ إِذَا يَسْرِ (٤) هَلْ فِى ذَٰلِكَ قَسَمٌ لِّذِى حِجْرٍ (٥) أَلَمْ تَرَ كَيْفَ فَعَلَ رَبُّكَ بِعَادٍ (٦) إِرَمَ ذَاتِ ٱلْعِمَادِ (٧) ٱلَّتِى لَمْ يُخْلَقْ مِثْلُهَا فِى ٱلْبِلَٰدِ (٨) وَثَمُودَ ٱلَّذِينَ جَابُوا۟ ٱلصَّخْرَ بِٱلْوَادِ (٩) وَفِرْعَوْنَ ذِى ٱلْأَوْتَادِ (١٠) ٱلَّذِينَ طَغَوْا۟ فِى ٱلْبِلَٰدِ (١١) فَأَكْثَرُوا۟ فِيهَا ٱلْفَسَادَ (١٢) فَصَبَّ عَلَيْهِمْ رَبُّكَ سَوْطَ عَذَابٍ (١٣) إِنَّ رَبَّكَ لَبِٱلْمِرْصَادِ (١٤) فَأَمَّا ٱلْإِنسَٰنُ إِذَا مَا ٱبْتَلَىٰهُ رَبُّهُۥ فَأَكْرَمَهُۥ وَنَعَّمَهُۥ فَيَقُولُ رَبِّىٓ أَكْرَمَنِ (١٥) وَأَمَّآ إِذَا مَا ٱبْتَلَىٰهُ فَقَدَرَ عَلَيْهِ رِزْقَهُۥ فَيَقُولُ رَبِّىٓ أَهَٰنَنِ (١٦) كَلَّا ۖ بَل لَّا تُكْرِمُونَ ٱلْيَتِيمَ (١٧) وَلَا تَحَٰٓضُّونَ عَلَىٰ طَعَامِ ٱلْمِسْكِينِ (١٨) وَتَأْكُلُونَ ٱلتُّرَاثَ أَكْلًا لَّمًّا (١٩) وَتُحِبُّونَ ٱلْمَالَ حُبًّا جَمًّا (٢٠) كَلَّآ إِذَا دُكَّتِ ٱلْأَرْضُ دَكًّا دَكًّا (٢١) وَجَآءَ رَبُّكَ وَٱلْمَلَكُ صَفًّا صَفًّا (٢٢) وَجِا۟ىٓءَ يَوْمَئِذٍۭ بِجَهَنَّمَ ۚ يَوْمَئِذٍ يَتَذَكَّرُ ٱلْإِنسَٰنُ وَأَنَّىٰ لَهُ ٱلذِّكْرَىٰ (٢٣)

## سُورَةُ الفَجْرِ

(١) ﴿ وَٱلْفَجْرِ ﴾ خوای گەورە سوێند دەخوات بە بەرەبەیان، لەبەر ئەوەی کاتی دەرچوون و جیابوونەوەی تاریکییە لەڕووناکی، مُجَاهِد (ڕەحمەتی خوای لێبێت) دەفەرموێ: مەبەستی بەرەبەیانی ڕۆژی چەژنی قوربانە.

(٢) ﴿ وَلَيَالٍ عَشْرٍ ﴾ واتە: وە سوێندبێ بە دە
شەوی سەرەتای مانگی ذي الحجة.(٣) ﴿
وَٱلشَّفْعِ وَٱلْوَتْرِ ﴾ خوای گەورە سوێند دەخوات بە الشَّفْعِ الشَّفْع: جووتە، وَالْوَتْرِ: تاك لەهەموو شتێکدا، وە ووتراوە مەبەست بە الشَّفْعِ: ڕۆژی یەکەمو دووەمی ئەییامو تەشریقە کە دروستە
حاجی هەندێك لە دروشمەکانی حەجی تیادا پێش بخات، وَالْوَتْرِ: ڕۆژی سێیەمیانە.(٤) ﴿

﴿وَٱلَّيۡلِ إِذَا يَسۡرِ﴾ سوێند بێ بەشەو کاتێك کە دێت و بەردەوام دەبێت و پاشان دەڕوات و بەرەبەیان دێـت.(٥) ﴿هَلۡ فِي ذَٰلِكَ قَسَمٞ لِّذِي حِجۡرٍ﴾ الحِجْـرِ: عـەقلْ، هەرکەسـێك خـاوەن هـۆش و عـەقلْ بێـت دەزانێـت کـەوا ئـەم شـتانەی کـە خـوای گـەورە سـوێندی پـێ خـواردووە شـایەنی ئەوەیـە کـەوا سـوێندی پـێ بخورێـت لەبـەر ئـەوەی کـەوا گـرنگن .(٦) ﴿أَلَمۡ تَرَ كَيۡفَ فَعَلَ رَبُّكَ بِعَادٍ﴾ئایا نـابینی پەروەردگارت چی کرد بەقەومی عاد.(٧) ﴿إِرَمَ ذَاتِ ٱلۡعِمَادِ﴾إِرَمَ: نـاوێکی تـری عـادی سـەرەتایە، وە ووتـراوە: باپیرە گـەورەیان نـاوی ئـیرەم بـووە، وە ووتـراوە: شـوێنی نیشـتەجێ بوونەکـەیان بووە، کە شاری دیمەشقی ئێستە بووە یان شارێك بووە لە ئەحقاف پایەی بەرزی گەورەیان هەبووە کە لە شاخ هەڵیانکۆڵیوە.

(٨) ﴿ٱلَّتِي لَمۡ يُخۡلَقۡ مِثۡلُهَا فِي ٱلۡبِلَٰدِ﴾ واتە: هاوشێوەی ئەو شارە لەسەختی دروست کردندا دروست نـەکراوە.(٩) ﴿وَثَمُودَ ٱلَّذِينَ جَابُواْ ٱلصَّخۡرَ بِٱلۡوَادِ﴾ وە قـەومی ثـە مـودیش بـەهێزبوون شـاخیان کـون دەکردو دەیانکرد بەماڵ و تیایدا نیشتەجێ دەبوون، دۆڵەکەیشیان حجر بووە، یان دۆڵـی القری بووە، لەسەر رێگای شام لە مەدینەوە.(١٠) ﴿عَلَيۡهِمۡ رَبُّكَ ٱلۡأَوۡتَادِ﴾ وە فیرعـەونیش خـاوەنی ئـەوتاد بوونـە ئـەو ئەهەرامانـەی کـە ئێسـتاش لەمیسـر ماوەتـەوە فیرعەونیـەکان دروسـتیان کردبـوو بـۆ ئەوەی ببێتە قەبر، گەلەکانی خۆیان ژێربار کرد بوو بۆ دروست کرنی ئـەو ئەهرامانـەو خـەڵکیان دەچەوسانەوە بۆ دروست کردنی، وە ووتراوە: ئـەوتاد واتـا مێـخ ئەوەنـدە سـەربازیان زۆر بـووە کە خێمەو چادریان زۆر بووەو مێخیشیان زۆر بووە مێخەکانیشیان دادەکوتا بـەزەوی دا .(١١)

﴿ٱلَّذِينَ طَغَوۡاْ فِي ٱلۡبِلَٰدِ﴾لەبەر ئەوەی هەرسێکیان بەهێز بوون قەومی عادو ثە مودو فیرعـەون واتـە: هەریەکێك لەم قەومانە سنوری خوای گەورەیان بەزاند لەشارو وولاتـی خۆیانـدا هەڵگەڕانـەوەو سەرکەشـیان کـرد.(١٢) ﴿فَأَكۡثَرُواْ فِيهَا ٱلۡفَسَادَ﴾ فەسـادییەکی زیـاد لەحـەدیان ئـەکرد بـەوەی کوفریـان ئـەکرد بـەخوای گـەورەو شـوێن پێغەمبـەران (سـەلامی خوایـان لێبێـت) ناکـەوتن و ستەمیان دەکرد لەبەندەکانی خوای گەورە. (١٣) ﴿فَصَبَّ عَلَيۡهِمۡ رَبُّكَ سَوۡطَ عَذَابٍ﴾ خوای گەورە

سزای خۆی دا بەسەریانداو قامچی سزای خۆی وەشاند لەو کەسانە، چۆن دەڵێی: قامچیەکەم کێشا بەتاوانبارەکەدا، واتە: لێدانێکی زۆرم لێدا.

﴿١٤﴾ ﴿إِنَّ رَبَّكَ لَبِٱلْمِرْصَادِ﴾ خوای گەورە لەکەمینداییە بۆ کردەوەی مرۆڤ تا پاداشتی بەخێری بداتەوە ئەگەر خێری کردبوو، وە ئەگەر شەڕی کردبوو تا تۆڵەو ئینتیقامی لێ بسەنێتەوە، حەسەنی بصري (ڕەحمەتی خوای لێبێت) دەفەرمووێت: ڕێگەی مرۆڤ بۆ لای خوا دەچێت و کردەوەی کەس نافەوتێ.

﴿١٥﴾ ﴿فَأَمَّا ٱلْإِنسَٰنُ إِذَا مَا ٱبْتَلَىٰهُ رَبُّهُۥ﴾ کاتێ مرۆڤ خوای گەورە تاقی بکاتەوە ﴿فَأَكْرَمَهُۥ وَنَعَّمَهُۥ﴾ واتە: ڕێزی لێ بگرێ بەوەی کەوا ماڵی بداتێ وە ڕزقی فراوان بکات ﴿فَيَقُولُ رَبِّىٓ أَكْرَمَنِ﴾ وادەزانێ ئەوە ڕێزی ڕاستەقینەیە کەوا خوای گەورە لێی ناوە کەپێی دڵ خۆشە ئەڵێ خوای گەورە ڕێزی لەمن ناوە.

﴿١٦﴾ ﴿وَأَمَّآ إِذَا مَا ٱبْتَلَىٰهُ﴾ وە ئەگەر تاقی بکاتەوە ﴿فَقَدَرَ عَلَيْهِ رِزْقَهُۥ﴾ ڕزق و ڕۆزی تەسك بکات و بۆی فراوان نەکات، ﴿فَيَقُولُ رَبِّىٓ أَهَٰنَنِ﴾ دەڵێت خوای گەورە ڕیسواو ئیهانەی کردووم" ئەم قسانە قسەی بێباوەڕە، قسەی کەسانی نەفام و نەشارەزایە بەسوننەتی خوای گەورە لەبوونەوەردا، بەڵام ڕێزلێنان لای ئیمانداران ئەوەیە: کە خوای گەورە ڕێزی لێبگرێ تاعەتی خوای گەورە بکات و سەرکەوتووی بکات بۆ کردەوەی قیامەت، وەئەوەش بەئیهانە کردن و بێڕێزی دادەنێت: کە خوای گەورە مۆفەقی نەکات بۆ تاعەت و کردەوەی ئەهلی بەهەشت. ﴿١٧﴾ ﴿كَلَّا﴾ خوای گەورە سەر زەنشتی ئینسان دەکات لەهەردوو حاڵەتەکەدا ﴿بَل لَّا تُكْرِمُونَ ٱلْيَتِيمَ﴾ بەڵکو ئێوە ڕێز لەکەسی هەتیوو نانێن چەندێ دەوڵەمەندیشن، ئەگەر ئێوە ڕێزتان لەکەسی هەتیوو بگرتایە ئەمە دەبێتە ڕێزو حورمەت لای خوای گەورە بۆ ئێوە. ﴿١٨﴾ ﴿وَلَا تَحَٰٓضُّونَ عَلَىٰ طَعَامِ ٱلْمِسْكِينِ﴾ واتە: هانی خۆتان نادەن لەسەر ئەوەی خواردنی فەقیرو هەژار بدەن، یاخود هەندێکتان هانی هەندێکتان نادەن لەسەر ئەو شتە، نەفەرمانی پێ دەکات و نەڕێنمایی خەڵك دەکات بۆ ئەوەی خواردنی هەژارو فەقیر بدەن، بۆیە فەقیرو هەژار لەناو ئێوە دەمێنێتەوە بەبێ نازو فەوتێنراون و کەس دەستی یارمەتی بۆ درێژ ناکات.

﴿١٩﴾ ﴿وَتَأْكُلُونَ ٱلتُّرَاثَ﴾ لەگەڵ ئەمەشدا یارمەتی هەژارو فەقیر نادەن بەڵکو دەچن ماڵی هەتیوو ئافرەت
و لاوازەکانتان دەخۆن ﴿أَكْلًا لَّمًّا﴾ زۆر بەسەختی دەیخۆن. ﴿٢٠﴾ ﴿وَتُحِبُّونَ ٱلْمَالَ حُبًّا جَمًّا﴾ ماڵیشتان
خۆش دەوێ خۆشەویستییەکی زیاد. ﴿٢١﴾ ﴿كَلَّآ﴾ واتە: خوای گەورە نەهی دەکات نابێ حاڵی ئێوە وابێ
نابێ کردەوەی ئێوە وابێ ﴿إِذَا دُكَّتِ ٱلْأَرْضُ دَكًّا دَكًّا﴾ کاتێک کەوا زەوی دەجولێت جولان لەدوای جولان
ناوەستێتەوە، یاخود شاخەکانیش دەهەژێن هەتا ووردوو خاش دەبن و دێنە خوارەوە. ﴿٢٢﴾
﴿وَجَآءَ رَبُّكَ﴾ لەو ڕۆژەدا خوای گەورە دێت بۆ بڕیار دان لە نێوان بەندەکانیدا
﴿وَٱلْمَلَكُ صَفًّا صَفًّا﴾ واتە: مەلائیکەتیش پۆل پۆل دێن. ﴿٢٣﴾ ﴿وَجِاْىٓءَ يَوْمَئِذٍۭ بِجَهَنَّمَ﴾ دۆزەخیش
دەهێنرێ قوڵفی هەیە مەلائیکەت ڕای دەکێشێت ﴿يَوْمَئِذٍ يَتَذَكَّرُ ٱلْإِنسَٰنُ﴾ لەو ڕۆژەدا ئینسان
بیر دەکاتەوە ﴿وَأَنَّىٰ لَهُ ٱلذِّكْرَىٰ﴾ بەلام سوودی
نییە.


يَقُولُ يَٰلَيْتَنِى قَدَّمْتُ لِحَيَاتِى ﴿٢٤﴾ فَيَوْمَئِذٍ لَّا يُعَذِّبُ عَذَابَهُۥٓ أَحَدٌ ﴿٢٥﴾
وَلَا يُوثِقُ وَثَاقَهُۥٓ أَحَدٌ ﴿٢٦﴾ يَٰٓأَيَّتُهَا ٱلنَّفْسُ ٱلْمُطْمَئِنَّةُ ﴿٢٧﴾ ٱرْجِعِىٓ
إِلَىٰ رَبِّكِ رَاضِيَةً مَّرْضِيَّةً ﴿٢٨﴾ فَٱدْخُلِى فِى عِبَٰدِى ﴿٢٩﴾ وَٱدْخُلِى جَنَّتِى ﴿٣٠﴾

سُورَةُ ٱلْبَلَدِ

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

لَآ أُقْسِمُ بِهَٰذَا ٱلْبَلَدِ ﴿١﴾ وَأَنتَ حِلٌّۢ بِهَٰذَا ٱلْبَلَدِ ﴿٢﴾ وَوَالِدٍ وَمَا وَلَدَ
﴿٣﴾ لَقَدْ خَلَقْنَا ٱلْإِنسَٰنَ فِى كَبَدٍ ﴿٤﴾ أَيَحْسَبُ أَن لَّن يَقْدِرَ عَلَيْهِ
أَحَدٌ ﴿٥﴾ يَقُولُ أَهْلَكْتُ مَالًا لُّبَدًا ﴿٦﴾ أَيَحْسَبُ أَن لَّمْ يَرَهُۥٓ أَحَدٌ
﴿٧﴾ أَلَمْ نَجْعَل لَّهُۥ عَيْنَيْنِ ﴿٨﴾ وَلِسَانًا وَشَفَتَيْنِ ﴿٩﴾ وَهَدَيْنَٰهُ
ٱلنَّجْدَيْنِ ﴿١٠﴾ فَلَا ٱقْتَحَمَ ٱلْعَقَبَةَ ﴿١١﴾ وَمَآ أَدْرَىٰكَ مَا ٱلْعَقَبَةُ ﴿١٢﴾
فَكُّ رَقَبَةٍ ﴿١٣﴾ أَوْ إِطْعَٰمٌ فِى يَوْمٍ ذِى مَسْغَبَةٍ ﴿١٤﴾ يَتِيمًا ذَا مَقْرَبَةٍ
﴿١٥﴾ أَوْ مِسْكِينًا ذَا مَتْرَبَةٍ ﴿١٦﴾ ثُمَّ كَانَ مِنَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَتَوَاصَوْا۟
بِٱلصَّبْرِ وَتَوَاصَوْا۟ بِٱلْمَرْحَمَةِ ﴿١٧﴾ أُو۟لَٰٓئِكَ أَصْحَٰبُ ٱلْمَيْمَنَةِ ﴿١٨﴾ وَٱلَّذِينَ
كَفَرُوا۟ بِـَٔايَٰتِنَا هُمْ أَصْحَٰبُ ٱلْمَشْـَٔمَةِ ﴿١٩﴾ عَلَيْهِمْ نَارٌ مُّؤْصَدَةٌۢ ﴿٢٠﴾

سُورَةُ ٱلشَّمْسِ

﴿٢٤﴾ ﴿يَقُولُ يَٰلَيْتَنِى قَدَّمْتُ لِحَيَاتِى﴾ دەڵێ خۆزگە ژیانی
دونیام بکردایەتە هۆکارێک بۆ قیامەت و کردەوەی چاکم
لە پێش خۆمەوە بناردایە. ﴿٢٥﴾
﴿فَيَوْمَئِذٍ لَّا يُعَذِّبُ عَذَابَهُۥٓ أَحَدٌ﴾ واتە: لەو ڕۆژەدا هیچ
کەسێک سزا نادات وەک سزای خوای گەورە. ﴿٢٦﴾
﴿وَلَا يُوثِقُ وَثَاقَهُۥٓ أَحَدٌ﴾ واتە: هیچ کەسێکیش نییە
کە کاتێ خوای گەورە کۆت و زنجیری کافرەکان
دەکات هیچ کەسێک نییە وەک خوای گەورە
ئینسان ببەستێتەوە. ﴿٢٧﴾
﴿يَٰٓأَيَّتُهَا ٱلنَّفْسُ ٱلْمُطْمَئِنَّةُ﴾ ئەی ئەو نەفسە ئارامە کە

یـەقینت هەیـە بـە ئیمـان وە تەوحیـدی خـوای گـەورەت جـێ بـەجێ کـردووە، بەشـێوەیەك خواپەرست بوویتە گومانت تیا نەبووە.

﴿ ٱرۡجِعِيٓ إِلَىٰ رَبِّكِ رَاضِيَةً ﴾ (٢٨) بگەڕێرەوە بۆلای پەروەردگارت ڕازیبە بەو پاداشتەی خوای گەورە دەتداتێ ﴿مَّرۡضِيَّةً﴾ وەخوای گەورە لەتۆ ڕازییە. ﴿ فَٱدۡخُلِي فِي عِبَٰدِي ﴾ (٢٩) واتە: بڕۆرە ناو کۆمەڵی بەندە چاکەکانی من وە لەکۆی ئەوان بە. ﴿ وَٱدۡخُلِي جَنَّتِي ﴾ (٣٠) لەگەڵ ئەوان بڕۆرە بەهەشتەکەی منەوە،ئا ئەمە ڕێزلێنانی ڕاستەقینەیە جگە لەمە ڕێزلێنانی تر نییە.

## سُورَةُ ٱلْبَلَدِ

﴿ لَآ أُقۡسِمُ بِهَٰذَا ٱلۡبَلَدِ ﴾ (١) واتە: بەتەئکید سوێند دەخۆم بە بَلَدُ الحَرام: کە مەککەیە، بۆ ئەوەی ئاگادارمان بکاتەوە کە مەککە أُم القُرى گەورەی هەموو شارو لادێیەکانە، وە لای خوای گەورە بەڕێزە؛ لەبەر ئەوەی کەعبەی پیرۆزی تیایە وە شاری إسماعیل و محمده (سەڵاتو سەلامی خوایان لێبێت)، وە لەوێ دروشمەکانی حەج جێبەجێ دەکرێت. ﴿ وَأَنتَ حِلُّۢ بِهَٰذَا ٱلۡبَلَدِ ﴾ (٢) واتە: خوای گەورە سوێند دەخوات بەو شارەی کە تۆ تیایدا جێگیری، کە پێغەمبەر ﷺ لەمەککە لەدایك بووە بۆ بەڕێزییە بۆ تۆ لەلای خوای گەورە، بەهۆی تۆوەو بەجێگیر بوونی تۆ لەو شارە ئەوەندەی تر بەڕێز تر دەبێ. ﴿ وَوَالِدٖ وَمَا وَلَدَ ﴾ (٣) خوای گەورە سوێند دەخوات بەباوكو منداڵەکانی، وەکو ئادەمو نەوەکانی، ئەوەی لەنەسلو نەوەی ئادەم بێت، وەبە هەموو باوكو بێچوویەك لەئاژەڵان، ئەمیش بۆ ئاگادارکردنەوەیە لەسەر گەورەیی نیشانەی وەچە خستنەوەو لەدایك بوون، کەئەمەش بەڵگەیە لەسەر تواناو دەسەڵاتو زانیاریو دانایی خوای گەورە بۆیە خوای گەورە سوێندی پێ دەخوات. ﴿ لَقَدۡ خَلَقۡنَا ٱلۡإِنسَٰنَ فِي كَبَدٍ ﴾ (٤) ئینسانمان وا دروست کردووە بەردەوام لە ئازار کێشانو ڕەنج کێشاندایە تا دەمرێت، کە مردیش ئەو کاتە ڕووبەڕووی سەختیو ناخۆشیەکانی قەبرو ژیانی بەرزەخو ناخۆشییەکانی دەبێتەوە، دوای

ئـەوەیش سـەغڵەتی و ناخۆشـیەکانی قیامـەتی لەسـەرە. ﴿٥﴾ ﴿أَيَحۡسَبُ أَن لَّن يَقۡدِرَ عَلَيۡهِ أَحَدٞ﴾
واتە: ئایا ئەوەی ئادەم (سەلامی خوای لێبێت) وا گومان دەبات کەس تواناو دەسەڵاتی
بەسەردا نییە تۆڵەی لێبسەنێ چەندێ تاوان ئەنجام بدات، تەنانەت خوای گەورەش توانای
بەسەردا نییە تۆڵەی لێ بسەنێ؟

﴿٦﴾ ﴿يَقُولُ أَهۡلَكۡتُ مَالٗا لُّبَدًا﴾ مرۆڤ دەڵێت: پارەیەکی زۆرم پێکەوە ناوە. ﴿٧﴾
﴿أَيَحۡسَبُ أَن لَّمۡ يَرَهُۥٓ أَحَدٌ﴾ واگومان دەبات خوای گەورە نەیبینیوە یان نایبینێ، وە پرسیاری ئەوەی
لێناکات ئەو ماڵەی لەکوێ پەیدا کردووە وە لەچی سەرفی کردووە؟ ﴿٨﴾ ﴿أَلَمۡ نَجۡعَل لَّهُۥ عَيۡنَيۡنِ﴾
ئایا ئێمە دوو چاومان بە مرۆڤ نەبەخشیووە. ﴿٩﴾ ﴿وَلِسَانٗا وَشَفَتَيۡنِ﴾ وە زمانێکمان پێ
نەبەخشیوە لەگەڵ دوو لێودا. ﴿١٠﴾ ﴿وَهَدَيۡنَٰهُ ٱلنَّجۡدَيۡنِ﴾ واتە: ئایا ئێمە ڕێگەی خێرو ڕێگەی
شەڕمان بە ئینسان نەناساندوە هەردوو ڕێگەکەمان ڕوون نەکردۆتەوەو ئاشکرامان نەکردووە
وەکو دوو ڕێگەی بەرز؟ ﴿١١﴾ ﴿فَلَا ٱقۡتَحَمَ ٱلۡعَقَبَةَ﴾ ئایا ئینسان بۆ خۆی گورجوگۆڵ و چالاك
ناکاتەوە وەئەو بەربەستانە نابڕێت کە کەوتۆتە نێوان ئەو و تاعەتی خواوە، لەوەی کەوا شوێن
نەفس دەکەوێت و چی بۆ بڕازێنێتەوە دەیکات، وەشوێن هەواو ئارەزوو شەیتان دەکەوێ. ﴿١٢﴾
﴿وَمَآ أَدۡرَىٰكَ مَا ٱلۡعَقَبَةُ﴾ ئێوە چوزانن ئەو بەر بەستانە چین و بەچی دەشکێنرێن. ﴿١٣﴾ ﴿فَكُّ رَقَبَةٍ﴾
واتە: یەکێك لەشکاندنی بەربەستەکان و زاڵ بوون بەسەر نەفسی خۆیدا بریتیە لەوەی
بەندەیەك ئازاد بکات، چ پیاو بێت یان ئافرەت. ﴿١٤﴾ ﴿أَوۡ إِطۡعَٰمٞ فِي يَوۡمٖ ذِي مَسۡغَبَةٖ﴾ یەکێ تر لەو
بەربەستانە کەوا بەسەر نەفسی خۆیدا زاڵ بێت خواردن دان لەڕۆژێکدا کە ڕۆژی برسێتی
بێت و، خواردن تیایدا بەنرخ بێت. ﴿١٥﴾ ﴿يَتِيمٗا ذَا مَقۡرَبَةٍ﴾ واتە: وەخواردن بەیەکێ بدات
کەهەتیوە، منداڵێك کەوا بالغ نەبووە وباوکی مردووە ئەوە هەتیووی پێ دەوترێ، وەلەوانەیە
هەتیوەکە خزمی ئەم کەسەبێ کەوا ئەیەوێ ئەو بەر بەستانە ببڕێت. ﴿١٦﴾ ﴿أَوۡ مِسۡكِينٗا ذَا مَتۡرَبَةٖ﴾

**یــاخود هــەژارێك کــە** هیچ شتێکی نەبێ، وەکو ئەوەی کەوا نوسابێتە خۆڵەکەوە لە فەقیریو هەژاریو نەداریدا، مُجاهِد (ڕحمەتی خوای لێبێت) دەفەرموێت: ئەوەیە کەهیچ شتێکی نییەو هیچ شتێك لەخۆڵ ناپارێزێت نەجلو بەرگی هەیە نەغەیری جلوبەرگ. ﴿١٧﴾ ﴿ثُمَّ كَانَ مِنَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟﴾ ئەم ئیشە چاکانە بۆ کەسێك سودی هەیە کە بیکات کەئیمانی بەخوا هێنابێو ئیماندار بێت وە لەپێناو خوای گەورەدا کردبێتی﴿وَتَوَاصَوْا۟ بِٱلصَّبْرِ﴾**وە ئامۆژگاری یەکتری بکەن کە ئارام بگرن** لەسەر تاعەتی خوای گەورە، وە ئارام بگرن لەسەر نەکردنی تاوان، وە ئارام بگرن لەسەر ئەو بەلاو موسیبەتانەی کەوا توشیان دەبێ ﴿وَتَوَاصَوْا۟ بِٱلْمَرْحَمَةِ﴾ وە ئامۆژگاری یەکتری ئەکەن بەوەی کەوا ڕەحم بکەن بەبەندەکانی خوای گەورە. ﴿١٨﴾ ﴿أُو۟لَـٰٓئِكَ أَصْحَـٰبُ ٱلْمَيْمَنَةِ﴾ ئەمانە ئەو کەسانەن کەوا کتابیان بە دەستی ڕاست پێ دەدرێت.﴿١٩﴾ ﴿وَٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ بِـَٔايَـٰتِنَا﴾وە ئەو کەسانەی کوفریان کردووە بە ئایەتەکانی ئێمە﴿هُمْ أَصْحَـٰبُ ٱلْمَشْـَٔمَةِ﴾ ئەوانە ئەو کەسانەن کەوا کتابیان بەدەستی چەپ پێ دەدرێت، وە دەخرێنە ناو ئاگرێکی ناخۆشەوە. ﴿٢٠﴾ ﴿عَلَيْهِمْ نَارٌ مُّؤْصَدَةٌۢ﴾ واتە: وەئاگرێکیشیان لەسەرە داخراوەو چوونە دەرەوەو سەرفرازی تیا نییە.

## سُورَةُ الشَّمْسِ

(١) ﴿وَٱلشَّمۡسِ وَضُحَىٰهَا﴾ سوێند بێ بەخۆرو بە روناکییەکەی الضُحَی چێشتەنگاوە کاتێك کە خۆر بەقەدەر ڕمێك بەرز دەبێتەوە. (٢) ﴿وَٱلۡقَمَرِ إِذَا تَلَىٰهَا﴾ وە سوێند بێت بەمانگ کە بەدوای خۆردا دێت کاتێك کە ئاوا دەبێت. (٣) ﴿وَٱلنَّهَارِ إِذَا جَلَّىٰهَا﴾ وەسوێند بێ بەڕۆژ کاتێ کە خۆر دەردەکەوێت، کەکاتێ ڕۆژ ڕادەخرێت ئەو کاتە خۆر بەتەواوی دەردەکەوێت.

(٤) ﴿وَٱلَّيۡلِ إِذَا يَغۡشَىٰهَا﴾ وەسوێند بێ بەشەو کاتێ ڕووناکی ڕۆژ دادەپۆشێت. (٥) ﴿وَٱلسَّمَآءِ وَمَا بَنَىٰهَا﴾ وەسوێند بێ بەئاسمان بەو شێوازەی کەوا خوای گەورە دروستی کردووە.

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ
وَٱلشَّمۡسِ وَضُحَىٰهَا ١ وَٱلۡقَمَرِ إِذَا تَلَىٰهَا ٢ وَٱلنَّهَارِ إِذَا جَلَّىٰهَا ٣
وَٱلَّيۡلِ إِذَا يَغۡشَىٰهَا ٤ وَٱلسَّمَآءِ وَمَا بَنَىٰهَا ٥ وَٱلۡأَرۡضِ وَمَا طَحَىٰهَا
٦ وَنَفۡسٖ وَمَا سَوَّىٰهَا ٧ فَأَلۡهَمَهَا فُجُورَهَا وَتَقۡوَىٰهَا ٨ قَدۡ
أَفۡلَحَ مَن زَكَّىٰهَا ٩ وَقَدۡ خَابَ مَن دَسَّىٰهَا ١٠ كَذَّبَتۡ ثَمُودُ
بِطَغۡوَىٰهَآ ١١ إِذِ ٱنۢبَعَثَ أَشۡقَىٰهَا ١٢ فَقَالَ لَهُمۡ رَسُولُ ٱللَّهِ
نَاقَةَ ٱللَّهِ وَسُقۡيَٰهَا ١٣ فَكَذَّبُوهُ فَعَقَرُوهَا فَدَمۡدَمَ
عَلَيۡهِمۡ رَبُّهُم بِذَنۢبِهِمۡ فَسَوَّىٰهَا ١٤ وَلَا يَخَافُ عُقۡبَٰهَا ١٥

ترتيبها ٩٢ — سُورَةُ ٱللَّيۡلِ — آياتها ٢١

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ
وَٱلَّيۡلِ إِذَا يَغۡشَىٰ ١ وَٱلنَّهَارِ إِذَا تَجَلَّىٰ ٢ وَمَا خَلَقَ ٱلذَّكَرَ وَٱلۡأُنثَىٰٓ ٣
إِنَّ سَعۡيَكُمۡ لَشَتَّىٰ ٤ فَأَمَّا مَنۡ أَعۡطَىٰ وَٱتَّقَىٰ ٥ وَصَدَّقَ بِٱلۡحُسۡنَىٰ ٦
فَسَنُيَسِّرُهُۥ لِلۡيُسۡرَىٰ ٧ وَأَمَّا مَنۢ بَخِلَ وَٱسۡتَغۡنَىٰ ٨ وَكَذَّبَ بِٱلۡحُسۡنَىٰ
٩ فَسَنُيَسِّرُهُۥ لِلۡعُسۡرَىٰ ١٠ وَمَا يُغۡنِي عَنۡهُ مَالُهُۥٓ إِذَا تَرَدَّىٰٓ ١١ إِنَّ عَلَيۡنَا
لَلۡهُدَىٰ ١٢ وَإِنَّ لَنَا لَلۡأٓخِرَةَ وَٱلۡأُولَىٰ ١٣ فَأَنذَرۡتُكُمۡ نَارٗا تَلَظَّىٰ ١٤

(٦) ﴿وَٱلۡأَرۡضِ وَمَا طَحَىٰهَا﴾ واتە: وە سوێند بێت بەزەوی کە خوای گەورە ڕای خستووە لە هەموو لایەکەوە.

(٧) ﴿وَنَفۡسٖ وَمَا سَوَّىٰهَا﴾ وەسوێند بێت بەنەفس ئەو نەفسەی کەوا خوای گەورە دروستی کردووە وە ڕوحی خستۆتە ناوی، وەهەروەها ئەندامەکانی ڕێکخستووەوە ئەو هێزە دەرونییە زۆرانەی خستۆتە ناویەوە، وەخوای گەورە نەفسی وا دروست کردووە کەدامەزراو بێت لەسەر فیترەتی پاکی ئیسلام، پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (كُلُّ مَوْلُودٍ يُولَدُ عَلَى الْفِطْرَةِ فَأَبَوَاهُ يُهَوِّدَانِهِ وَيُنَصِّرَانِهِ وَيُمَجِّسَانِهِ)[١]. واتە: هەموو ئینسانێك کە لەدایك دەبێت لەسەر فیترەتی ئیسلام لەدایك دەبێ، دواتر دایك و باوکەکەی ئەگەر جولەکە بن ئەیکەن بە جولەکە، وە ئەگەر گاور بن دەیکەن بە گاور، وە ئەگەر ئاگرپەرست بن دەیکەن بە ئاگرپەرست .

(٨) ﴿فَأَلۡهَمَهَا فُجُورَهَا وَتَقۡوَىٰهَا﴾ واتە: خوای گەورە وەکو ئیلهامێك خراپەکاری و تەقوای بەنەفس ناساندووە وە ئەوەی تیایاندایە لە جوانی و ناشیرینی. (٩) ﴿قَدۡ أَفۡلَحَ مَن زَكَّىٰهَا﴾ واتە: هەر کەسێك نەفسی خۆی پاك بکاتەوە بەتەقواو گەشەی پێ بکات و بەرزی بکاتەوە ئەوا هەموو مەبەستەکانی دەست دەکەوێت .

---

(٥) أخرجه البخاري "١٣٥٨" في الجنائز: باب إذا أسلم الصبي، ومسلم "٢٦٥٨" في القدر

﴿١٠﴾ ﴿وَقَدۡ خَابَ مَن دَسَّىٰهَا﴾ واتە: وە هەر کەسێ نەفسەکەی گومڕای بکات و تەمبەڵی بکات و خەریکی نەکات بە تاعەتی خوای گەورە وە کردەوەی چاکەوە ئەوا ئەو کەسە خەسارەتمەندو زەرەرمەندە لای خوای گەورە.

فَعَقَرُوهَا ﴿١١﴾ ﴿كَذَّبَتۡ ثَمُودُ بِطَغۡوَىٰهَآ﴾ نەتەوەی سەمود پێغەمبەرەکەیان بەدرۆ زانی بەهۆی سنور بەزاندن و زیادڕەوی کردنیان لە تاواندا. ﴿١٢﴾ ﴿إِذِ ٱنۢبَعَثَ أَشۡقَىٰهَا﴾ کاتێ بەدبەختترین کەس لەناو قەومی ثمود [یاخود بە رەهایی بەدبەختترین کەس لەناو خەڵکدا] کە قدار بن سالف بوو، هەستا چوو وشترەکەی سەر بڕی، واتای انبَعَثَ: هەستا بەو ئیشە کە سەربڕینی وشترەکە بوو. ﴿١٣﴾ ﴿فَقَالَ لَهُمۡ رَسُولُ ٱللَّهِ﴾ پێغەمبەر صالح (سەلامی خوای لێبێت) پێی فەرموون:﴿نَاقَةَ ٱللَّهِ﴾ واز بێنن ئەوە وشتری خوای گەورەیە، ئاگاداریانی کردەوە لە وشترەکە ﴿وَسُقۡيَٰهَا﴾ وە ئاگاداریشتان دەکەمەوە کاتێ ئەو دەچێتە سەر ئاوەکە ئێوە ناچنە سەری، ئەو ڕۆژەی سرەی ئەوە بچێتە سەر ئاوەکە ئێوە ڕووبەڕووی نەبنەوە. ﴿١٤﴾ ﴿فَكَذَّبُوهُ فَعَقَرُوهَا﴾ پێغەمبەر صالح یان (سەلامی خوای لێبێت) بە درۆزانی و وشترەکەشیان سەربڕی ﴿فَدَمۡدَمَ عَلَيۡهِمۡ رَبُّهُم﴾ خوای گەورە لەناویانی بردو سزای دابەزاندە سەریان ﴿بِذَنۢبِهِمۡ﴾ بەهۆی تاوانی خۆیانەوە ﴿فَسَوَّىٰهَا﴾ زەویەکەی تەخت کرد بەسەریانداو خستیانیە ژێر خۆڵەوە. ﴿١٥﴾ ﴿وَلَا يَخَافُ عُقۡبَٰهَا﴾ خوای گەورە لەناویانی برد، وە خوای گەورە ناترسێت لەسەرئەنجامی ئیشەکانی.

## سُورَةُ اللَّيۡلِ

﴿١﴾ ﴿وَٱلَّيۡلِ إِذَا يَغۡشَىٰ﴾ سوێند بێ بە شەو کە ڕووناکی ڕۆژ دادەپۆشێت. ﴿٢﴾ ﴿وَٱلنَّهَارِ إِذَا تَجَلَّىٰ﴾ وەسوێند بێ بە ڕۆژ کە ڕووناک دەبێت و دەردەکەوێت.﴿٣﴾ ﴿وَمَا خَلَقَ ٱلذَّكَرَ وَٱلۡأُنثَىٰٓ﴾ خوای گەورە سوێند دەخوات بەدروست کراوەکانی خۆی لەهەر دوو جنسەکە نێرو مێ لەبەنی ئادەم و غەیری بەنی ئادەم. ﴿٤﴾ ﴿إِنَّ سَعۡيَكُمۡ لَشَتَّىٰ﴾ واتە: ئیش و کرداری ئێوە جۆراو جۆرو جیاوازە؛ هەیە کردەوە دەکات بۆ بەهەشت وە هەیە کردەوە دەکات بۆ دۆزەخ، کەسانێك هەن هەوڵ وکۆشش دەکەن بۆ ئازاد کردنی نەفسی خۆیان لە ئاگر، وە کەسانێکی تر هەوڵ وکۆشش دەکەن بۆ بەهیلاك چوونی. ﴿٥﴾ ﴿فَأَمَّا مَنۡ أَعۡطَىٰ وَٱتَّقَىٰ﴾ واتە: هەرکەسێك ماڵەکەی لەخێرو چاکەدا ببەخشێت، وەخۆیشی بپارێزێت لەو حەرامانەی کە خوای گەورە قەدەغەی کردووە. ﴿٦﴾ ﴿وَصَدَّقَ بِٱلۡحُسۡنَىٰ﴾ باوەڕیشی بە جێگەگرتنەوە هەبێ لەلای خوای گەورە، واتە: وەعدی خوای گەورە بەڕاست دابنێ کە وەعدی پێداوە پاداشتی بداتەوە لەجیاتی ئەوەی کە بەخشیوێتی. ﴿٧﴾ ﴿فَسَنُيَسِّرُهُۥ لِلۡيُسۡرَىٰ﴾

هەرکەسی وابێ ئەوە ئێمە ئیش و کرداری ئەهلی بەهەشتی بۆ ئاسان دەکەین وەك ئەوەی کرداری خێری بۆ ئاسان دەکەینتا تاعەتی خوای گەورە بکات، ئەم ئایەتانە لەسەر أبو بکر صدیق (ڕەزای خوای لێبێت) دابەزی کەوا شەش بەندە لە بەندە باوەڕدارەکانی کڕی کە لەژێر دەستی ئەهلی مەککەدا بوون، کە ئەوان لەبەر خوای گەورە سزایان دەچەشت ئەم کڕیانی و ئازادیانی کرد. (٨) ﴿وَأَمَّا مَنۢ بَخِلَ﴾ بەڵام ئەگەر کەسێك ڕەزیل و چروك بێت ﴿وَٱسْتَغْنَىٰ﴾ خۆی بێ پێویست بزانێت.

(٩) ﴿وَكَذَّبَ بِٱلْحُسْنَىٰ﴾ باوەڕی بەوە نەبێ کە ببەخشێت خوای گەورە جێگەکەی بۆ پڕ دەکاتەوە.

(١٠) ﴿فَسَنُيَسِّرُهُۥ لِلْعُسْرَىٰ﴾ واتە: ئەوا کردەوەی خراپ و ناخۆشی بۆ ئاسان دەکەین، تاوەکو هۆکارەکانی خێرو
چاکە کردنی لەلا قورس بێت، لاوازو بێتاقەت بێت لە جێ بەجێ کردنی، کەئەمیش دەیگەیەنێ بەئاگری
دۆزەخ. (١١) ﴿وَمَا يُغْنِى عَنْهُ مَالُهُۥٓ﴾ ئەم ماڵەی ئەمیش کە ڕەزیلی تیا کردووە هیچ سوودی پێ ناگەیەنێ لە
قیامەتدا ﴿إِذَا تَرَدَّىٰٓ﴾ کاتێ بەهیلاك دەچێت و دەخرێتە دۆزەخەوە. (١٢) ﴿إِنَّ عَلَيْنَا لَلْهُدَىٰ﴾ لەسەر ئێمەیە کە
ڕێگەی هیدایەت لە ڕێگەی گومڕایی جیا بکەینەوە، فراءئەفەرموویێت: هەر کەسێك ڕێگەی هیدایەت بگرێتە
بەر لەسەر خوای گەورەیە بیخاتە سەر ڕێگاکە، ئەفەرموویێت: هەرکەسێك خوای دەوێت و بەدوای خوادا
دەگەڕێت ئەوا خوا لەسەر ڕێگاکەیە دەیدۆزێتەوە. (١٣) ﴿وَإِنَّ لَنَا لَلْءَاخِرَةَ وَٱلْأُولَىٰ﴾ وە دونیاو قیامەت هەمووی
بەدەست ئێمەیە، خۆمان تەسەروفی تیا دەکەین چۆنمان ویست لێبێت. (١٤) ﴿فَأَنذَرْتُكُمْ نَارًا تَلَظَّىٰ﴾ ئێوەمان
ئاگادار کردۆتەوە لەئاگرێك کەوا داگیرسێنراوە گڕو
بڵێسەی هەیە.

(١٥) ﴿لَا يَصْلَىٰهَآ إِلَّا ٱلْأَشْقَى﴾ هیچ کەسێك ناچێتە ناویەوە
تەنها کەسانی بەدبەخت و خراپەکاروکافر نەبێت" کە
گەرمییەکەی دەچێژێ. (١٦) ﴿ٱلَّذِى كَذَّبَ وَتَوَلَّىٰ﴾ واتە:
ئەم کافرە ئەو حەقەی کە پێغەمبەران (سەلامی خوایان
لێبێت) هێناویانە بەدرۆی زانیوە، وە پشتی لە
گوێڕایەڵی خوای گەورەو باوەڕهێنان کردووە. (١٧)


لَا يَصْلَىٰهَآ إِلَّا ٱلْأَشْقَى ﴿١٥﴾ ٱلَّذِى كَذَّبَ وَتَوَلَّىٰ ﴿١٦﴾ وَسَيُجَنَّبُهَا
ٱلْأَتْقَى ﴿١٧﴾ ٱلَّذِى يُؤْتِى مَالَهُۥ يَتَزَكَّىٰ ﴿١٨﴾ وَمَا لِأَحَدٍ عِندَهُۥ مِن
نِّعْمَةٍ تُجْزَىٰٓ ﴿١٩﴾ إِلَّا ٱبْتِغَآءَ وَجْهِ رَبِّهِ ٱلْأَعْلَىٰ ﴿٢٠﴾ وَلَسَوْفَ يَرْضَىٰ ﴿٢١﴾

سُورَةُ الضُّحَىٰ

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ
وَٱلضُّحَىٰ ﴿١﴾ وَٱلَّيْلِ إِذَا سَجَىٰ ﴿٢﴾ مَا وَدَّعَكَ رَبُّكَ وَمَا قَلَىٰ ﴿٣﴾
وَلَلْءَاخِرَةُ خَيْرٌ لَّكَ مِنَ ٱلْأُولَىٰ ﴿٤﴾ وَلَسَوْفَ يُعْطِيكَ رَبُّكَ
فَتَرْضَىٰٓ ﴿٥﴾ أَلَمْ يَجِدْكَ يَتِيمًا فَـَٔاوَىٰ ﴿٦﴾ وَوَجَدَكَ ضَآلًّا
فَهَدَىٰ ﴿٧﴾ وَوَجَدَكَ عَآئِلًا فَأَغْنَىٰ ﴿٨﴾ فَأَمَّا ٱلْيَتِيمَ فَلَا تَقْهَرْ
﴿٩﴾ وَأَمَّا ٱلسَّآئِلَ فَلَا تَنْهَرْ ﴿١٠﴾ وَأَمَّا بِنِعْمَةِ رَبِّكَ فَحَدِّثْ ﴿١١﴾

سُورَةُ الشَّرْحِ

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ
أَلَمْ نَشْرَحْ لَكَ صَدْرَكَ ﴿١﴾ وَوَضَعْنَا عَنكَ وِزْرَكَ ﴿٢﴾ ٱلَّذِىٓ
أَنقَضَ ظَهْرَكَ ﴿٣﴾ وَرَفَعْنَا لَكَ ذِكْرَكَ ﴿٤﴾ فَإِنَّ مَعَ ٱلْعُسْرِ يُسْرًا ﴿٥﴾ إِنَّ
مَعَ ٱلْعُسْرِ يُسْرًا ﴿٦﴾ فَإِذَا فَرَغْتَ فَٱنصَبْ ﴿٧﴾ وَإِلَىٰ رَبِّكَ فَٱرْغَب ﴿٨﴾

﴿وَسَيُجَنَّبُهَا ٱلۡأَتۡقَى﴾ کەسێك لەو ئاگرە پارێزراو و دوور دەبێ کە خۆی پاراستبێ لەکوفر، واحدي (ڕەحمەتی خوای لێبێت) ئەفەرمووێت: الأَتْقَى لە ووتەی هەموو موفەسرینەدا أبو بکری صدیق ە (ڕەزای خوای لێبێت)، واتە: لەسەر ئەو دابەزیووە، بەڵام حوکمەکەی گشتییەو هەموو کەس دەگرێتەوە، وَاللهُ أَعلَم.﴿١٨﴾

﴿ٱلَّذِي يُؤۡتِي مَالَهُۥ﴾ واتە: کە ماڵی خۆی دەبەخشێ لە هەموو ڕوویەکی خێردا﴿يَتَزَكَّى﴾ مەبەستی بەخشینەکەی ئەوەیە ئەجرو پاداشتی لای خوای گەورە دەست کەوێت و پاك بێتەوە. ﴿١٩﴾ ﴿وَمَا لِأَحَدٍ عِندَهُۥ مِن نِّعۡمَةٖ تُجۡزَىٰٓ﴾ ماڵی نابەخشێ تا بەهۆی بەخشینەکەی نیعمەتێکی لە کەسێکەوە دەست بکەوێ یان پاداشت وەرگرێ. ﴿٢٠﴾ ﴿إِلَّا ٱبۡتِغَآءَ وَجۡهِ رَبِّهِ ٱلۡأَعۡلَىٰ﴾ خوای گەورە تەئکید دەکاتەوە کە تەنها مەبەستی ڕەزامەندی پەروەردگاریەهەرە بەرزی بووە. ﴿٢١﴾ ﴿وَلَسَوۡفَ يَرۡضَىٰ﴾ واتە: سوێند بێت بەخوای گەورە ئەبێ ئەوەندەی پێ ببەخشین لە ڕێزو لەپاداشتی گەورە هەتاوەکو ڕازی دەکەین.

## سُورَةُ الضُّحَىٰ

پێغەمبەری خوا ﷺ نەخۆش کەوت دوو شەو یان سێ شەو نەیتوانی هەستێ بۆ شەو نوێژ، ئافرەتێکی بێ باوەڕ هات بۆ لای، ووتی: ئەی محمد ﷺ ئەبینم شەیتانەکەت وازی لێت هێنا، ئەوە دوو شەو بۆ سێ شەو دەچێ لێت نزیك نەبۆتەوە ئیستا هاتویەتەوە سەر باری ئاسایی خۆت، خوای گەورە بۆ دڵنەوایی پێغەمبەر ﷺ ئەم سورەتەی دابەزاند. ﴿١﴾ ﴿وَٱلضُّحَىٰ﴾ سوێند بێ بە چێشتەنگاو الضُّحَى: ناوێکە بۆ کاتێك کە خۆر بەئەندازەی ڕمێك بەرز دەبێتەوە. ﴿٢﴾ ﴿وَٱلَّيۡلِ إِذَا سَجَىٰ﴾ سوێند بێ بەشەو الأصمعي (ڕەحمەتی خوای لێبێت) دەفەرمویێت: ئەوەیە کاتێ شەو ڕووناکی ڕۆژ دادەپۆشێت، چۆن پیاوێك بەجل دادەپۆشرێت.﴿٣﴾

﴿مَا وَدَّعَكَ رَبُّكَ﴾ واتە: خوای گەورە وازی لەتۆ نەهێناوە، وە وەحیشی لێت نەبچڕیوە ﴿وَمَا قَلَىٰ﴾ واتە: هەروەها خوای گەورە لێیشت تورە نییە. ﴿٤﴾ ﴿وَلَلۡأٓخِرَةُ خَيۡرٞ لَّكَ مِنَ ٱلۡأُولَىٰ﴾ واتە: ئەی محمد ﷺ بەهەشت باشترە بۆ تۆ لە هەموو موڵکی دونیا، ئەمە لەگەڵ ئەوەشدا لە دونیادا ڕێزی پێغەمبەرایەتیشی ﷺ پێبەخشراوە کە بەڕێزترینکەسە لەسەر ڕووی دونیا هێشتا بەهەشت بۆ تۆ باشترە. ﴿٥﴾

﴿وَلَسَوۡفَ يُعۡطِيكَ رَبُّكَ﴾ پەروەردگارت ئەوەندەت پێ دەبەخشێ کەدینەکەت بڵاو دەکاتەوە، وە ئەجرو پاداشتت دەداتەوە، وەهەروەها حەوزی کەوسەرت پێ دەبەخشێ کە تایبەتە بە تۆ، وەهەروەها شەفاعەت بۆ ئوممەتەکەت بکەی لەقیامەتدا ﴿فَتَرۡضَىٰٓ﴾ ئەو هەموو شتانەت دەداتێ هەتاوەکو ڕازیت دەکات. ﴿٦﴾

﴿ أَلَمۡ يَجِدۡكَ يَتِيمٗا فَـَٔاوَىٰ ﴾ واتـە: ئـەی پێغەمبـەر ﷺ تـۆ هـەتیو بـووی باوکت نـەبوو، خـوای گـەورە پـەناتی داو جێگـەتی کـردەوە. ﴿٧﴾ ﴿ وَوَجَدَكَ ضَآلّٗا فَهَدَىٰ ﴾ ئایا تـۆ بـێ ئاگا نـەبووی تـۆ پێشـتر قورئـان و شـەرعت نەدەزانی، خوای گەورە هیدایەتی دایت بۆ قورئان، وەشەریعەتی بۆت ناردە خوارەوە.

﴿٨﴾ ﴿ وَوَجَدَكَ عَآئِلٗا فَأَغۡنَىٰ ﴾ واتە: وە تۆ مرۆڤێکی هـەژار بووی خاوەن ماڵ و منداڵ نـەبووی هیچ سـەروەت و سامانێکت نەبوو، خوای گەورە دەوڵەمەندی کردی بەوەی کەوا ڕزقی پێت بەخشی. ﴿٩﴾ ﴿ فَأَمَّا ٱلۡيَتِيمَ فَلَا تَقۡهَرۡ ﴾ کەسێك کە هەتیو بێت تـۆ زاڵ مەبە بەسـەریدا بەوەی زوڵم و ستەمی لێبکەی لەبەر ئەوەی هەتیوە، بەڵکو حەقی خۆی پێ ببەخشەو بیری هـەتیوی خۆت بکـەرەوە. ﴿١٠﴾ ﴿ وَأَمَّا ٱلسَّآئِلَ فَلَا تَنۡهَرۡ ﴾ کەسێکیش کـەوا فـەقیرە داوات لێدەکات بەڕوویدا هەڵمەگژێ، لەبەر ئەوەی خۆتیش فـەقیر بوویتـە، یـان ئەوەتا خواردنەکـەی پێبدە، یاخود بیگەڕێنەوە بەگەڕانەوەیەکی جوان. ﴿١١﴾ ﴿ وَأَمَّا بِنِعۡمَةِ رَبِّكَ فَحَدِّثۡ ﴾ باسی ئـەو نیعمەتانـەی خـوای گـەورە بکە کەوا بەسەرتەوەیە، هەروەها ئاشکرای بکە لەنێوانیاندا،با نیعمەتی خوای گەورەت پێوە دیار بێت کاتێ کەسـێ باسـی نیعمەتـەکانی خـوای گـەورە دەکـات بەسـەریەوە ئەمـە شـوکری خـوای گـەورەی کـردووە، وە ووتـراوە نیعمـەت لێـرە بـەمانای: قورئـان دێـت، خـوای گـەورە فـەرمان دەکـات بەپێغەمبـەر ﷺ کـە قورئـان بخوێنەرەوە وە باسی بکە بۆ خەڵکی.

## سُورَةُ الشَّرۡحِ

﴿١﴾ ﴿ أَلَمۡ نَشۡرَحۡ لَكَ صَدۡرَكَ ﴾ ئـەی محمـد ﷺ، بەتەئکیـد دڵـی تۆمـان کـردەوە بـۆ وەرگرتنـی پێغەمبەرایـەتی، پێغەمبـەر ﷺ بـۆ بانگـەوازی لێـرەوە هەسـتا، وە تـوانی بـاری قورسـی پێغەمبەرایـەتی و لەبـەر کردنـی وەحـی هـەڵبگرێ. ﴿٢﴾ ﴿ وَوَضَعۡنَا عَنكَ وِزۡرَكَ ﴾ هەرچی عـوزرو تاوانێـك ئەگـەر لەجاهیلییەتـدا هـەتبووبێ ئـەو شـتانەمان لەسـەرت هـەڵگرتووە. ﴿٣﴾ ﴿ ٱلَّذِيٓ أَنقَضَ ظَهۡرَكَ ﴾ئەگەر بهاتایە ئەم بابەتی پێغەمبەرایەتی و وەحییە بارێ بوایە ئـەوا ئەوەنـدە قورس بوو کە دەنگی شکاندنی پشتی پێغەمبەر ﷺ ئەبیسترا.

﴿٤﴾ ﴿وَرَفَعۡنَا لَكَ ذِكۡرَكَ﴾ نـاوی تۆمـان بـەرز ڕاگرتـووە لـەدونیاو قیامەتـدا، لەوانـە: واجبـە بـۆ ئیمانداران کە ووتیان: أَشْهَدُ أَنْ لا إِله إِلاَّ اللهُ ئیللا دەبێ بیشڵێن: أَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّداً رَسُولُ اللهِ، وە لەوانە: لە بانگدان، وە لەوانە: لەچەندەها شوێندا فەرمانمان پێکراوە بە صەڵاوات دان لەسەر پێغەمبەرﷺ.

﴿٥﴾ ﴿فَإِنَّ مَعَ ٱلۡعُسۡرِ يُسۡرًا﴾ لەگەڵ هەموو ناخۆشییەکان ئاسان کاری هەیە.

﴿٦﴾ ﴿إِنَّ مَعَ ٱلۡعُسۡرِ يُسۡرًا﴾ واتـە: بـە تەئکیـد لەگـەڵ ئـەو ناخۆشـی و قورسـییەی کـە پێشـتر باسـکرا ئاسـانکارییەکی تـر هەیـە، کـە هـەردووکی لەخواوەیـە.﴿٧﴾ ﴿فَإِذَا فَرَغۡتَ فَٱنصَبۡ﴾ واتـە: کاتێـك لـە نوێژەکەت تەواو بووی، یاخود لەگەیاندنی پەیامی خوادا، یاخود لـەجیهاد کردن، کۆشش بکە لەدوعاو پاڕانەوە وە داوای پێویستی خۆت لە خوای گەورە بکە، واتە: یاخود خۆت ماندوو بکە لە عیبادەتدا.﴿٨﴾ ﴿وَإِلَىٰ رَبِّكَ فَٱرۡغَب﴾ ملکەچ بە بۆ خوای گەورە لەترسی ئاگرەکەی وە لە خۆشی بەهەشتەکەی.


سُورَةُ التِّين
بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ
وَٱلتِّينِ وَٱلزَّيۡتُونِ ﴿١﴾ وَطُورِ سِينِينَ ﴿٢﴾ وَهَٰذَا ٱلۡبَلَدِ ٱلۡأَمِينِ ﴿٣﴾
لَقَدۡ خَلَقۡنَا ٱلۡإِنسَٰنَ فِيٓ أَحۡسَنِ تَقۡوِيمٖ ﴿٤﴾ ثُمَّ رَدَدۡنَٰهُ أَسۡفَلَ سَٰفِلِينَ
﴿٥﴾ إِلَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ فَلَهُمۡ أَجۡرٌ غَيۡرُ مَمۡنُونٖ ﴿٦﴾
فَمَا يُكَذِّبُكَ بَعۡدُ بِٱلدِّينِ ﴿٧﴾ أَلَيۡسَ ٱللَّهُ بِأَحۡكَمِ ٱلۡحَٰكِمِينَ ﴿٨﴾
سُورَةُ العَلَق
بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ
ٱقۡرَأۡ بِٱسۡمِ رَبِّكَ ٱلَّذِي خَلَقَ ﴿١﴾ خَلَقَ ٱلۡإِنسَٰنَ مِنۡ عَلَقٍ ﴿٢﴾ ٱقۡرَأۡ وَرَبُّكَ
ٱلۡأَكۡرَمُ ﴿٣﴾ ٱلَّذِي عَلَّمَ بِٱلۡقَلَمِ ﴿٤﴾ عَلَّمَ ٱلۡإِنسَٰنَ مَا لَمۡ يَعۡلَمۡ ﴿٥﴾ كَلَّآ إِنَّ
ٱلۡإِنسَٰنَ لَيَطۡغَىٰٓ ﴿٦﴾ أَن رَّءَاهُ ٱسۡتَغۡنَىٰٓ ﴿٧﴾ إِنَّ إِلَىٰ رَبِّكَ ٱلرُّجۡعَىٰٓ ﴿٨﴾ أَرَءَيۡتَ
ٱلَّذِي يَنۡهَىٰ ﴿٩﴾ عَبۡدًا إِذَا صَلَّىٰٓ ﴿١٠﴾ أَرَءَيۡتَ إِن كَانَ عَلَى ٱلۡهُدَىٰٓ ﴿١١﴾ أَوۡ أَمَرَ
بِٱلتَّقۡوَىٰٓ ﴿١٢﴾ أَرَءَيۡتَ إِن كَذَّبَ وَتَوَلَّىٰٓ ﴿١٣﴾ أَلَمۡ يَعۡلَم بِأَنَّ ٱللَّهَ يَرَىٰ ﴿١٤﴾ كَلَّا لَئِن
لَّمۡ يَنتَهِ لَنَسۡفَعَۢا بِٱلنَّاصِيَةِ ﴿١٥﴾ نَاصِيَةٖ كَٰذِبَةٍ خَاطِئَةٖ ﴿١٦﴾ فَلۡيَدۡعُ نَادِيَهُۥ
﴿١٧﴾ سَنَدۡعُ ٱلزَّبَانِيَةَ ﴿١٨﴾ كَلَّا لَا تُطِعۡهُ وَٱسۡجُدۡ وَٱقۡتَرِب ۩ ﴿١٩﴾

## سُورَةُ التِّينِ

﴿١﴾ ﴿وَٱلتِّينِ﴾ خوای گەورە سوێند دەخوات بە هەنجیر ئـەو هـەنجیرەی کـەوا خـەڵك دەیخـوات ﴿وَٱلزَّيۡتُونِ﴾ وە سـوێند بـێ بـە زەیتـون کـەوا زەیتـی لێـوە دەگوشـرێ، [مەبەسـت پێـی زەوی فەڵەسـتینە: لەبـەر ئـەوەی زۆرتـر هەنجیرو زەیتون لەوێدا دەڕوێت]. ﴿٢﴾ ﴿وَطُورِ سِينِينَ﴾ وە خوای گەورە سوێند دەخوات بەشاخ و کێوی **طور سـینا** ئـەو کێـوەی کـە خـوای گـەورە قسـەی لەگـەڵ موسا ﷺ کرد، کە طور سیناء. ﴿٣﴾ ﴿وَهَٰذَا ٱلۡبَلَدِ ٱلۡأَمِينِ﴾ وە سـوێند **بێ بەم وڵاتـە ئەمینـە** واتـە: مەککە، ناونراوە بە ئەمین لەبەر ئەوەی ئەمینە [خوای گەورە سوێند دەخوات بەم سـێ شـوێنە **کـە فەلەسـتین و تورسـینا و مەککەیـە** وەکو

ئەوەی بڵێی ئەم سێ شوێنە شوێنی دابەزینی وەحین بۆ سەر سێ لە پێغەمبەرە بەڕێزەکان موسی و عیسی محمد (سەلامی خوایان لێبێت)، وە لەو سێ شوێنەشدا سێ کتێبی ئاسمانی دابەزیوە، **کە تەورات و ئینجیل و قورئانە** وە لەو سێ شوێنە هیدایەت بۆ مرۆڤایەتی هاتووە. ﴿لَقَدْ خَلَقْنَا الْإِنسَانَ فِي أَحْسَنِ تَقْوِيمٍ﴾ ﴿٤﴾ بەتەئکید مرۆڤمان دروست کردووە لەسەر ڕێکترین شێوە کە قامەتی مرۆڤ ڕێك و ڕاست و جوانە و بەدەستی خۆی خواردنی خۆی دەخوات، خوای گەورە مرۆڤی دروست کردووە زانایە و قسەکەرە و هەڵسوڕێنەری ئیشوکاری خۆیەتی و دانا و کاربەجێیە [ئەم سیفەتانەی بە مرۆڤ بەخشیوە وای کردووە ببێ بە جێنشین لەسەر زەوی خوای گەورە چۆنی بۆ ویستووە ئاوا بووە].

﴿ثُمَّ رَدَدْنَاهُ أَسْفَلَ سَافِلِينَ﴾ ﴿٥﴾ واتە: دواتریش خوای گەورە دەیگەڕێنێتەوە بۆ ئەو پەڕی تەمەن؛ کە پیریێتی و لاوازێتییە، لە دوای ئەوەی کەوا گەنجە و بەهێزە، وە ووتراوە: کە مرۆڤ خوای گەورە دروستی کردووە لەسەر جوانترین حاڵەت بەڵام بەهۆی تاوانەوە خۆی دەگەڕێنێتەوە بۆ خراپترین ئاژەڵ، خۆی دەگەڕێنێتەوە بۆ خراپترین حاڵەت لەبەر ئەوەی حاڵی وابوو ڕوو لەدین نەبوو، شوێنیشی نزمترین پلە نزمەکانی خوارەوەی دۆزەخە.

﴿إِلَّا الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ﴾ ﴿٦﴾ تەنها ئەو کەسانە نەبێت کە باوەڕیان هێناوە وە کردەوەی چاکیان کردووە ئەمانە ناگەڕێنرێنەوە بۆ پلە نزمەکانی دۆزەخ، بەڵکو بۆ بەهەشتی فراوانی خوای گەورەلە پلە بەرزەکانی بەهەشت ﴿فَلَهُمْ أَجْرٌ غَيْرُ مَمْنُونٍ﴾ وە لەسەر تاعەت و گوێڕایەڵیەکانیان ئەجرو پاداشتی نەبڕاو و بەردەوامیان هەیەو کۆتایی نایات ﴿فَمَا يُكَذِّبُكَ بَعْدُ بِالدِّينِ﴾ ﴿٧﴾ واتە: ئەی مرۆڤ کەتۆ بزانی خوای گەورە تۆی دروست کردووە لەباشترین شێوە، وە دەتگەڕێنێتەوە بۆ بێ هێزی و لاوازێتی و پیری، ئیتر چی وات لێ دەکات کەوا زیندووبوونەوەو پاداشت و سزای خوای گەورە بە درۆ بزانی؟ ﴿أَلَيْسَ اللَّهُ بِأَحْكَمِ الْحَاكِمِينَ﴾ ﴿٨﴾ ئایا خوای گەورە دادوەرترین دادوەر نیە لەبڕیاردانداا؟ [ مرۆڤی بەجوانترین شێوە دروست کردووە، پاشان هەر کەسێك کوفری پێ بکات بەری دەداتەوە بۆ نزمترین پلە نزمەکانی دۆزەخ، وە هەر کەسێك ئیمانی پێ بهێنێت بەرزی دەکاتەوە بۆ پلە بەرزەکانی بەهەشت].

## سُورَةُ العَلَقِ

یەکەم سورەتە لە قورئان کە هاتبێتە خوارەوە ﴿اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ﴾ ﴿١﴾ ﴿٢﴾ واتە: بخوێنە ئەی محمد ﷺ وە دەست پێبکە بەناوی پەروەردگارتەوە، وە ووتراوە: یان داوای عەون و یارمەتی بکە لەپەروەردگارت ئەو خوایەی هەموو شتێکی دروست کردووە ﴿الَّذِي خَلَقَ ﴿١﴾ خَلَقَ الْإِنسَانَ مِنْ عَلَقٍ﴾ سەرەتای دروست کردنی مرۆڤ دڵۆپە

ئاوێکە، پاشان بەهێزو توانای خوای گەورە ئەو دڵۆپە ئاوە دەبێتە دڵۆپە خوێنێکی مەیوو، وەك پارچەیەك خوێنی مەیو وایە. دوای ئەوە دەبێتە مُضغة پارچە گۆشتێکی بچوك دوای ئەوە خوای گەورە مەلائیکەت دەنێرێت ڕوح بکات بەبەریدا. ﴿٣﴾ ﴿ ٱقْرَأْ وَرَبُّكَ ٱلْأَكْرَمُ ﴾ بخوێنە بەناوی ئەو پەروەردگارەت کەوا بەڕێزە لەبەڕێزی و کەرەمی خوای گەورەیە وای لە تۆ کردووە کەوا بتوانی بخوێنیتەوە لە کاتێکدا کەوا تۆ کەسێکی نەخوێنەواری. ﴿٤﴾ ﴿ ٱلَّذِى عَلَّمَ بِٱلْقَلَمِ ﴾ خوای گەروە مرۆڤی فێری خوێندنەوەو نووسین کردووە بەهۆی قەڵەمەوە، خوای گەورە سەرەتای بانگەوازی ئیسلامی دەست پێ کردووە بەبانگ کردن بۆ خوێندنەوەو نووسین و، هاندان لەسەریان، لەبەر ئەوەی سودێکی گەورە لە خوێندنەوەو نووسیندا هەیە.

﴿٥﴾ ﴿ عَلَّمَ ٱلْإِنسَٰنَ مَا لَمْ يَعْلَمْ ﴾ خوای گەورە بەقەڵەم مرۆڤی فێری ئەو شتانە کرد کە نایزانی. ﴿٦﴾ ﴿٧﴾ ﴿ كَلَّآ إِنَّ ٱلْإِنسَٰنَ لَيَطْغَىٰٓ ﴿٧﴾ أَن رَّءَاهُ ٱسْتَغْنَىٰٓ ﴾ واتە: نەخێر مرۆڤ لەسنوور دەردەچێت کاتێ خۆی دەبینێ بێ پێویستە بەماڵ و هێزو دەسەڵاتی. ﴿٨﴾ ﴿ إِنَّ إِلَىٰ رَبِّكَ ٱلرُّجْعَىٰٓ ﴾ واتە: تەنها گەڕانەوەبۆ لای خوایەو بۆ لای غەیری خوا نیە.

﴿٩﴾ ﴿١٠﴾ ﴿ أَرَءَيْتَ ٱلَّذِى يَنْهَىٰ ﴿١٠﴾ عَبْدًا إِذَا صَلَّىٰٓ ﴾ ئایا نابینی ئەو کەسەی کە ڕێگری دەکات کە: أبو جهل ە، لەبەندەیەك کە نوێژ دەکات مەبەست بەو بەندەیە: محمد ە ﷺ. ﴿١١﴾ ﴿ أَرَءَيْتَ إِن كَانَ عَلَى ٱلْهُدَىٰٓ ﴾ واتە: لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەم عەبدە نوێژ دەکات و قەدەغە دەکرێت پێغەمبەری خوایە ﷺ، لەسەر ڕێگەی ڕاستیشە هەرکەسێکیش شوێنی بکەوێ هیدایەت وەردەگرێت.

﴿١٢﴾ ﴿ أَوْ أَمَرَ بِٱلتَّقْوَىٰٓ ﴾ واتە: وە فەرمان دەکات بە دڵسۆزی و نیەت پاکی بۆ خوا وە بە یەکخواپەرستی وە کردەوەی چاك کە بەهۆی ئەم شتانەوە مرۆڤ دەپارێزرێ لەئاگری دۆزەخ. ﴿١٣﴾ ﴿ أَرَءَيْتَ إِن كَذَّبَ وَتَوَلَّىٰٓ ﴾واتە: ئەبو جەهل، ئەوەی بەدرۆ زانیوە کە پێغەمبەر ﷺ هێناویەتی وە پشتی هەڵکردووە لە باوەڕهێنان.

﴿١٤﴾ ﴿ أَلَمْ يَعْلَم بِأَنَّ ٱللَّهَ يَرَىٰ ﴾ ئایا نازانێ کە خوای گەورە ئاگای لەحاڵی ئەوە وە سزای دەدات لەسەر ئەو حاڵەی، ئەی چۆن جورئەتی هەیە لەسەر ئەوەی کردی بیکات؟ ﴿١٥﴾ ﴿ كَلَّا لَئِن لَّمْ يَنتَهِ ﴾ نەخێر نابێت حاڵی وابێت ئەگەر بێت و واز لەم کردەوەیەی نەهێنێ وە دەستی لێ هەڵنەگرێ ﴿ لَنَسْفَعًۢا بِٱلنَّاصِيَةِ ﴾ واتە: بە پێشەسەری ڕای دەکێشین، ڕای دەکێشین هەتا ئاگری دۆزەخ، وَالنَّاصِيَةِ: قژی پێشەوەی سەرە. ﴿١٦﴾ ﴿ نَاصِيَةٍ كَٰذِبَةٍ خَاطِئَةٍ ﴾ واتە: خاوەنی ئەم پێشەسەرە(ئەبو جەهل) درۆزنەو بەهەڵدا چووە: وە کردنی تاوان بەکەم دادەنێت. ﴿١٧﴾ ﴿ فَلْيَدْعُ نَادِيَهُۥ ﴾ واتە: با ئەبو جەهل بانگ نادیەکەی بکات وە النادی: ئەو مەجلیسە بوو کە قەومەکەی لێی دادەنیشتن، ووتراوە: ئەبو جەهل بە پێغەمبەری ﷺ ووت: ئایا تۆ هەڕەشەم لێ دەکەی لەکاتێکدا لە خەڵکی ئەم دۆڵەدا لەهەموویان زیاتر خەڵکم لەگەڵدایە؟ لەبەر ئەوە ئەم ئایەتە دابەزی. ﴿١٨﴾ ﴿ سَنَدْعُ ٱلزَّبَانِيَةَ ﴾ واتە: ئێمەش بانگی ئەو مەلائیکەتانە دەکەین کەزۆر توندو تیژن، بۆ ئەوەی ئەبوجەهل بگرن و فڕێیدەنە ئاگری دۆزەخەوە

(١٩) ﴿كَلَّا لَا تُطِعۡهُ﴾ ئەی پێغەمبەر ﷺ تۆ گوێڕایەڵی مەکە بەوەی کەوا داوات لێ دەکات واز لە نوێژ کردن بهێنی ﴿وَٱسۡجُدۡ﴾ نوێژ بکە بۆ خوای گەورەو بایەخ بە ئەبوجەهل مەدە، گوێ بە نەهییەکانی مەدە ﴿وَٱقۡتَرِب﴾ لە خوای گەورە نزیك بەرەوە بە گوێڕایەڵی کردن و پەرستنی.


سُورَةُ القَدْرِ — ترتيبها ٩٧ — آياتها ٥
بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ
إِنَّآ أَنزَلۡنَٰهُ فِي لَيۡلَةِ ٱلۡقَدۡرِ ١ وَمَآ أَدۡرَىٰكَ مَا لَيۡلَةُ ٱلۡقَدۡرِ ٢ لَيۡلَةُ ٱلۡقَدۡرِ خَيۡرٞ مِّنۡ أَلۡفِ شَهۡرٖ ٣ تَنَزَّلُ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ وَٱلرُّوحُ فِيهَا بِإِذۡنِ رَبِّهِم مِّن كُلِّ أَمۡرٖ ٤ سَلَٰمٌ هِيَ حَتَّىٰ مَطۡلَعِ ٱلۡفَجۡرِ ٥
سُورَةُ البَيِّنَةِ — ترتيبها ٩٨ — آياتها ٨
بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ
لَمۡ يَكُنِ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ مِنۡ أَهۡلِ ٱلۡكِتَٰبِ وَٱلۡمُشۡرِكِينَ مُنفَكِّينَ حَتَّىٰ تَأۡتِيَهُمُ ٱلۡبَيِّنَةُ ١ رَسُولٞ مِّنَ ٱللَّهِ يَتۡلُواْ صُحُفٗا مُّطَهَّرَةٗ ٢ فِيهَا كُتُبٞ قَيِّمَةٞ ٣ وَمَا تَفَرَّقَ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡكِتَٰبَ إِلَّا مِنۢ بَعۡدِ مَا جَآءَتۡهُمُ ٱلۡبَيِّنَةُ ٤ وَمَآ أُمِرُوٓاْ إِلَّا لِيَعۡبُدُواْ ٱللَّهَ مُخۡلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَ حُنَفَآءَ وَيُقِيمُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَيُؤۡتُواْ ٱلزَّكَوٰةَۚ وَذَٰلِكَ دِينُ ٱلۡقَيِّمَةِ ٥ إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ مِنۡ أَهۡلِ ٱلۡكِتَٰبِ وَٱلۡمُشۡرِكِينَ فِي نَارِ جَهَنَّمَ خَٰلِدِينَ فِيهَآۚ أُوْلَٰٓئِكَ هُمۡ شَرُّ ٱلۡبَرِيَّةِ ٦ إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ أُوْلَٰٓئِكَ هُمۡ خَيۡرُ ٱلۡبَرِيَّةِ ٧

## سُورَةُ القَدْرِ

(١) ﴿إِنَّآ أَنزَلۡنَٰهُ فِي لَيۡلَةِ ٱلۡقَدۡرِ﴾ واتە: ئێمە قورئانمان دابەزاندۆتە خوارەوە بەیەکجار لەشەوی قەدردا بۆ ئاسمانی دونیا، لە اللَّوحُ الْمَحفُوظ، دواتر دادەبەزیە سەر پێغەمبەر ﷺ بە بەش بەش بە گوێرەی پێویستی، لەماوەی (٢٣) ساڵدا، شەوی قەدریش دەکەوێتە دە شەوی کۆتایی مانگی ڕەمەزان کە قورئانی تێدا هاتۆتە خوارەوە، بەڵام حەدیثەکان لەدەست نیشان کردنی شەوەکەیدا ئیختلاف هەیە.

(٢) ﴿وَمَآ أَدۡرَىٰكَ مَا لَيۡلَةُ ٱلۡقَدۡرِ﴾ ئەی محمد ﷺ تۆ چوزانی شەوی قەدر چیە؟ ووتراوە : لەبەر ئەوە ناو نراوە لَيْلَةُ الْقَدْرِ چونکە خوای گەورە تەقدیری هەموو شتێك دەکات کە ویستی لێبێت بۆ ساڵی داهاتوو، وە ووتراوە: ناونراوە بە لَيْلَةُ الْقَدْرِ لەبەر گەورەیی و ڕێزو شەرەفی

ئەو شەوە.﴿٣﴾﴿لَيۡلَةُ ٱلۡقَدۡرِ خَيۡرٞ مِّنۡ أَلۡفِ شَهۡرٖ﴾ کردەوەی چاك لە لَيْلَةُ الْقَدْرِ، کە یەك شەوە، چاکترە لەهەزار مانگ.

﴿٤﴾﴿تَنَزَّلُ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ وَٱلرُّوحُ فِيهَا بِإِذۡنِ رَبِّهِم﴾مەلائیکەتەکان لەئاسمان دادەبەزن بۆ سەر زەوی بەفەرمانی خوای گەورە، والرُّوح جبریل ە (سەلامی خوای لێبێت) ﴿مِّن كُلِّ أَمۡرٖ﴾بەهەموو فەرمانێك.

﴿٥﴾﴿سَلَٰمٌ هِيَ﴾ واتە: ئەو شەوە هەمووی سەلامەتی و خێرە هیچ شەڕو خراپەی تیادا نییە، شەیتانیش ناتوانێ لەو شەوەدا خراپەکاری بکات و ئازاری خەڵك بدات ﴿حَتَّىٰ مَطۡلَعِ ٱلۡفَجۡرِ﴾ تا دەرکەوتنی بەرەبەیان، بەردەوام پۆل لە دوای پۆل مەلائیکەتی خوا دادەبەزن بۆ سەر زەوی نابچڕێن هەتاوەکو بەیانی.

## سُورَةُ البَيِّنَةِ

﴿١﴾﴿لَمۡ يَكُنِ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ مِنۡ أَهۡلِ ٱلۡكِتَٰبِ﴾ کافرانی ئەهلی کیتاب لەجولەکەو گاورەکان ﴿وَٱلۡمُشۡرِكِينَ﴾ وە موشریکەکانی عەرەب، کە بت پەرست بوون﴿مُنفَكِّينَ﴾ واز لەکوفری خۆیان ناهێننو دەست بەرداری نابن ﴿حَتَّىٰ تَأۡتِيَهُمُ ٱلۡبَيِّنَةُ﴾ البَيِّنَة: بریتیە لە پێغەمبەر ﷺ وە ئەوەی هێناویەتی کە قورئانە، کە گومڕایی و نەزانی خۆیانی بۆیان ڕوون کردەوە ، وە بانگیانی کرد بۆ باوەڕهێنان.

﴿٢﴾﴿رَسُولٞ مِّنَ ٱللَّهِ﴾ کە محمد ە ﷺ﴿يَتۡلُواْ صُحُفٗا مُّطَهَّرَةٗ﴾ پەڕاوێکیان بۆ دەخوێنێتەوە کە پارێزراوە لەوەی دەستکاری بکرێ و سەر لەخەڵك بشێوێنێ، بەڵکو لە ڕاستیدا فەرموودەی خوای گەورەیە.

﴿٣﴾﴿ فِيهَا كُتُبٌ قَيِّمَةٌ ﴾ لـەو پـەڕاوەی کـە ئـەو پێغەمبـەرە ﷺ دەیخوێنێتـەوە کۆمـەڵێك ئایـەت و ئـەحکامی تێدایـە کـە القَيِّمَةٌ: واتـە: ڕێـك و ڕاسـت و دامـەزراوەو لادانـی لـەحـەق تیا نیـە، بـەڵکو ئەوەی لەو قورئانەدایە هەمووی چاکسازیەو ڕێنماییەو هیدایەتەو حیکمەتەو داناییەو، وەکو خوای گەورە دەفەرموویت:

﴿ ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ ٱلَّذِيٓ أَنزَلَ عَلَىٰ عَبۡدِهِ ٱلۡكِتَٰبَ وَلَمۡ يَجۡعَل لَّهُۥ عِوَجَاۜ ﴿١﴾ قَيِّمٗا لِّيُنذِرَ ﴾ [الكهف: ١ - ٢] واته: (حەمدو سەناو ستایش بۆ ئەو خوایەی کە ئەو کتابەی دابەزاندووە کە قورئانە بۆ سەر عەبدی خۆی کە پێغەمبەر ﷺ کە هیچ گێڕی و چەوتی و خوارییەکی تێدا نیە بەڵکو ڕێك و ڕاست و دامـەزراوە...) ئەوەی شوێن ئەو قورئانە بکەوێت ئەوە لەسەر ڕێگا ڕاستەکەی خوای گەورەیە.

﴿٤﴾﴿ وَمَا تَفَرَّقَ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡكِتَٰبَ إِلَّا مِنۢ بَعۡدِ مَا جَآءَتۡهُمُ ٱلۡبَيِّنَةُ ﴾ واتـە: ئـەهلی کیتـاب کـەوا تەفرەقـەو جیاوازییـان تێکـەوتووە لەبـەر ئـەوە نـەبوو کەحـەق نـەزانن، بـەڵکو دوای ئـەوەی کـە حـەقیان بۆ هات و، ڕاستییەکەیان بۆ دەرکەوت کە ئەمە ڕاستە، پاشان خوای گەورە پێغەمبەری ﷺ نارد، هەندێکیان ئیمانیان پێهێناو هەندێکیان کوفریان پێ کرد، کە زۆرینەیان بوون، بـەڵکو پێویست بوو لەسـەر هـەموویان لەسـەر یـەك ڕێگـەبن، کـە شوێن دینـی خـوای گـەورە بکـەون، وەهـەروەها شوێن ئەو پێغەمبەرە ﷺ بکەون کەوا لەلایەن خوای گەورەوە بۆیـان هـاتووە، کـە بەڕاستدانەری پەرتوکەکەی لای خۆیانە .

﴿٥﴾﴿ وَمَآ أُمِرُوٓاْ ﴾ لەکتابـەکانی خۆیـان کەپێشـتر بۆیـان دابـەزیوە، وە لەقورئانیشـدا فـەرمانیان پێنـەکراوە﴿ إِلَّا لِيَعۡبُدُواْ ٱللَّهَ مُخۡلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَ ﴾ تـەنها بـەوە نـەبێت کـە پەیوەسـتبن بـە تاعـەتی خـوای گەورە، وە عیبادەتەکەشیان بە دڵسۆزیەوە بێت، وە هیچ جۆرە شەریکێك بۆ خوای گەورە بڕیار نەدەن، وەخۆیشیان دینداری و عیبادەت بکەن ﴿ حُنَفَآءَ ﴾ لادەن و واز بێنن لـە هـەموو دینـەکانی ترو بێنە سەر دینـی ئیسلام ﴿ وَيُقِيمُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَيُؤۡتُواْ ٱلزَّكَوٰةَ ﴾ وە نوێژەکانیان بکـەن بـەو شـێوەیەی

که خوای گەورە لێیانی داوا کردووە لە کاتی خۆیدا، وەکاتی زەکاتیش هەر کەسێك زەکاتی لەسەر بوو زەکاتی ماڵەکەیان دەر بکەن ﴿وَذَٰلِكَ دِينُ ٱلْقَيِّمَةِ﴾ ئەمە دینە کەخوای گەورە ناردویەتی دینی میللەتێکی دامەزراوە، واتە: نابێ پارچە پارچەبن تیایدا. ﴿٦﴾ ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ مِنْ أَهْلِ ٱلْكِتَٰبِ وَٱلْمُشْرِكِينَ فِي نَارِ جَهَنَّمَ خَٰلِدِينَ فِيهَآ﴾ وە ئەوانەیان کە شوێنی پێغەمبەر ﷺ نەکەوتن لە ئەهلی کتاب و موشریکەکانی عەرەب ئەوانە بەهەمیشەیی و بەنەمری لە دۆزەخدان ﴿أُوْلَٰٓئِكَ هُمْ شَرُّ ٱلْبَرِيَّةِ﴾ واتە: لەهەموو دروست کراوەکان خراپتر ئەمانەن، لەبەر ئەوەی ئەمانە وازیان لە حەقەکە هێنا لەحەسودیی و ستەمدا، بۆیە سەرەنجامیشیان خراپترین سەرەنجامە.

﴿٧﴾ ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ﴾ئەوانەی کە ئیمانیان هێنا لە ئەهلی کیتاب، وە کردەوەی چاکیان کردووە ﴿أُوْلَٰٓئِكَ هُمْ خَيْرُ ٱلْبَرِيَّةِ﴾ئەوانە باشترین دروست کراوی خوای گەورەن .


جَزَآؤُهُمْ عِندَ رَبِّهِمْ جَنَّٰتُ عَدْنٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَآ أَبَدًا رَّضِيَ ٱللَّهُ عَنْهُمْ وَرَضُواْ عَنْهُ ذَٰلِكَ لِمَنْ خَشِيَ رَبَّهُۥ ﴿٨﴾

سُورَةُ الزَّلزَلَةِ

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

إِذَا زُلْزِلَتِ ٱلْأَرْضُ زِلْزَالَهَا ﴿١﴾ وَأَخْرَجَتِ ٱلْأَرْضُ أَثْقَالَهَا ﴿٢﴾ وَقَالَ ٱلْإِنسَٰنُ مَا لَهَا ﴿٣﴾ يَوْمَئِذٍ تُحَدِّثُ أَخْبَارَهَا ﴿٤﴾ بِأَنَّ رَبَّكَ أَوْحَىٰ لَهَا ﴿٥﴾ يَوْمَئِذٍ يَصْدُرُ ٱلنَّاسُ أَشْتَاتًا لِّيُرَوْاْ أَعْمَٰلَهُمْ ﴿٦﴾ فَمَن يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ خَيْرًا يَرَهُۥ ﴿٧﴾ وَمَن يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ شَرًّا يَرَهُۥ ﴿٨﴾

سُورَةُ العَادِيَاتِ

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

وَٱلْعَٰدِيَٰتِ ضَبْحًا ﴿١﴾ فَٱلْمُورِيَٰتِ قَدْحًا ﴿٢﴾ فَٱلْمُغِيرَٰتِ صُبْحًا ﴿٣﴾ فَأَثَرْنَ بِهِۦ نَقْعًا ﴿٤﴾ فَوَسَطْنَ بِهِۦ جَمْعًا ﴿٥﴾ إِنَّ ٱلْإِنسَٰنَ لِرَبِّهِۦ لَكَنُودٌ ﴿٦﴾ وَإِنَّهُۥ عَلَىٰ ذَٰلِكَ لَشَهِيدٌ ﴿٧﴾ وَإِنَّهُۥ لِحُبِّ ٱلْخَيْرِ لَشَدِيدٌ ﴿٨﴾ ۞ أَفَلَا يَعْلَمُ إِذَا بُعْثِرَ مَا فِي ٱلْقُبُورِ ﴿٩﴾

﴿٨﴾ ﴿جَزَآؤُهُمْ عِندَ رَبِّهِمْ﴾ پاداشتی ئەوانە لای خوای گەورەیە بەهۆی ئەوەی کەوا باوەڕیان هێناوە وە کردەوەی چاکیان کردووە ﴿جَنَّٰتُ عَدْنٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَٰرُ﴾پاداشتەکەیان بەهەشتێکە کە بە هەمیشەیی ئەمێنێتەوە، وە لەژێر دارەکان و ژوورەکان ئاو دەڕوات ﴿خَٰلِدِينَ فِيهَآ أَبَدًا﴾بەهەمیشەیی و بەنەمری تیایدا ئەمێننەوە، وە ئەوەی چووە بەهەشتەوە ئیتر دەرچوونی نییە، کۆچیش ناکەن و ناڕۆن و، مردنیشیان بەسەردا نایات

﴿رَّضِيَ ٱللَّهُ عَنۡهُمۡ﴾خوای گەورە لەمانە ڕازییە ﴿وَرَضُواْ عَنۡهُۚ﴾ئەوەندەیشیان دەداتێ ئەوانیش بەو بەشەی خوای گەورە ڕازین ﴿ذَٰلِكَ لِمَنۡ خَشِيَ رَبَّهُۥ﴾ئەمە بۆ کەسێکە ترسی خوای گەورەی هەبێت.

## سُورَةُ الزَّلۡزَلَةِ

(١)﴿إِذَا زُلۡزِلَتِ ٱلۡأَرۡضُ زِلۡزَالَهَا﴾خوای گەورە باسی هاتنی ڕۆژی قیامەت دەکات کاتێك دێت زەوی ئەهەژێتو ئەجولێت جولاندنێکی زۆر سەخت هەرچی لەسەرە هەمووی ئەشکێتو نامێنێت هەمووی تێك دەچێت.

(٢)﴿وَأَخۡرَجَتِ ٱلۡأَرۡضُ أَثۡقَالَهَا﴾ **زەویش** ئەوەی لەناو زگیدایە هەمووی دەردەکاتە دەرەوە لە مردوان و ئەوەی دفن کرا بێت چی کرا بێت لەسەر زەویدا هەمووی ئاشکرا دەبێت، بەڵام مردووەکان لەنەفخەی دووەمدا دێنە دەرەوە.

(٣)﴿وَقَالَ ٱلۡإِنسَٰنُ مَا لَهَا﴾ واتە: کاتێ ئینسان دەیبینێ کارەکەی زۆر لەلا سەرسوڕهێنەرو سەختە، بۆچی زەوی هەژاوەو جولاوەو ئەوەی ناوەوەی فڕێ داوەتە دەرەوە؟!

(٤)﴿يَوۡمَئِذٖ تُحَدِّثُ أَخۡبَارَهَا﴾ زەوی دێتە وەڵام هەواڵی خۆی ڕادەگەیەنێ، وەقسە دەکات کەچی کردەوەیەك ئەنجام دراوە لەسەری لەخێرو شەڕ، خوای گەورە دەیهێنێتە قسە تاوەکو شایەتی لەسەر بەندەکان بدات.

(٥)﴿بِأَنَّ رَبَّكَ أَوۡحَىٰ لَهَا﴾ کاتێ زەوی قسە دەکات بەوەحی خوای گەورە بە فەرمانی خوای گەورە قسە دەکاتو شایەتی دەدات.

﴿٦﴾﴿ يَوۡمَئِذٖ يَصۡدُرُ ٱلنَّاسُ أَشۡتَاتٗا ﴾خەڵكی لەو ڕۆژەدا لەگۆڕەكانیان دەردەچن بۆ شوێنی حیساب و لێپرسینەوە، خەڵكی بەش بەش دەبن هەیانە بەلای ڕاستدا دەڕوات، هەیانە بەلای چەپدا دەڕوات، دینیشیان جیاوازە، وە كردەوەشیان جیاوازە ﴿لِّيُرَوۡاْ أَعۡمَٰلَهُمۡ ﴾ واتە: تا خوای گەورە كردەوەكانی خۆیانیان نیشان دەدات، وە ووتراوە: تا پاداشتی كردەوەكانیان وەربگرن .

﴿٧﴾﴿ فَمَن يَعۡمَلۡ ﴾ ئەوەی لە دونیا ﴿مِثۡقَالَ ذَرَّةٍ خَيۡرٗا يَرَهُۥ ﴾ بە قەد مێرولەیەكی بچوك چاكە بكات لەڕۆژی دوایی دەیبینێتەوەو دڵخۆشی دەكات، یاخود بەچاو نیشانی دەدرێت و دەیبینێت.

﴿٨﴾﴿ وَمَن يَعۡمَلۡ ﴾ وە ئەوەی لە دونیا﴿مِثۡقَالَ ذَرَّةٖ شَرّٗا يَرَهُۥ ﴾ بە قەد مێرولەیەكی بچوك خراپە بكات لەڕۆژی دوایی تووشی خەفەتی دەكات، وَالذَرَّةٍ: تیشكی خۆر كەپەنجەرە دەكەیتەوە تەپوتۆزەكەی دێتە دەرەوە ئەوەیە، واتە: گەرد.

## سُورَةُ العَادِيَاتِ

﴿١﴾﴿ وَٱلۡعَٰدِيَٰتِ ﴾سوێند بێ بەو ئەسپانەی كەوا سوارچاكەكانیان تاوئەدەن بۆ جیهاد كردن لەپێناو خوای گەورە بەرەو دوژمن لە كافرەكان، ئەوانەی كەوا بێ فەرمانی خواو پێغەمبەر ﷺ ئەكەن ﴿ضَبۡحٗا ﴾ الضَبح: ئەو ئەسپانە دەنگی هەناسەیان دێت كاتێك كە غار ئەدەن و ڕادەكەن و هیلاك دەبن.

﴿٢﴾﴿ فَٱلۡمُورِيَٰتِ قَدۡحٗا ﴾ هەر سوێند بێ بە ماین كاتێك ئاگر دەرئەپەڕێنێت پریشك لەژێر پێیەوە دەردەچێت، كاتێ كەوا بەخێرایی پێ دەدات بەسەر زەوییەكە كەوا ڕەقە وە بەسەر

بەردا، وەك داریٚ کەبسوتیٚ پریشکی لیٚ ئەبیٚتەوە. ﴿فَٱلۡمُغِيرَٰتِ صُبۡحٗا﴾ (٣) واتە: سویٚند بیٚت بەو مایینانەی کەوا دەدەن بەسەر دوژمندا لە بەرەبەیاندا. ﴿فَأَثَرۡنَ بِهِۦ نَقۡعٗا﴾ (٤) النَقع: ئەو تەپ‌وتۆزەیە کە ماییەکان دەیکەن بەسەر دوژمنداله کاتی غەزا کردندا. ﴿فَوَسَطۡنَ بِهِۦ جَمۡعًا﴾ (٥)

﴿ بەغار دانەکەیان دەگەنە ناوەڕاستی دوژمن دوای ئەوەی تیٚکیان دەشکیٚنن، هەموویان لەویٚ کۆدەبنەوە. ﴿إِنَّ ٱلۡإِنسَٰنَ لِرَبِّهِۦ لَكَنُودٞ﴾ (٦) الكَنود: بەڕاستی ئینسان زۆر کوفرانەی نیعمەتەکانی خوای گەورە دەکات، زۆر ئینکاری دەکات.

﴿وَإِنَّهُۥ عَلَىٰ ذَٰلِكَ لَشَهِيدٞ﴾ (٧) خۆیشی شایەتی دەدات لەسەر خۆی کە ئینکاری دەکات و کوفری نیعمەت دەکات، لەبەر ئەوەی شویٚنەوارەکەی دیارە بەسەر ئەم ئینسانەوە کە خوای گەورە نیعمەتی پیٚ بەخشیووە.

﴿وَإِنَّهُۥ لِحُبِّ ٱلۡخَيۡرِ لَشَدِيدٌ﴾ (٨) واتە: خۆشەویستی بۆ سەروەت و سامان زۆر سەختە، سورە لە بەدەست هیٚنان و بەدەست خستن و بە دوادا گەڕانی، خۆی بەهیلاك دەدات لەپەیدا کردنی ماڵدا.


وَحُصِّلَ مَا فِي ٱلصُّدُورِ (١٠) إِنَّ رَبَّهُم بِهِمۡ يَوۡمَئِذٖ لَّخَبِيرُۢ (١١)
سُورَةُ القَارِعَةِ
بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ
ٱلۡقَارِعَةُ (١) مَا ٱلۡقَارِعَةُ (٢) وَمَآ أَدۡرَىٰكَ مَا ٱلۡقَارِعَةُ
(٣) يَوۡمَ يَكُونُ ٱلنَّاسُ كَٱلۡفَرَاشِ ٱلۡمَبۡثُوثِ (٤)
وَتَكُونُ ٱلۡجِبَالُ كَٱلۡعِهۡنِ ٱلۡمَنفُوشِ (٥) فَأَمَّا
مَن ثَقُلَتۡ مَوَٰزِينُهُۥ (٦) فَهُوَ فِي عِيشَةٖ رَّاضِيَةٖ
(٧) وَأَمَّا مَنۡ خَفَّتۡ مَوَٰزِينُهُۥ (٨) فَأُمُّهُۥ هَاوِيَةٞ
(٩) وَمَآ أَدۡرَىٰكَ مَا هِيَهۡ (١٠) نَارٌ حَامِيَةُۢ (١١)
سُورَةُ التَّكَاثُرِ
بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ
أَلۡهَىٰكُمُ ٱلتَّكَاثُرُ (١) حَتَّىٰ زُرۡتُمُ ٱلۡمَقَابِرَ (٢) كَلَّا سَوۡفَ
تَعۡلَمُونَ (٣) ثُمَّ كَلَّا سَوۡفَ تَعۡلَمُونَ (٤) كَلَّا لَوۡ تَعۡلَمُونَ
عِلۡمَ ٱلۡيَقِينِ (٥) لَتَرَوُنَّ ٱلۡجَحِيمَ (٦) ثُمَّ لَتَرَوُنَّهَا
عَيۡنَ ٱلۡيَقِينِ (٧) ثُمَّ لَتُسۡـَٔلُنَّ يَوۡمَئِذٍ عَنِ ٱلنَّعِيمِ (٨)

﴿أَفَلَا يَعۡلَمُ إِذَا بُعۡثِرَ مَا فِي ٱلۡقُبُورِ﴾ (٩) واتە: ئەی ئایا نازانیٚ ئەوانەی لەناو قەبرەکاندایە هەمووی دەردەکریٚ.

﴿وَحُصِّلَ مَا فِي ٱلصُّدُورِ﴾ (١٠) واتە: ئەوەی لەناو سنگدایە (دڵ) هەمووی جیا دەکریٚتەوەو روون دەکریٚتەوە لەخیٚرو لەشەڕ.

﴿إِنَّ رَبَّهُم بِهِمۡ يَوۡمَئِذٖ لَّخَبِيرُۢ﴾ (١١) واتە: پیٚویستە مرۆڤ بزانیٚ پەروەردگاری هەموو ئەو

خەڵکانەی زیندوویان دەکاتەوە شارەزایە دەربارەیان و هیچ شتێکی لێ ناشاردرێتەوەلەو ڕۆژەداو لەغەیری ئەو ڕۆژەشدا، لەو ڕۆژەش پاداشت یان سزایان دەداتەوە، واتە: ئەی ئەگەر ئەم شتە بزانن نابێ خۆشەویستی ماڵ سەرقاڵیان بکات لەسوپاس کردنی خوای گەورە، وە لەعیبادەت کردنی خوای گەورە، وە کار کردن بۆ ڕۆژی زیندو بوونەوە.

سُورَةُ القَارِعَةِ

(١)﴿ ٱلْقَارِعَةُ ﴾ناوێکە لە ناوەکانی رۆژی قیامەت، چونکە لە دڵ دەدات بە ترساندنی، یاخود لە دوژمنانی خوای گەورە دەدات بە سزا.

(٢)﴿ مَا ٱلْقَارِعَةُ ﴾القارعة چییە؟

(٣)﴿ وَمَآ أَدْرَىٰكَ مَا ٱلْقَارِعَةُ ﴾ئەی محەمەد ﷺ تۆ چوزانیت القارعە چییە؟ بۆ بەگەورە زانینی ئەو رۆژەیە.

(٤)﴿ يَوْمَ يَكُونُ ٱلنَّاسُ كَٱلْفَرَاشِ ٱلْمَبْثُوثِ ﴾ لەو رۆژەدا خەڵکی وەکو پەپولەی بڵاو وان، لەبەر سەختی رۆژەکە بە هەموو لایەکدا دەڕۆن بەبێ ئەوەی بزانن بۆ کوێ دەڕۆن تا بەرەو گۆڕەپانی حەشر دەبرێن.

(٥)﴿ وَتَكُونُ ٱلْجِبَالُ كَٱلْعِهْنِ ٱلْمَنفُوشِ ﴾ وە لەو رۆژەدا شاخەکان وەکو سوفی شیکراوەی رەنگ کراو بە جۆرەها رەنگ بە ئاسماندا دەڕۆن.

(٦)﴿ فَأَمَّا مَن ثَقُلَتْ مَوَٰزِينُهُۥ ﴾پاشان خوای گەورە لە پاش لێپرسینەوە لە گۆڕەپانی حەشر، وە بوونە دوو کۆمەڵەوە باسی حاڵی خەڵکیمان بۆ دەکات و دەفەرمێت:﴿ فَأَمَّا

﴿ مَن ثَقُلَتۡ مَوَٰزِينُهُۥ ﴾ هەركەسێك ترازوى كردەوە چاكەكانى قورستر بێت لە ترازوى خراپەكانى.

﴿ فَهُوَ فِي عِيشَةٖ رَّاضِيَةٖ ﴾ ⑦ ئەوا لە ژيانێكى رازيبوودا دەبێت، كە خاوەنەكەى رازى دەكات، والعيشه: ووشەيەكە هەموو بەخششەكانى بەهەشت دەگرێتەوە.

﴿ وَأَمَّا مَنۡ خَفَّتۡ مَوَٰزِينُهُۥ ﴾ ⑧ بەڵام هەر كەسێك ترازوى كردەوە چاكەكانى سوكتر بێت لە ترازوى كردەوە خراپەكانى ئەوا: ﴿ فَأُمُّهُۥ هَاوِيَةٞ ﴾ ⑨ شوێنى ئەو ئاگرى دۆزەخە، وە ناوى دۆزەخى ناوە بە دايكى چونكە دەچێتە ناوى هەروەكو چۆن منداڵ دەچێتە باوەشى دايكى، وە ناوى ناوە بەهَاوِيَةٞ چونكە دەخرێتە ناوى لەگەڵ دورى بنى دۆزەخ.

﴿ وَمَآ أَدۡرَىٰكَ مَا هِيَهۡ ﴾ ⑩ تۆ چوزانيت ئەو دۆزەخە چۆنە؟ پرسيار كردنەكە بۆ بەگەورە زانينێتى، كە لە رادە بەدەرە بە شێوازێك كە حەقيقەتى نازانرێت.

﴿ نَارٌ حَامِيَةُۢ ﴾ ⑪ ئاگرێكە لەوپەڕى گەرمى و سەختيدايە.

## سُورَةُ التَّكَاثُرِ

﴿ أَلۡهَىٰكُمُ ٱلتَّكَاثُرُ ﴾ ① واتە: هەوڵدان بۆ زۆر كردنى ماڵ و منداڵ و دەستخستنيان و شانازى كردن بە زۆريان سەرقاڵى كردون لە گوێڕايەڵى كردنى خواى گەورەو كار كردن بۆ قيامەت.

﴿ حَتَّىٰ زُرۡتُمُ ٱلۡمَقَابِرَ ﴾ ② ئێوە بەم شێوازە دەمێننەوە تا مردن يەخەتان دەگرێت و سەردانى گۆڕستان دەكەن.

﴿٣﴾ ﴿ كَلَّا سَوْفَ تَعْلَمُونَ ﴾ نـەخێر نابێـت وابـن، سەرزەنشـت كردنـە لـە زۆركـردن و وریـا كردنەوەیە لەوەی كە ئەوان سەرەنجامی ئەو كارە دەزانن لە ڕۆژی قیامەتدا.

﴿٤﴾ ﴿ ثُمَّ كَلَّا سَوْفَ تَعْلَمُونَ ﴾دیسان نـەخێر نابێـت وابـن، سەرزەنشـت كردنـە لـە زۆر كـردن و وریا كردنەوەیە لەوەی كە ئەوان سەرەنجامی ئەو كارە دەزانن لە ڕۆژی قیامەتدا.

﴿٥﴾ ﴿ كَلَّا لَوْ تَعْلَمُونَ عِلْمَ ٱلْيَقِينِ ﴾ واتـە: ئەگـەر ئـەوەی كـە ئێـوەی بـۆ دەڕۆن بتانزانیبایـە زانینێكی دڵنیایی، وەكو زانینتان بۆ ئەو شتانەی كە لێی دڵنیان لە دنیادا، ئەوا قیامـەت سـەرقاڵی دەكـردن لـە جیـاتی سـەرقاڵ بونتـان بـە زۆر كـردن و شـانازی كـردن پێـی، وە بـێ ئاگای ناكردن لـەو كارە گەورەیـە كـە قیامەتـە.﴿٦﴾ ﴿ لَتَرَوُنَّ ٱلْجَحِيمَ ﴾ بە بێ گومان لـە قیامەتدا دۆزەخ دەبینن.

﴿٧﴾ ﴿ ثُمَّ لَتَرَوُنَّهَا عَيْنَ ٱلْيَقِينِ ﴾ پاشـان بـەبێ گومـان دۆزەخ دەبیـنن بـە چـاوی دڵنیایی،كـە بینینە بە چاوی خۆتان.

﴿٨﴾ ﴿ ثُمَّ لَتُسْـَٔلُنَّ يَوْمَئِذٍ عَنِ ٱلنَّعِيمِ ﴾ پاشــان لــەو ڕۆژەدا پرســیارتان لێ دەكرێــت لــە نیعمەتـەكانی دونیا كـە سـەرقاڵی كردبـوون لـە كـار كـردن بـۆ قیامـەت، مرۆڤ پرسیاری لێ دەكرێت لە ئاسایش، لە لەش ساغی، لە دەست بەتاڵی، لـە خواردن و خواردنەوەی بەتام و خۆش، وە لـە خواردنـەوەی ئاوی سارد لـە كـاتی تینوێتی، وە لـە سێبەری مـاڵ، وە جگـە لەمانە لە نیعمەتەكانی تر.


سُورَةُ العَصۡرِ
بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ
وَٱلۡعَصۡرِ ١ إِنَّ ٱلۡإِنسَٰنَ لَفِي خُسۡرٍ ٢ إِلَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ
وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ وَتَوَاصَوۡاْ بِٱلۡحَقِّ وَتَوَاصَوۡاْ بِٱلصَّبۡرِ ٣
سُورَةُ الهُمَزَةِ
بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ
وَيۡلٞ لِّكُلِّ هُمَزَةٖ لُّمَزَةٍ ١ ٱلَّذِي جَمَعَ مَالٗا وَعَدَّدَهُۥ ٢
يَحۡسَبُ أَنَّ مَالَهُۥٓ أَخۡلَدَهُۥ ٣ كَلَّاۖ لَيُنۢبَذَنَّ فِي ٱلۡحُطَمَةِ ٤
وَمَآ أَدۡرَىٰكَ مَا ٱلۡحُطَمَةُ ٥ نَارُ ٱللَّهِ ٱلۡمُوقَدَةُ ٦ ٱلَّتِي تَطَّلِعُ
عَلَى ٱلۡأَفۡـِٔدَةِ ٧ إِنَّهَا عَلَيۡهِم مُّؤۡصَدَةٞ ٨ فِي عَمَدٖ مُّمَدَّدَةِۭ ٩
سُورَةُ الفِيلِ
بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ
أَلَمۡ تَرَ كَيۡفَ فَعَلَ رَبُّكَ بِأَصۡحَٰبِ ٱلۡفِيلِ ١ أَلَمۡ يَجۡعَلۡ كَيۡدَهُمۡ
فِي تَضۡلِيلٖ ٢ وَأَرۡسَلَ عَلَيۡهِمۡ طَيۡرًا أَبَابِيلَ ٣ تَرۡمِيهِم
بِحِجَارَةٖ مِّن سِجِّيلٖ ٤ فَجَعَلَهُمۡ كَعَصۡفٖ مَّأۡكُولِۭ ٥

## سُورَةُ العَصۡرِ

(١) ﴿وَٱلۡعَصۡرِ﴾ خــوای گــەورە ســوێند دەخوات بە کات کە سەردەمە، لەبەر ئەوەی کە چەندەها پەندو عیبرەتی تێدایە لە روانگەی تێپەڕ بوونی شەو ورۆژو بە ئەندازەی دیاریکراو، وە بەدواهاتنی تاریکی و روناکی، کە جێگیری و بەرژەوەندی زیندەوەرانی تێدایە، کە ئەمانە بەڵگەیەکی روون و ئاشکران لەسەر دروستکراوەکەیان وە لەسەر بە تەنها پەرستنی، مُقاتِل (ڕەحمەتی خوای لێبێت) دەفەرمووێت: مەبەست پێی نوێژی عەسرە. (٢) ﴿إِنَّ ٱلۡإِنسَٰنَ لَفِي خُسۡرٍ﴾ الخُسر وَالخُسران: هەموو مرۆڤ لەخەسارەت مەندیدایە خەسارەت مەندێتی شتێکە نوقسان بکات یاخود دەست مایەکەی بڕوات.

(٣) ﴿إِلَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ﴾ ئیللا کەسانێك نەبێت کەوا باوەڕیان هێناوە وە کردەوەی چاکیان کردووە ﴿وَتَوَاصَوۡاْ بِٱلۡحَقِّ﴾ هەندێکیان ئامۆژگاری هەندێکیان دەکەن بەحەق کەواپێی هەڵسن، حەقەکەش ئیمان بەخوای گەورەیە وەیەکخواپەرستی وەهەستان بەجێبەجێ کردنی ئەو شەریعەتەی خوای گەورە دایناوە وە دوورکەوتنەوە لە هەموو شتێ کە خوای گەورە قەدەغەی کردووە ﴿وَتَوَاصَوۡاْ بِٱلصَّبۡرِ﴾ ئارامگرتن لەسەر مەعصیەتی خوای

گەورە، وە ئارامگرتن لەسەر تاعەتی خوای گەورە، وە ئارامگرتنیش لەسەر قەزاو قەدەرە بەئێش و ئازارەکانی خوای گەورە.

## سُورَةُ الهُمَزَةِ

(١)﴿وَيۡلٞ لِّكُلِّ هُمَزَةٖ لُّمَزَةٍ﴾ واتە: سەرشۆڕی یاخود سزا یاخود لەناو چوون بۆ هُمَزة، وَالهُمَزَة: ئەوەیە کە بەرامبەر کابرایەو گاڵتەی پێ دەکات، وَاللُّمَزَة: ئەوەیە کە ئاگای لێ نیە گاڵتەی پێ دەکات.

(٢)﴿ٱلَّذِي جَمَعَ مَالٗا وَعَدَّدَهُۥ﴾ روونکردنەوەی هۆی هُمَزة و لُمَزة، ئەوەیە کە دەوڵەمەند پارەیەکی زۆری کۆکردۆتەوە بەهۆیەوە گاڵتە بەخەڵك دەکات، واگومان دەبات بەهۆی ئەم پارەیەوە فەزڵی بەسەر خەڵکەوە هەیە ، لەپێناو ئەمەیا غەیری خۆی بەکەم سەیر دەکات.

(٣)﴿يَحۡسَبُ أَنَّ مَالَهُۥٓ أَخۡلَدَهُۥ﴾ واتە: واگومان دەبات کە ماڵەکەی نایەڵێ بمرێ و بە نەمری دەیهێڵێتەوە، لەبەر ئەوەی ئەوەندە سەرسامە بەو پارەیەی کە کۆی کردۆتەوە، بیر ناکاتەوە لەدوای مردن.

(٤)﴿كَلَّاۖ﴾ واتە: بەو شێوازە نیە کە ئەو حیسابی بۆ دەکات بەڵکو ﴿لَيُنۢبَذَنَّ فِي ٱلۡحُطَمَةِ﴾ واتە: خۆی و پارەکەشی کە شانازی پێوە کردووە هەڵدەدرێنە دۆزەخەوە کە هەموو شتێك دەهاڕێت و لەناوی دەبات و وێرانی دەکات. (٥)﴿وَمَآ أَدۡرَىٰكَ مَا ٱلۡحُطَمَةُ﴾ ئەی محمد ﷺ تۆ چوزانیت ئەو ئاگرەی هەموو شتێك لەناو دەبات چییە؟. (٦)﴿نَارُ ٱللَّهِ ٱلۡمُوقَدَةُ﴾ ئاگری خوای گەورەیە داگیرسێنراوە.

﴿٧﴾﴿ ٱلَّتِي تَطَّلِعُ عَلَى ٱلۡأَفۡـِٔدَةِ ﴾ واتە: کە گەرمییەکەی دەگاتە دڵ و زاڵ دەبێت بەسەریداو دای دەپۆشێت، لەبەر ئەوە شوێنی ئەو مەبەستە خراپانەیە، وەشوێنی ئەو نییەتە پیسانەیە، وەشـوێنی ئـەو ڕەوشـتە ناشـیرینانەیە، لـە خۆبەگـەورە زانـین، وە بەکـەم زانینـی ئـەهلی فەزڵ.﴿٨﴾﴿ إِنَّهَا عَلَيۡهِم مُّؤۡصَدَةٞ ﴾ واتە: هەموو دەرگاکانی جەهەنمبەسەریاندا داخراوە، بەهیچ شێوەیەك ناتوانن لە دۆزەخ دەرچن.

﴿٩﴾﴿ فِي عَمَدٖ مُّمَدَّدَةِۭ ﴾ ئەمێننـەوە وەکـو بڵێـی لـەعامودی درێـژا بەسـراونەتەوە، وە مقاتـل (ڕەحمەتی خوای لێبێت) فەرمویەتی: دەرگاکانیان لەسەر داخراوە دوایش بەمێخی ئاسنین بەسراونەتەوە، هیچ دەرگایەکیان بۆ ناکرێتەوە، هیچ خۆشیەکیش بۆیان نایەتە ژوورەوە .

## سُورَةُ الفِيلِ

﴿١﴾ ﴿ أَلَمۡ تَرَ كَيۡفَ فَعَلَ رَبُّكَ بِأَصۡحَٰبِ ٱلۡفِيلِ ﴾ئایا نـابینی خـوای گـەورە چـی کـرد لـە هـاوەڵانی فیـل: هـاوەڵانی فیـل کۆمـەڵێك بـوون گـاور بـوون لەحەبەشـە، مـوڵکی یەمـەنیان هـەبوو وە لەیەمەنەوە هاتبوون، لەوەودوا وایان لێهات ئەیانویست کەعبە بڕوخێنن، کاتێك گەیشتنە لای کەعبە، خـوای گـەورە باڵندەیـەکی بـۆ نـاردن کـە باسـکراوە لـەم سورەتە لـەناویانی برد، کەئەوەش نیشانەیەك بوو، ئەمە ڕویدا پێش ئەوەی پێغەمبەرﷺببێت بە پێغەمبەر ﷺ بە چل ساڵ، کەسانێك کە بەچاو خۆیان ئەم ڕووداوەیان بینـی لـەکاتی ناردنی پێغەمبـەردا ﷺ زیندوو بوون.﴿٢﴾﴿ أَلَمۡ يَجۡعَلۡ كَيۡدَهُمۡ فِي تَضۡلِيلٖ ﴾ واتە: ئایا خوای گەورە مەکرو فێڵـی ئـەوان کـە هەوڵیاندا بۆ وێرانکردنی کەعبە، هەمووی وێڵ و پوچەڵ نەکردەوە کە بووە هۆی بە هیلاك چونیان. ﴿٣﴾ ﴿ وَأَرۡسَلَ عَلَيۡهِمۡ طَيۡرًا أَبَابِيلَ ﴾ خـوای گـەورە باڵندەیـەکی ڕەش لـەلای دەریـاوە بۆیانی نارد پۆل پۆل، هـەر باڵندەیەکیش سـێ بـەردی پـێ بـوو: دوو بـەرد بەهـەردوو پـێ

یەوە، بەردێکیش بە دەنوکییەوە هەڵی گرتبوو، ئەو بەردە بەر هیچ کەس نەدەکەوت ئیللا
وردوو خاشی دەکرد. ﴿٤﴾﴿ تَرۡمِيهِم بِحِجَارَةٖ مِّن سِجِّيلٖ ﴾ ئەفەرموون : ئەوە بەردێك بووە لە
قوڕ داخکراوە بە ئاگری دۆزەخ، ناوی قەومەکەی پێوە نووسراوە، هەر بەردێك بەر
هەرکەسێکیان بکەوتایە لەناوی دەبرد، هەر بەردێکیش لەنۆك بچوکترو لە نیسك گەورەتر
بووە.

﴿٥﴾﴿ فَجَعَلَهُمۡ كَعَصۡفٖ مَّأۡكُولِۭ ﴾ وەکو گەڵای دار کە ئاژەڵ بیخوات و لە پاشەڕۆکەی فڕێی
بدات چی لێ دێت ئاوایان لێ هات، وە ووتراوە: واتە ئاوایان لێ هاتووە وەکو گەڵای دار کە
ئاژەڵ بیخوات و کایەکەی مابێت.


سُورَةُ قُرَيۡشٍ
بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ
لِإِيلَٰفِ قُرَيۡشٍ ١ إِۦلَٰفِهِمۡ رِحۡلَةَ ٱلشِّتَآءِ وَٱلصَّيۡفِ ٢ فَلۡيَعۡبُدُواْ رَبَّ هَٰذَا ٱلۡبَيۡتِ ٣ ٱلَّذِيٓ أَطۡعَمَهُم مِّن جُوعٖ وَءَامَنَهُم مِّنۡ خَوۡفِۭ ٤
سُورَةُ المَاعُونَ
بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ
أَرَءَيۡتَ ٱلَّذِي يُكَذِّبُ بِٱلدِّينِ ١ فَذَٰلِكَ ٱلَّذِي يَدُعُّ ٱلۡيَتِيمَ ٢ وَلَا يَحُضُّ عَلَىٰ طَعَامِ ٱلۡمِسۡكِينِ ٣ فَوَيۡلٞ لِّلۡمُصَلِّينَ ٤ ٱلَّذِينَ هُمۡ عَن صَلَاتِهِمۡ سَاهُونَ ٥ ٱلَّذِينَ هُمۡ يُرَآءُونَ ٦ وَيَمۡنَعُونَ ٱلۡمَاعُونَ ٧
سُورَةُ الكَوۡثَرِ
بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ
إِنَّآ أَعۡطَيۡنَٰكَ ٱلۡكَوۡثَرَ ١ فَصَلِّ لِرَبِّكَ وَٱنۡحَرۡ ٢ إِنَّ شَانِئَكَ هُوَ ٱلۡأَبۡتَرُ ٣

سُورَةُ قُرَيۡشٍ

وە ناونراوە بە: سورة الإيلاف.

﴿١﴾﴿ لِإِيلَٰفِ قُرَيۡشٍ ﴾ لەبەر هۆگری و
کۆبوونەوەی قورەیش لە شارە هێمن و
ئارامەکەیاندا، کە هۆگری بازرگانی بوون و
ڕاهاتبوون لەسەری.

﴿٢﴾﴿ إِۦلَٰفِهِمۡ رِحۡلَةَ ٱلشِّتَآءِ وَٱلصَّيۡفِ ﴾
قورەیش ئەم دوو گەشتەیان هەبووە: لە
زستان بۆ یەمەن؛ لەبەر ئەوەی وڵاتێکی
گەرمە، وە گەشتەکەی تریان: لە هاوین بۆ
شام؛ لەبەر ئەوەی وڵاتێکی ساردە، وە قورەیش ئەژیان لەسەر بازرگانی، وە ئەگەر ئەم دوو

گەشتە نەبوایە ئیتر کەس لە مەککە نیشتەجیٚ نابوو، وە ئەگەر ئەمن و ئاسایش نەبوایە – لەبەر ئەوەی لە پاڵ کەعبەدا بوون – نەیان دەتوانی هیچ هەڵس وکەوتێك بکەن، واتا: خوای گەورە وایانی لێکرد بوو ڕاهاتبوون لەگەڵ ئەم دوو کاروانەداو بۆیانی ئاسان کرد بوو، لەبەر ئەم شتەبا بە تەنها عیبادەتی خوای گەورە بکەن.

(٣) ﴿ فَلۡيَعۡبُدُواْ رَبَّ هَٰذَا ٱلۡبَيۡتِ ﴾ خوای گەورە فێریان دەکات کە الله پەروەردگاری کەعبەیە، لەبەر ئەوەی ئەوان بتی خۆیان هەبوو دەیانپەرست، خۆی لەبتەکان جیا کردەوە، وە بەهۆی ماڵی خواوە ئێوە ڕێزو پلەو پایەتان هەیە لەسەر تێکڕای عەرەبدا.

(٤) ﴿ ٱلَّذِيٓ أَطۡعَمَهُم مِّن جُوعٖ ﴾ ئەو خوایە ئەوانی تێر کردووە لەبرسێتی واتە: خواردنەکە بەهۆی ئەم دوو کاروانەوە لە برسێتییەکی زۆر سەخت ڕزگاریانی کرد لە پێشترا لە برسێتییەکی زۆردا بوون

﴿ وَءَامَنَهُم مِّنۡ خَوۡفِۭ ﴾ لەبری ترس ئاسایشی پێیان بەخشی کە عەرەب عادەتیان بوو هەندێکیان ئەیاندا بەسەر هەندێکیاندا وەهەندێکیان هەندێکیان بە سەبایە ئەبرد، بەڵام قورەیش کەس نەیئەدا بەسەریاندا لەبەر پلەو پایەی کەعبە، وەئەمینیشیانی دەکرد لە حەبەشەکان کەوا بەفیلەوە هاتن.

## سُورَةُ المَاعُونَ

(١) ﴿ أَرَءَيۡتَ ٱلَّذِي يُكَذِّبُ بِٱلدِّينِ ﴾ واتە: ئەی محمد ﷺ ئەو کەسەت بینیوە کە حساب و پاداشت و سزا بە درۆ دەزانیٚ؟

﴿٢﴾﴿ فَذَٰلِكَ ٱلَّذِي يَدُعُّ ٱلْيَتِيمَ ﴾واتە: ئەگەر تێی بڕوانی، یان بەدوایدا بگەڕێیت، ئەوە کە مافی هەتیوو نادات و دەیخوات، عەرەب لەجاهیلییەتدا میراتییان بەژن و بەمندالْ نادا.

﴿٣﴾﴿ وَلَا يَحُضُّ عَلَىٰ طَعَامِ ٱلْمِسْكِينِ ﴾واتە: نەهانی خۆی دەدات نەهانی کەسوکاری ئەدات، نەهانی غەیری خۆی دەدات لەسەر پێدانی خواردنی فەقیرو هەژار، لەبەر ئەوەی ڕەزیل و چروکە.

﴿٤﴾﴿ فَوَيْلٌ لِّلْمُصَلِّينَ ﴾ وەیل بۆ ئەو نوێژ خوێنانەی کەوا:

﴿٥﴾﴿ ٱلَّذِينَ هُمْ عَن صَلَاتِهِمْ سَاهُونَ ﴾ بێ ئاگان لەنوێژەکانیان و بایەخی پێ نادەن، ئەگەر نوێژیش بکەن بە نوێژ کردنەکەیان چاوەڕێی پاداشت نین، ئەگەر نەیشیکەن لەسزای خوای گەورە ناترسێن، ئەوان بێ ئاگان تا کاتەکەی دەڕوات و ئاگایان لە نوێژ نییە.

﴿٦﴾﴿ ٱلَّذِينَ هُمْ يُرَآءُونَ ﴾ واتە: ئەگەر نوێژ بکەن لەبەر ڕیا و ڕووبینی دەیکەن بۆ بینینی خەڵك، یاخود هەموو کردەوەیەکیان بۆ ڕیبایە؛ بۆ ئەوەی خەڵك وەسف و سەنایان بکەن

﴿٧﴾﴿ وَيَمْنَعُونَ ٱلْمَاعُونَ ﴾ المَـاعُونَ: هـەموو ئـەو شـتانەیە کـە خـەڵك لـە نێـوان خۆیانـدا دەیخـوازن؛ وەك دۆلکـە وە پـاچ و مەنجـەڵ، یـان ئـەو شـتانەی کەمـەنع نـاکرێن؛ وەك ئـاو و خوێ، وە ووتراوە المَاعُون: زەکاتە؛ واتە: ئەو کەسانەی زەکاتی ماڵەکەیان نادەن.

## سُورَةُ الكَوْثَرِ

﴿١﴾﴿ إِنَّآ أَعْطَيْنَٰكَ ٱلْكَوْثَرَ ﴾ الكَوثَر: ڕووبارێکە لە بەهەشتدا خوای گەورە وەکو ڕێزێك بۆ پێغەمبەر ﷺ دایناوە لەگەڵ ئوممەتەکەی.

(٢)﴿ فَصَلِّ لِرَبِّكَ ﴾ ئەی محمد ﷺ ئێمە ڕێزمان لەتۆ ناوە تۆیش نوێژە فەرزەکان بۆ خوای گـەورە جێبەجێ بکـە ﴿ وَٱنْحَرْ ﴾ وە سـەربڕینت تـەنها بـۆ خـوای گـەورە بێت،کەسـانێك هەبوون نوێژیان بۆ غەیری خوا کردووە، وەسەر بڕینیان بۆ غەیری خوا بووە، خوای گەورە فەرمان بە پێغەمبەر ﷺ دەکات کە نوێژەکانی و سەربڕینی تـەنها بۆ خوای گەورە بێت، قَتادةَ وە عَطَّاء وە عِكرِمة (ڕەحمـەتی خوایـان لێبێـت) ئەفـەرموون: مەبەسـت پێـی نوێـژی جەژنە و نَحر قوربانیە .

(٣)﴿ إِنَّ شَانِئَكَ هُوَ ٱلْأَبْتَرُ ﴾ ئـەو کەسـەی ڕقـی لـە تۆیـەو تـۆ ئـەبوغزێنێ ئـەوە لـەپاش مردن یادی نامێنێ، الْأَبْتَرُ لەپیاوان: ئەوەیە منالّی نەبێ، کوڕێك لـەکوڕەکانی پێغەمبـەر ﷺ مرد، موشـریکەکان ووتیـان: هـەرکاتێ خـۆی بمـرێ ئیتر نـاوی نامێنـێ، خـوای گـەورە ئـەم سورەتەی دابەزاند.


سُورَةُ الكَافِرُونَ
بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ
قُلْ يَٰٓأَيُّهَا ٱلْكَٰفِرُونَ (١) لَآ أَعْبُدُ مَا تَعْبُدُونَ (٢) وَلَآ أَنتُمْ عَٰبِدُونَ مَآ أَعْبُدُ (٣) وَلَآ أَنَا۠ عَابِدٌ مَّا عَبَدتُّمْ (٤) وَلَآ أَنتُمْ عَٰبِدُونَ مَآ أَعْبُدُ (٥) لَكُمْ دِينُكُمْ وَلِىَ دِينِ (٦)
سُورَةُ النَّصْرِ
بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ
إِذَا جَآءَ نَصْرُ ٱللَّهِ وَٱلْفَتْحُ (١) وَرَأَيْتَ ٱلنَّاسَ يَدْخُلُونَ فِى دِينِ ٱللَّهِ أَفْوَاجًا (٢) فَسَبِّحْ بِحَمْدِ رَبِّكَ وَٱسْتَغْفِرْهُ إِنَّهُۥ كَانَ تَوَّابًۢا (٣)
سُورَةُ المَسَدِ
بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ
تَبَّتْ يَدَآ أَبِى لَهَبٍ وَتَبَّ (١) مَآ أَغْنَىٰ عَنْهُ مَالُهُۥ وَمَا كَسَبَ (٢) سَيَصْلَىٰ نَارًا ذَاتَ لَهَبٍ (٣) وَٱمْرَأَتُهُۥ حَمَّالَةَ ٱلْحَطَبِ (٤) فِى جِيدِهَا حَبْلٌ مِّن مَّسَدٍۭ (٥)

## سُورَةُ الكَافِرُونَ

(١)(٢)﴿ قُلْ يَٰٓأَيُّهَا ٱلْكَٰفِرُونَ ﴾ هـۆی هاتنە خوارەوەی ئەم سورەتە ئەوە بوو کە کافرەکان داوایـان لـە پێغەمبـەر ﷺ کـرد تـۆ سـاڵێك خوایـەکانی ئێمـە بپەرسـتە، ئێمـەش سـاڵێك خوایەکـەی تـۆ ئەپەرسـتین، خــوای گــەورە فــەرمانی کــرد ئــەی پێغەمبــەر ﷺ پێیــان بفــەرموو: ﴿ لَآ أَعْبُدُ مَا تَعْبُدُونَ ﴾ واتــە: ئــەو داواکارییـەی لـە منـی دەکـەن کـە ئـەو بتانـەی ئێوە بپەرستم هـەرگیز ئیشـی واناکـەم، واتـە: ناپپەرستم.

(٣) ﴿وَلَآ أَنتُمۡ عَٰبِدُونَ مَآ أَعۡبُدُ﴾ واتـە: وە هـەتا ئێـوەش لەسـەر ئـەو شیرك و كوفرەی خۆتـان بن خوایەكـەی مـن ناپەرسـتن. (٤) ﴿وَلَآ أَنَا۠ عَابِدٞ مَّا عَبَدتُّمۡ﴾ واتـە: وە لـە داهاتوشـدا چـەندێ تەمـەنم مابێ؛ بەهیچ شێوەیەك خوایەك لە خوایەكانی ئێوە ناپەرستم كەوا ئێوە ئەیانپەرستن .

(٥) ﴿وَلَآ أَنتُمۡ عَٰبِدُونَ مَآ أَعۡبُدُ﴾ واتـە: ئێـوەش لـەدوا ڕۆژتانـدا هـەتا لەسـەر كوفرو شیركتان بن، لەسەر پەرستنی بتەكانتان بن خوای من ناپەرستن، پەرستنی كافر بۆ خوا، یان موشریك خوا بپەرسـتێ ئەمـە ڕەت كراوەیـەو حیسـابی بـۆ نـاكرێ، وە ووتـراوە: ئـەم ئایەتانـە كـە دووبـارە بۆتـەوە، بـۆ تەئكیـدو جـەخت كردنـە، بـۆ بڕینـی تـەماحی كافرانـە لـەوەی پێغەمبـەری خـوا ﷺ وەلأمیان ناداتەوە لەو داواكاریانەی كە داوایان لێكردووە لەسەر پەرستنی خوایەكانی ئەوان.

(٦) ﴿لَكُمۡ دِينُكُمۡ وَلِيَ دِينِ﴾ واتە: ئەگەر ئێوە بە دینی خۆتان ڕازین منیش بە دینـی خـۆم ڕازیـم، ئـەو دینـەی ئێـوە كـە بریتیـە لـە هاوەڵبڕیـاردان بـۆ خـوای گـەورە، بـۆ خۆتانـەو ناگاتـە مـن، وەدینەكـەی منـیش كـە بریتییـە لەیەكخواپەرسـتی تایبـەت كـراوە بـە خـۆم و موسـڵمانانەوەو ناگاتە ئێوە.

## سُورَةُ النَّصۡرِ

وە پێیشـی دەوتـرێ: سـورەتی خـوا حـافیزیو مـاڵ ئـاوایی، لـە أحمـد وابـن جریر (ڕەحمـەتی خوایان لێبێت) لە ابن عباس (ڕەزای خوایان لێبێت) دەفەرموێت : كاتێ ئەم سورەتە دابەزی ﴿إِذَا جَآءَ نَصۡرُ ٱللَّهِ وَٱلۡفَتۡحُ﴾ پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : (نُعِيَتْ إِلَيَّ نَفْسِي)[٦] واتە: هەواڵی مردنی خۆمم پێ ڕاگەیەنرا. وە ئیبن عەبباس دەربارەی ئەم سورەتە دەفەرمێت: كۆتـایی تەمـەنی پێغەمبـەری خـوا بـوو(ﷺ)پێـی ڕاگەیـەنرا. (١) ﴿إِذَا جَآءَ نَصۡرُ ٱللَّهِ وَٱلۡفَتۡحُ﴾ واتە: هەركاتێك ئەی محمدﷺسەرخستنی خوای گەورەت بۆ هات بەسەر ئەوانەی كەوا دژایەتیتیان دەكرد؛ كە كافرانی قوڕەیش بوون، وە مەككەی بۆت ئازاد كرد، وَالنَّصر: سەرخستنو پاڵپشتییە لەلایەن خوای گەورەوە كە بەهۆی ئەو پاڵپشتییەوە زاڵ دەبـی بەسـەر دوژمنانـدا، والفَـتح: واتـە: كردنـەوەی مـاڵی دوژمـنو چـوونە ژورەوەی نـاو

(٦) حديث حسن (مشكاة المصابيح/ ٥٩٦٩).

ماڵــــەکانیان، وە کردنــــەوەی دڵیــــان بــــۆ وەرگرتنــــی حــــەق. ﴿٢﴾ ﴿وَرَأَيۡتَ ٱلنَّاسَ يَدۡخُلُونَ فِي دِينِ أَبِي لَهَبٍ﴾ وەبینیت خەڵکی دێنە ناو دینی خوای گەورەوە واتە: کۆمەڵ کۆمەڵو پۆل لەدوای پۆل کاتێك پێغەمبەری خوا ﷺ مەککەی ئازاد کرد عەرەبەکان ووتیان: مادام محمد ﷺ سەرکەوت بەسەر ئەهلی حەرەمدا، کە خوای گەورە لەدەست هاوەڵانی فیل پاراستی کەواتە محمدﷺلەسەر حەقە، وە جارێکی تر ئێوە تواناتان بە سەریدا نابێ، بۆیە کۆمەڵ کۆمەڵ خەڵك موسڵمان دەبوون، پێشتر خەڵك موسڵمان دەبوون یەك یەكو دوو دوو، وای لێهات هۆزێك هەمووی بەیەکەوە موسڵمان دەبوون. ﴿٣﴾ ﴿فَسَبِّحۡ بِحَمۡدِ رَبِّكَ﴾کۆکردنەوە لە نێوان پاك ڕاگرتنی خوای گەورە لەهەموو کەموو کوڕی و نوقسانییەك، کە سەرسامی تیایە لەو ئاسانکارییەی خوای گەورە بۆ پێغەمبەریﷺکرد بەخەیاڵی کەسدا نەهاتبوو، وە لە نێوان حەمدو سوپاسی خوای گەورە لەسەر ئەو ئیشە جوانەی کە خوای گەورە بۆتی کردووە وە لە گەورەیی‌نیعمەتی خوای گەورە بەسەر تۆوە بەسەرخستن بە فەتحی دایکی هەموو شارەکان کە مەککەیە وە هەروەها خەڵك پۆل پۆل هاتنە ناو ئیسلامەوە وە موسڵمان بوون﴿وَٱسۡتَغۡفِرۡهُ﴾ واتە: لەو پەڕی سەرکەوتندا خوای گەورە داوا لەپێغەمبەرﷺدەکات کە داوای لێخۆشبوون لە خوای گەورە بکات بۆ تاوانەکانی وەکو ملکەچییەك بۆ خوای گەورە، وە وەکو کەموو کوڕییەك بۆ کردەوەکانت ﴿إِنَّهُۥ كَانَ تَوَّابَۢا﴾ واتە: خوای گەورە تەوبە لەو کەسانە قبوڵ دەکات کە داوای لێخۆش بوونی لێدەکەن، تەوبەیان لێ قبوڵ دەکاتو ڕەحمیان پێ دەکات بەوەی تەوبەکەیان قبوڵ دەکات، لە بوخاری و غەیری ئەویش (ڕەحمەتی خوایان لێبێت) لە ابن عباس (ڕەزای خوایان لێبێت) لەبارەی ئەم سورەتەوە ئەفەرموویێت: ئەمە ئەجەلی پێغەمبەری خوایە ﷺ خوای گەورە پێی ڕادەگەیەنێ، ئەفەرموویێت: ﴿إِذَا جَآءَ نَصۡرُ ٱللَّهِ وَٱلۡفَتۡحُ﴾ ئەمە نیشانەی ئەجەلی پێغەمبەری خوایە ﷺ ﴿فَسَبِّحۡ بِحَمۡدِ رَبِّكَ وَٱسۡتَغۡفِرۡهُۚ إِنَّهُۥ كَانَ تَوَّابَۢا﴾.

## سُورَةُ المَسَدِ

﴿١﴾ ﴿تَبَّتۡ يَدَآ أَبِي لَهَبٖ وَتَبَّ﴾ واتــە: دەســتی لەناوچــوو وە دۆڕانــدی وە زەرەرمەنــد بــوو ﴿وَتَبَّ﴾ وە خۆیشــی لەناوچــوو واتــە: ئــەو دوعایــەی لێــی کــردو گیرابــوو، وە أبــو لهــب: مــامی پێغەمبــەر ﷺ بــوو، وە ناویشــی: عبــدالعزی بــوو. ﴿٢﴾ ﴿مَآ أَغۡنَىٰ عَنۡهُ مَالُهُۥ وَمَا كَسَبَ﴾ ئــەو

پارەیـەی کـۆی کردبـووەوە هیچـی سـزای خـوای گـەورەی لـیٚ نەگەڕانـدەوە، چـەندیٚ قـازانجی کردوو چەندیٚ پلەو پایەی هەبوو دەسەڵاتی هەبوو هیچی سوودی نەبوو، ئەو خەسارەت مەند بوونەی تووشی بوو، ئەو سزایەی کە بۆی دابەزی هیچی نەیتوانی ئەو سزایەی خوای گەورەی

لـیٚ بگەڕێنێتـەوە. ﴿٣﴾ ﴿سَيَصۡلَىٰ نَارٗا ذَاتَ لَهَبٖ﴾ واتـە: لـە ڕۆژی قیامەتـدا سـزا دەدرێـت لـەناو ئاگری داگیرساوی دۆزەخدا کە پێستەکەی دەسوتێنێت، ئەو ئاگرەش بەردەوام دادەگیرسیٚ و

گڕو بڵێسـەی هەیـە، کـەئاگری دۆزەخـە. ﴿٤﴾ ﴿وَٱمۡرَأَتُهُۥ حَمَّالَةَ ٱلۡحَطَبِ﴾ واتـە: خێزانەکەشی لەناو ئەو ئاگرەدا دەسوتیٚ، کە أم جميل کچی حرب خوشکی أبی سفیان بوو، کە داریٚ کە گڕ بگـریٚ وەك دڕك هـەڵی دەگـرت و بەشـەو دەیخسـتە سـەر ڕێـی پێغەمبـەر ﷺ بـۆ ئـەوەی ئـازاری

بـدات. ﴿٥﴾ ﴿فِي جِيدِهَا حَبۡلٞ مِّن مَّسَدِۭ﴾ المَسَد: بەنە کە گوریس و حەبلی لیٚ دروست دەکرێت، ملوانکەیەکی هەبوو لە جَوهر، ووتـی: سوێند بێت بـەلات و عـوززا دەبیٚ ئـەم ملوانکە بەنرخەم ببەخشم لەدژایەتی کردنی محمد ﷺ، سزاکەی لە جێی ئەو ملوانکەیـەی لـە ملیا بـوو حـەبلێك دەخرێتـە ملـی لـە ڕۆژی دوایـی سـزای پـیٚ دەدرێت.


سُورَةُ الإِخْلَاص
بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ
قُلۡ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ ﴿١﴾ ٱللَّهُ ٱلصَّمَدُ ﴿٢﴾ لَمۡ يَلِدۡ وَلَمۡ يُولَدۡ ﴿٣﴾ وَلَمۡ يَكُن لَّهُۥ كُفُوًا أَحَدُۢ ﴿٤﴾
سُورَةُ الفَلَق
بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ
قُلۡ أَعُوذُ بِرَبِّ ٱلۡفَلَقِ ﴿١﴾ مِن شَرِّ مَا خَلَقَ ﴿٢﴾ وَمِن شَرِّ غَاسِقٍ إِذَا وَقَبَ ﴿٣﴾ وَمِن شَرِّ ٱلنَّفَّٰثَٰتِ فِي ٱلۡعُقَدِ ﴿٤﴾ وَمِن شَرِّ حَاسِدٍ إِذَا حَسَدَ ﴿٥﴾
سُورَةُ النَّاس
بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ
قُلۡ أَعُوذُ بِرَبِّ ٱلنَّاسِ ﴿١﴾ مَلِكِ ٱلنَّاسِ ﴿٢﴾ إِلَٰهِ ٱلنَّاسِ ﴿٣﴾ مِن شَرِّ ٱلۡوَسۡوَاسِ ٱلۡخَنَّاسِ ﴿٤﴾ ٱلَّذِي يُوَسۡوِسُ فِي صُدُورِ ٱلنَّاسِ ﴿٥﴾ مِنَ ٱلۡجِنَّةِ وَٱلنَّاسِ ﴿٦﴾

## سُورَةُ الإِخْلَاص

﴿١﴾ ﴿قُلۡ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ﴾ موشریکەکان ووتیان: ئەی محمد ﷺ نەسەبی خوایەکەتمان پـیٚ بڵـیٚ، واتە: نەسەبیمان بۆ باس بکە، خوای گەورە ئەم سورەتەی دابەزاند، واتـە: ئەگەر ئێوە پرسیار دەکەن نەسەبی خوای گەورەتان بۆ ڕوون بێتەوە خوای گەورە ألله: تاکو تەنهایە، تاکو تەنهایە و

هـیچ شـەریکی نیـە. ﴿٢﴾ ﴿ٱللَّهُ ٱلصَّمَدُ﴾

الصَّمَدُ: ئەوەیە لـەکاتی پێویستیەکاندا پشتی پـیٚ دەبەستیت و ئـەویش پێویستییەکانت بـۆ

جێبەجێ دەکات، واتە: مەبەست کاتێك پێویستییەکت هەبێ خوای گەورەت پێویستە، لە ابن عباس (ڕەزای خوای لێبێت) دەفەرموویێت:" الصَّمَد گەورەیە کە گەورەییەکەی گەیشتۆتە ئەوپەڕی کە کەس لەو گەورەتر نیە، وە بەڕێزە کە بەڕێزییەکەی گەیشتۆتە ئەوپەڕی کە کەس لەو بەڕێزتر نییە، وە لەسەرخۆیە کە لەسەرخۆییەکەی گەیشتۆتە ئەوپەڕی کە کەس لەو لەسەرخۆتر نییە، وە دەوڵەمەندە کە دەوڵەمەندییەکەی گەیشتۆتە ئەوپەڕی کە کەس لەو دەوڵەمەندتر نییە، وە بەدەسەڵات و توانایە کە دەسەڵات و تواناکەی گەیشتۆتە ئەوپەڕی کە کەس لەو بە دەسەڵات تر نییە، وە زانایە لە زانیارییەکەی گەیشتۆتە ئەوپەڕی کە کەس لەو زاناتر نییە، وە کاربەجێیە لە کاربەجێیەکەی گەیشتۆتە ئەوپەڕی کە کەس لەو کاربەجێ تر نییە، کە خوای گەورەیە، ئەم سیفەتە بۆ غەیری خوا ناشێ". ﴿٣﴾﴿ لَمْ يَلِدْ وَلَمْ يُولَدْ ﴾ واتە: خوای گەورە منالی لێ نەبووە، ئەویش لەکەس نەبووە، هیچ کەس لەجنسی خوا ناچێ، وەهەروەها نسبەتی عەدەمیش بلێی خوای گەورە نەبووە موستەحیلە لە پێشتر و لە پاشتر هەر خوای گەورە هەبوو، لەبەر ئەوەی منالْ پێش ئەوەی لەدایك بێت نەبوو بووە کە لەدایك بوو ئینجا دێتە وجود، واتە: خوای گەورە باوکێکی نییە کە نسیبەتی بدرێتە پالی، قَتَادَة (ڕەحمەتی خوای لێبێت) دەفەرموویێت: موشریکی عەرەب دەیانووت: مەلائیکە کچی خوایە، وە جولەکە دەیان ووت: عوزێر کوڕی خوایە، وە گاور ئەیان ووت: مەسیح کوڕی خوایە، خوای گەورە هەموویانی بە درۆخستەوە، کە ئەفەرموویێت: ﴿ لَمْ يَلِدْ وَلَمْ يُولَدْ ﴾.﴿٤﴾﴿ وَلَمْ يَكُن لَّهُۥ كُفُوًا أَحَدٌۢ ﴾ هیچ شتێکیش هاوشێوەی خوا نییە، وەهیچ شتێك لەخوا ناچێ، وە هیچ کەسێ نیە بەشداربێ لەسیفەتێ لەسیفاتە تەواوەکانی خوای گەورە.

## سُورَةُ الفَلَقِ

﴿١﴾﴿ قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ ٱلْفَلَقِ ﴾ الْفَلَـقِ:بەرەبەیان، لەبەر ئەوەی شەوی لێ جیا دەبێتەوە، وە ووتراوە: لەهەموو شتێ لەو شتانەی خوای گەورە دروستی کردووە لێی جیا ببێتەوە، لە

ئـاژەڵ و ڕۆژ و دانەوێڵـە وە ناوکـەتۆو، وە هـەموو شـتێك لـە ڕووەك و غـەیری ئـەویش، ووتـراوە: ئاماژەیەکە بۆ ئەو خوایەی کە توانای هەیە ئەو تاریکیە سەختە لاببات لەسەر ئەم جیهانە هەر ئەویشـە توانـای هەیـە کـە کەسـێ پـەنای بـدات لـەو شـتانەی لێـی دەترسـێت و ترسـی لێـی هەیە.﴿٢﴾ ﴿ مِن شَرِّ مَا خَلَقَ ﴾ واتـە: ئـەی محمد ﷺ بڵـێ: پـەنا ئـەگرم بـە خـوای گـەورە لـە شـەڕو خراپەی هەموو شتێ کە خوای گەورە دروستی کردووە. ﴿٣﴾ ﴿ وَمِن شَرِّ غَاسِقٍ إِذَا وَقَبَ ﴾ واتـە: وەپەنا ئەگرم بە خوای گەورە لەشەڕو خراپەی شەو کە کاتێ شەو دادێ، ووتراوە: لەبەر ئەوی لەشـەودا دڕەنـدەکان لـەکونی خۆیـان دێنـە دەرەوە، وە مـارو مێـروو لـە شـوێنی خۆیـان دێنـە دەرەوە. وە ئــەهلی شــەڕو خراپــەش دێنــە دەرەوە بــۆ ئاشــوب و خراپــە نانــەوە.﴿٤﴾ ﴿ وَمِن شَرِّ ٱلنَّفَّٰثَٰتِ فِي ٱلْعُقَدِ ﴾ واتـە: بڵـێ خوایـە پەنائـەگرم بـە تـۆ لـە شـەڕو خراپـەی ئـەو ئافرەتە جادوگەرانە کە سیحر ئەکەن، ئەو ئافرەتانەی کە فوو ئەکەن بە گرێداو پـەتێکیان گرێ ئەداو فوویان پیا ئەکرد بەوە سیحریان ئەکرد.

﴿٥﴾ ﴿ وَمِن شَرِّ حَاسِدٍ إِذَا حَسَدَ ﴾ الحَسَدَ: ئەوەیە کە ئاواتە خوازبێ نیعمەتێ خوای گەورە بە کەسێکی بەخشیووە لەوی بسەنێتەوەو بیداتە تۆ کە خوای گەورە بەخشیوێتی بەو کەسەی حەسودی پێ ئەبرێ.

## سُورَةُ النَّاسِ

﴿١﴾ ﴿ قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ ٱلنَّاسِ ﴾ ئـەی محمـد ﷺ بڵـێ پەنائـەگرم بـە پـەروەردگاری خـەڵکی رَبِّ النَّـاسِ: ئـەوە دروسـتکاری خـەڵکی وەهەڵسـوێنەری ئـیش وکـارو چاککەری حاڵیـان.﴿٢﴾ ﴿ مَلِكِ ٱلنَّاسِ ﴾ وە پەنائەگرم بەمەلیکی خەڵکی کەموڵکی تەواوی هەیە، وە دەسەڵاتی تـەواوی هەیە.﴿٣﴾ ﴿ إِلَٰهِ ٱلنَّاسِ ﴾ وە پەنائەگرم بەخوای خەڵکی و پەرستراوییان، مـەلیك جاری واهەیە خوایە، وەجاری واهەیە خوا نییە، ئەوەی جیا کردەوە کە ناوی الإلە تایبەتە بە خواوە هیچ کەسـێکی تـر بەشـدار نییـە لەگـەڵ خـوای گـەورەدا.﴿٤﴾ ﴿ مِن شَرِّ ٱلْوَسْوَاسِ ﴾ وەپەنائـەگرم لـە

شەڕی شەیتان ﴿ٱلۡخَنَّاسِ﴾ کە زیکری خوا بکەن شەیتان دیار نامێنێتو ون ئەبێت و بچوك ئەبێتـەوە، ئەگـەر زیکـری خـوا نەکـەن فـراوان ئـەبێت و گـەورە ئـەبێت وەسوەسـە دروسـت ئـەکات.﴿ٱلَّذِي يُوَسۡوِسُ فِي صُدُورِ ٱلنَّاسِ ٥﴾ ئـەو شـەیتانەی وەسوەسـە لـەدڵی مـرۆڤ دروست ئـەکات وەسوەسـەکەی بانگـت ئـەکات بـۆ گوێڕایـەڵی خـۆی بـە قسـەیەکی نهێنـی ئـەو قسەیە ئەگاتە دڵ بەبێ ئەوەی گوێت لەدەنگی بێت، پاشان خوای گەورە ڕوونی ئەکاتەوە کە ئەوانـەی وەسوەسـە دروسـت ئەکـەن دوو جـۆرن: جنۆکـە وە مـرۆڤن، ئەفـەرمووێت:﴿مِنَ ٱلۡجِنَّةِ وَٱلنَّاسِ ٦﴾ بەڵام شەیتانە جنیەکان: وەسوەسە دروست ئەکەن لە دڵی مرۆڤ، بەو شێوەیە دروستی ئەکەن وەك پێشتر باسی کرد بەڵام شەیتانی مرۆڤ: وەسوەسە دروست ئەکەن لە دڵی مرۆڤ؛ وەسوەسەکەی لە دڵی خەڵکدا واخۆی نیشان ئەدات کە ئامۆژگاری کاری بەڕەحم و سۆزە بۆی، قسەکەی لەسینگیدا جێی ئەبێتەوە لەبەر ئەوەی وەکو نەسیحەتیێ دەری ئەبڕێ، وە ووتراوە: ئیبلیس هەرخۆیەتی وەسوەسە لەدڵی ئینساندا دروست ئەکات. لە ابن عباس (ڕەزای خـوای لێبێـت)، ئەفـەرمووێ:"هیچ کەسـێ نییـە لـەدایك بێـت ئـیللا وەسواسـێك لەسـەر دڵێتی، ئەگەر دوایی ئەو کەسە کە گەورە ئەبێ زکری خوا بکا ئەو وەسوەسەیە نامێنێ، بەڵام ئەگـەر بـێ ئاگـا بـێ وەسوەسـەی بـۆ دروسـت ئـەکات"، پـەنا ئـەگرین بـەخوا لـە فڕوفێـڵ و وەسوەسەکانی شەیتان.